# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

سێشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ _ ٥ی ژووئیەی ٢٠١٦ ■ ژمارە: ٦٨٣ ■ www.kurdistanukurd.com




## پیرۆزبایی

بە بۆنەی هاتنی جێژنی رەمەزان پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە هەموو موسڵمانانی جیهان و بەتایبەتی کوردستان دەکەین. ئاواتەخوازین کە ئەم بۆنە ئاینییە ببێتە هۆی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان.

**بەرێوەبەران و کارگێڕانی رۆژنامەی «کوردستان»**

# ٢٢ی پووشپەڕ، رۆژی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە تیرۆر و سەرکوتی خەڵکی کوردستان

## بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا

هۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
خەڵکی ئازادیخوازی رۆژهەلاتی کوردستان!

٢٢ی پووشپەڕ، بیرەوەریی شەهیدکرانی رێبەری لێوەشاوەی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، د.قاسملووی مەزن، لێمان نزیک بووەتەوە. ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٢٧ ساڵ بە سەر تیرۆری د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر، لە شاری ڤییەن لە سەر مێزی وتووێژ و بە دەستی ناردراوانی رێژیمی تیرۆرو سەرکوتدا، رادەبرێ.

ئێوە خەڵکی دێموکراتپەروەر و پشتیوانانی راستەقینەی حیزبی دێموکرات و رێگا و ئامانجەکانی خەباتەکەی، لە مێژ ساڵە رۆژی شەهیدکرانی ئەم رێبەرە خۆشەویست و بە توانایەی خۆتان، کردوە بە رۆژی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە تیرۆرو سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە هۆی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. هەر بە سەرنجدان بەم هەڵوێستە گشتییە سیاسی و ئازادیخوازانەی ساڵانەی ئێوە بوو کە بەرگریکاری ناسراوی مافی مرۆڤ و تێکۆشەری بوێر و بە هەڵوێست د. محەممەد سەدیق کەبوودوەند، لە نێو بەندیخانەوە، ٢٢ی پووشپەڕی بە «رۆژی مەحکوومکردنی سەرکوت و تیرۆر لە کوردستان» ناودێر کرد.

ئەمساڵ لە کاتێک دا لە بیرەوەریی ٢٢ی پووشپەڕ نزیک دەبینەوە، کە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، بێپەروایانەتر لە هەمیشە خەریکی نواندنی دڕندەیی و نیشاندانی چنگی خوێناویی خۆیان بە خەڵکی کوردستانن. جگە لە هەڕەشەی نیزامیی ئاشکرا لە تێکۆشەران و بنکەکانی حیزبە سیاسی و خەباتکارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و هەر چی میلیتاریزە کردنی ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستان، رۆژ نیە لە ناوچەیەک و شارێک و گوندێک، تاوان نەخوڵقێنن و گیانی یەک یا چەند رۆڵەی ئەم خەڵکە نەستێنن. بەندیخانەکانیش وەک هەمیشە پڕن لە لاوانی ئازادیخوازو داواکاری مافی نەتەوەیی و ئینسانی.

ل ٣

خالید عەزیزی:

## خەباتی چەکداری رەد ناکەینەوە و وەک شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات لێی دەڕوانین



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تۆڕی جیهانیی «بی بی سی»دا خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانەدا خستە بەرباس.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە بەرنامەی « صفحه ٢»ی پێنجشەممە شەو، ٣ ی پووشپەڕی «بی بی سی»دا بەشداریی کردبوو، لە سەرەتای باسەکەی‌دا ئەوەی بیر هێنایەوە کە ئەوەندەی پێوەندی بە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانەوە هەیە، شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەر نەتەوەی کورددا سەپاوە. بەڕێزیان دوایە پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە ئێمە هیچ ئاگربەستێکمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی نەبووە و نییە.

کاک خالید عەزیزی گوتی: خەباتی چەکدارانەی ئێمە لە کوردستان خەباتی بەرگری‌یە. هۆکاریش ئەوەیە کە شەڕ بە سەر ئێمەدا سەپاوە و حزووری پێشمەرگەی ئێمە لەم ساڵانەدا هەر وەک رابردوو ئەوە بووە کە لە کوردستان حزووریان هەبێ و ئەگەر هێرشیش بکرێتە سەریان، سروشتی‌یە مافی بەرگری لە خۆیان هەیە.

بەڕێزیان بە ئاماژە بە ڕووداوی شەڕەکەی ئەم دواییانەی ناوچەی شنۆ گوتی ئێمە لەوەش‌دا پێمان وا نییە هێزەکانی کورد یان پێشمەرگەکانی کوردستان شەڕیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەست پێ کردبێ، بەڵکوو ئەوان بەرگری‌یان لە خۆیان کردووە و تێکۆشانی چەکداریی ئێمە لە کوردستان لە هەر حاڵەتێک‌دا، هەر پێناسەی بەرگریی هەیە.

کاک خالید گوتی: ئێمە لە حیزبی دێموکرات خەباتی چەکدارانەمان رەد نەکردۆتەوە. وەک شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات لێی دەڕوانین. خەباتی سیاسی، تەشکیلاتی، دیپلۆماسی، مێدیایی و خەباتی مەدەنی لە ناوخۆ و لە داهاتووش‌دا خەباتی چەکداری دەتوانێ یەکێک لە رێگا چارەسەری‌یەکان بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی بەڕێوەبەری بەرنامەکەدا لە پێوەندی لەگەڵ ماهییەتی سیاسەتی حدک و حدکا لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداری‌دا گوتی: لە بنەما و ستراتیژی‌دا، جیاوازی‌یەک لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا نییە ...

ل٢

## بەشداری لە کۆبوونەوەی رێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵ



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی رێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵدا بەشداری کرد کە لە وڵاتی سوئیس و لە شاری ژنێڤ گیرا.

رۆژی هەینی و شەممە، ١١و ١٢ی پووشپەڕ لە بنکەی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێڤ کۆبونەوەی شووڕای ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست بە بەشداریی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو...

ل٢

## حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی هەڕەشەکانی سپای پاسدارانی دایەوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەکانی پاسدار حوسێن سەلامی، جێگری فەرماندەی سپای پاسدارانی مەحکوم کرد.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو بەیاننامەیەدا دەڵێ ئێمە بە توندی ئەو هەڕەشە نابەجێ‌یانە رەت دەکەینەوە و بە هەڵوێستێکی نەگونجاوی دەبینین لەگەڵ پەیوەندیی لەمێژینە و دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەو بەیاننامەدا هاتووە کە ئەو هەڕەشەیە بە تەواوی پێچەوانەی سروشتی ئەو وتووێژانە بووە کە لەنێوان هەردوولامان‌دا هەبووە و بە هیچ شێوەیەک ئەو هەڕەشانە خزمەتی پەیوەندییەکانمان ناکەن و نابێ بە هیچ شێوەیەک ئەو زمانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەکار بهێندرێ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە پاسدار حوسێن سەلامی، جێگری فەرماندەی سپای پاسداران هەڕەشەی ئەوەی لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کرد کە پێبەندی بەڵێنەکانیان بن و رایگەیاند: هەر شوێنێک کە سەرچاوەی مەترسی بێ بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، بەبێ هیچ دوودڵی‌یەک خاپووری دەکەین.

### گەندەڵیی هەوسارپچڕاو

ئەیوب شەهابی ڕاد

ماوەیەکە بابەتی مووچەی نجومی هەندێک لە بەرێوەبەرە پلەبەرز و مام ناوەندەکانی دامودەزگای حکوومەتی و هەروەها هەندێک کارگێڕ و ئەندامانی هەیئەتە بەرێوەبەری‌یەکانی کەرتی دارایی و بانکی و بیمە و،...

ل٥

### بریتانیا، بەرەو کوێ؟

سۆران عەلیپوور

خەڵکی بریتانیا لە راپرسیەکی مێژوویی و کەموێنەدا، بە زۆرینەیەکی لاواز دەنگیان بە هاتنەدەری وڵاتەکەیان لە یەکیەتیی ئورووپا دا ...

ل٦

### شیمیایی بارانی سەردەشت و کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی

عومەر باڵەکی

٧ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشتە کە بە هۆی فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق خەڵکی بێ‌دیفاعی ئەو شارە لە چوار نوختە و شوێنی شارەوە بۆمبارانی شیمیایی کران ...

ل٧

### خۆڵبارین لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کەمتەرخەمیی دەسەڵات

تەها رەحیمی

یەکەم خەونی مرۆڤ سەرکەوتن بەسەر ئەو دیاردە سرووشتییانەدا بوو، کە بۆ ماوەیەکی نادیار ئەو گیانلەبەرە ئاوزمەندەیان دە قوژبنی ئەشکەوتان خزاند ...

ل٨

## خالید عەزیزی:
## خەباتی چەکداری رەد ناکەینەوە و وەک شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات لێی دەڕوانین

کاک خالید هەر لە درێژەی ئەو باسەدا بە ئاماژە بە حزووری بەردەوامی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستان لە ساڵانی ڕابردووش‌دا گوتی: بوونی ئێمە لە رابردوو و داهاتوودا لە کوردستان، راست پێڕەوی ئەو سیاسەتە بنەڕەتی‌یەی حیزبی ئێمەیە کە ئەویٚ کوردستانی ئێرانە و ئەوە مافی سەرەتایی پێشمەرگەیە کە بە شێوەی چەکدارانە لەویٚ حزووری هەبیٚ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ باسی رووخان و رووخاندنی کۆماری ئیسلامی کە لەو ماوەیەدا لە زمان سکرتێری حیزبەوە چەند جارێک هاتوتە گۆڕیٚ، گوتی: سیاسەتی لابردن و روخاندنی کۆماری ئیسلامی پێوەندی بە سیاسەتی گشتی و کۆی خەباتی سەرانسەریی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام خەباتی خەڵکی کوردستان هەمیشە بە دوای خواست و داواکانی خۆی‌دا بووە و ئێستاش هەر وایە.

کاک خالید پێی لەسەر ئەوە داگرت کە جەوهەری خەباتی خەڵکی کوردستان بەردەوام بەو ئاراستەیەدا بووە کە چۆن سەرنجی دەوڵەتی ناوەندی یان کۆماری ئیسلامی بۆ لای ماف و داخوازی‌یەکانی خەڵکی کوردستان رابکێشیٚ.

بەڕێزیان لە درێژەدا گوتی: ئێمە لە دۆخێکی وادا نین کە بزووتنەوەی کوردستان وەک بزووتنەوەیەک کە بۆ روخاندنی دەوڵەتی تاران یا ناوەند یان کۆماری ئیسلامی خەبات دەکا، پێناسە بکەین. روخاندنی رێژیم پێوەندی بە سیاسەتی گشتی و گۆڕەپانی خەبات لە سەراسەری ئێران هەیە و شتێک نییە کە تەنیا پێوەندیی بە کوردستانەوە هەبیٚ.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە وڵامەکانی‌دا گوتی: لە هیچ بەشێکی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات‌دا نەهاتووە کە حیزبی ئێمە بۆ روخاندنی رێژیمی ناوەندی خەبات دەکا. تەنانەت دوکتور قاسملووش هەر ئەو پێناسەیەی لە خەباتی کوردستان هەبوو کە سەرنجی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ ماف و داواکانی خەڵکی کوردستان رابکێشیٚ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی «وتوویژ»دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بەدەر لە هەلومەرجی دەسەڵاتی ناوەندی، زۆر سروشتی‌یە کە بزووتنەوەیەکی وەک بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات هیچکات پێشنیاری دانوستان و وتوویژ لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە رەد نەکەنەوە.

بەڕیزیان گوتی: دانوستان‌و وتوویژ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەند زۆر سروشتی‌یە، بەڵام ئەوە تیکنیکی وتوویژ و دەستووری کاری وتوویژ و لایەنەکان و ئامانجەکانی وتوویژە کە لە هەر دانوستانێکدا گرینگن.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشە لە قسەکانی‌دا ئەوەشی گوت کە پێم وایە لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی‌دا نییە کە کێشەی کوردستان لە رێگای وتوویژ و بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکا. بەڵام لە داهاتووش‌دا هەر کات پێشنیاری وتوویژی لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان هێنایە ئاراوە، حیزبەکان دەبیٚ دەستووری کاریان بۆی هەبیٚ و بە جۆرێک کە یەکگرتوویییەکی رێژەیی لە نێوانیاندا هەبیٚ، دەتوانن لە سەر خواستەکانی خەڵکی کوردستان و دێموکراسی لە ئێران، دانوستان بکەن بە گۆڕەپانێک بۆ خستنە ژێر پرسیاری کۆماری ئیسلامی.

شایانی باسە لەو بەرنامەیەدا جگە لە خالید عەزیزی؛ حەسەن شەڕەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حدکا؛ هێمن سەیدی، کامران مەتین و سەعید بەرزین وەک چاوەدێری سیاسی بەشداربوون و لە روانگەی خۆیانەوە تاوتوێی مژاری بەرنامەکەیان کرد.

## سکرتێری گشتیی (حدک) لەگەڵ کیرستن سێنێما، نوێنەری کۆنگرەی ئەمریکا چاوپێکەوتنی کرد



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە مەبەستی چەند دیداری سیاسی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردوە، لەگەڵ کۆنگرێسمەن، کیرستن سێنێما، دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە رۆژی چوارشەممە،٩ی پووشپەڕ لە نووسینگەی بەڕێز کیرستن سێنێما کرا، سەرەتا کاک خالید باسێکی پوختی لەسەر پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بارودۆخی نێوخۆیی ئێران کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی‌دا باسی لە پێویستیی یارمەتیدان و هاریکاریی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئێران بۆ پەرەپێدانی خەباتی مەدەنی لە وڵاتدا کرد. کاک خالید پێی لەسەر گرینگیی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتدا داگرت و تیشکی خستە سەر ئەوەی کە حیزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە نێوخۆی وڵات ئەگەر پشتیوانییان لیٚبکریٚ، دەتوانن چۆک بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دابدەن.

دەوری کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەکانی ناوچە و جیهان تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوو. کاک خالید لەو بەشەدا پێداگر بوو کە ئێران ناتوانیٚ بەشێک لە چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی ناوچە و جیهان بیٚ، چونکی بۆ خۆی لە دروستبوونی ئەو کێشانەدا رۆڵی سەرەکیی بووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا داوای لە کیرستن سێنێما، ئەندامی کۆنگرەی ئەمریکا کرد کە فشارەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاد بکەن تا ئەو رێژیمە بەپێی قانوونە بنەڕەتییەکانی وڵاتیش بیٚ، ماف و ئازادییەکانی خەڵک دابین بکا. لەو بەشەدا کاک خالید عەزیزی ئاماژەی بە پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینیەکان کرد کە سەرەڕای ئەوەی مافەکانیان لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا دانی پێدانراوە، بەڵام لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرکوت دەکرێن.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بۆ باس لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەمبەر ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران و ناوچەی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست تەرخان کرابوو.

لەو دیدارەدا کیرستن سێنێما، ئەندامی کۆنگرەی ئەمریکا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارەدا سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە هاوکێشەکانی ئێران و ناوچەدا بە باش و دروست هەڵسەنگاند و پشتگیریی خۆی بۆ دۆزی کورد لە ئێران و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان راگەیاند.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی رێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵ

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی رێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵ‌دا بەشداری کرد کە لە وڵاتی سوئیس و لە شاری ژنێڤ گیرا.

رۆژی هەینی و شەممە، ١١و ١٢ی پووشپەڕ لە بنکەی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێف کۆبونەوەی شووڕای ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست بە بەشداریی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەو کۆبوونەوەیە بە قسەکانی جۆرج پاپاندرۆ، سەرۆکی رێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵ و بە ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یادی قوربانیانی تێرۆر دەستی پیٚکرد.

پاپاندرۆ لە قسەکانی‌دا باسێکی کورتی لە چوونە دەری بریتانیا لە یەکیەتیی ئوورووپا کرد و گوتی لە دنیایەکدا کە رۆژ بەرۆژ بە جیهانی‌تر دەبیٚ، وڵاتانێک هەن کە چیدی نایانهەویٚ قورسایی و بەرپرسایەتیی زیاتر بخەنە سەر شانیان و ئەوەش دژایەتیی هەیە لەگەڵ بیرۆکەی رێکخراوەکانی وەک سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵ کە تێیدا هەموو جیهانی بیر دەکەینەوە و لە کردوەش‌دا لە کاتی پێویستدا دەتوانی جیهانی یان ناوچەییش هەڵوێست بگریٚ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا لویس ئەیالا، سکرتێری ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست ئاماژەیەکی کورتی بە بارودۆخی حیزبەکانی ئەندام لە سۆسیالیست ئەنترناسیونال کرد و قسەکانی لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئابووریی دنیا و هەروەها تێکچونی ژینگە درێژە دا و گوتی راوەستەکردن لە سەر نابەرابەری یەکێک لە گرینگترین باسەکانی کاری ئێمە لە ساڵانی رابردوودا بووە.

لە برگەیەکی دیکەی کۆبوونەوکەدا مایکل مولێر، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە گرینگی دەوری رێکخراوە نێودەوڵەتی‌یەکان کرد و گوتی بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی گەشەی پایدار وەک دەزانن دەبی هەر سیٚ خالی ئاشتی، گەشە و مافی مرۆڤ وەک یەک بایەخی پیٚبدریٚ و هەموومان ئەرکدارین و دەبیٚ دەوری خۆمان بگێرین.

لەو بەشە لە باسەکانی کاری کۆبوونەوکەدا نوێنەرانی حیزبە کوردی‌یەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە، وەک؛ کاک مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ کاک سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان؛ کاک هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کودستان؛ کاک سالح موسلم، هاوسەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک پ.ی.د؛ کاک عەبدولحەمید دەروێش، سکرتێری پارتی پێشرەوی کورد لە سوریە و، کاک بابان ئەلیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسەیان کرد.

کاک مستەفا شەلماشی لە باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر پرسی کورد لە ئێران و ناوچە و گوتی کورد تەنیا هێزێکی نیزامی لە مەیدانی شەر دژی تیرۆریزمە و، لە راستی‌دا خەریکە لە هەمووان بەرگری دەکا و، لەو پێوەندیەدا داوای پشتیوانی بۆ کورد کرد.

بەڕێزان لەپیوەندی لەگەل پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، هەروەها سەرکوت و لەسێدارەدانی زیندانیان سیاسی لەو وڵاتە و؛ نەبوونی هیچ ئازادییەک لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران‌دا قسەی کرد و دۆخی محەمەمەد سەدیق کەبودوەندی بە نموونە هێنایەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ پرسی وتوێژ و داواکردنی مافەکانی کورد ئاماژەی بە تێرۆری دوکتور قاسملوو کرد و داوای پشتیوانی لە سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵ کرد بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی دوکتور قاسملوو.

جێی باسە کە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەراوێزی کۆبوونەوەکان‌دا لەگەڵ زۆر لە نوێنەرانی حیزبە سیاسیەکانی بەشدار و هەروەها کاربەدەستانی حکومەتیی وڵاتان دیدار و چاوپێکەوتنی کرد.

جێگای ئاماژەیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن شاندی حیزبەوە مێزێکی تایبەت بەنوسراوە و پەیام و وێنەی زیندانیانی سیاسی و ئیعدامکراو و کۆڵبەرانی کورد ئامادە کرابوو.

شاندی حیزب لەو کۆبوونەوەیە لە کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، گوڵاڵە شەرەفکەندی و مەولوود سوارە ئەندامانی رێبەریی حیزب و بە هاوڕییەتی زاهید شاعیری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە سویس، خەسرەو مستەفانەژاد، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سویس، رێبوار مووسەوی بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلات (سویس)، خاتوو پەروین شەکوری بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان (سویس) و خاتوو سانا فەتحی، پێکهاتبوو.

## کۆبوونەوەی هەیئەتێکی حدک لەگەڵ پارتی « نیئوس»ی ئوتریش بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو

پێوەندییەکانی کۆمیتەی ئوتریشی حدک لەگەڵ پارتی « نیئوس»ی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە و لە دانیشتنەدا بارودۆخی کورد لە ئێران تاوتویٚ کرا.

هەیئەتێکی کومیتەی ئوتریشی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە دکتور عەلی مازووجی، بەپرسی بەشی پەیوەندییەکان و بەهار هەمزەنژاد، بە مەبەستی باس لە سەر هەلومەرجی ئیستای کوردستان و ئێران، سەردانی پارتی «نیئوس»ی ئوتریش‌یان کرد و لەلایەن "رۆمان پابل"، ئەندام پارلەمان لە سەر لیستی ئەو پارتە پێشوازییان لێکرا.

هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو دانیشتنەدا وێڕای باس لە دۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان داوای رۆمان پابل کرد کە حیزبەکەی هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و عەبدووڵا قادری ئازەر بکا.

رۆمان پابل لەو دانیشتنەدا بە شاندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی راگەیاند کە ئەو بابەتە لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی رێبەریی حیزبەکەی دەخاتە بەرباس و وەڵامی پێویست بەو داوایە دەدەنەوە.

ناوبراو وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لەو دیدارە، پشتگیری حیزبەکەی بۆ داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە ئێران دووپات کردوەوە و ئامادەیی حیزبەکەی بۆ هەموو چەشنە هاوکاری و پشتگیرییەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش راگەیاند.

## لە حەوتووی رابردوودا ١٣ کەس لە کوردستان دسبەسەر کراون



لە حەوتووی رابردوودا و لە پێنج شاری مەهاباد، بۆکان، شنۆ، سەقز و سەردەشت هەر نەبیٚ ١٣ چالاکی کورد لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانەوە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی‌و ئەمنیەتی بە دژی کۆماری ئیسلامی، دەستبەسەر کراون.

بەپێی راپۆرتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان لە نیوەشەوەی ١٠ی پووشپەڕدا هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد پێنج کەسی خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەسبەسەر کردوە.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کۆمەڵێک لاو بە تۆمەتی "لایەنگەری لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران" دەستبەسەر کراون و لە ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباددا راگیراون.

هەروەها لە شاری بۆکانیش هەر هەمان رۆژ هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات لاوێکی تەمەن ٣١ ساڵەیان دەسبەسەرکردوە.

هێزە ئەمنییەکان سەرەڕای پشکنینی ماڵی دەسبەسەرکراوەکان، هێندێک کەرەسەی شەخسی ئەوانیان وەک لەبتاب، دەفتەری یادداشت و موبایلەکەیان لەگەڵ خۆیان بردوە.

## به بەشداریی نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵی ژنان بەڕێوە چوو

کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵی ژنان لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو، لەو کۆبوونەوەیەدا خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی، نوێنەرایەتیی هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە رۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ٨و ٩ی پووشپەڕ لە شاری ژنێڤ، پێتەختی سویس گیرا، بابەتی دابەشکردنی بودجە بە لەبەرچاوگرتنی پرسی یەکسانیی رەگەزی لە کۆمەلگادا تاوتویٚ کرا.

مەبەست لەو کۆبوونەوەیە بەرنامە دارشتن بۆ چۆنیەتیی دابەشکردنی بودجە بۆ باشترکردنی ژیانی ژنان و بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ هەژاریی بوو.

لە ماوەی دوو رۆژ کاری ئەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی بەشداربوو کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە هاتبوون، باسی جۆراجۆریان لەو پێوەندییەدا پێشکەش کرد و نوێنەرانی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانیش وێڕای بەشدارییان لە باس و خواسەکانی کۆبوونەوەکانی ئەو دوو رۆژەدا، چەندین باسی گرینگی تایبەت بە ژنانی کوردیان هێنایە بەر باس.

هەژاریی ژنان؛ دیاردەی رێگری لە خوێندن و هەوڵ بۆ زوو بەمێردانی کچانی ژێر ١٣ ساڵ؛ لایحەی هاوسەرگیری باوک لەگەڵ کچی ١٣ ساڵەی خۆی کە وەک منداڵی خۆی بەخێوی کردووە و سەرپەرەستیی کردوە، کە لە



مەجلیسی ئێران بە بیانووی گرفتی نامەحرەم بوون ماوەیەک لەمەوبەر پەسند کرا؛ مەترسی توندوئاژۆیی ئیسلامی لە سەر ژنانی کورد؛ ئاگر تێبەردانی ١٩ ژنی ئێزەدی لە لایەن داعش لە موسڵ کە لە بەر چاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سووتێندران؛ ژنانی پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات و دیفاع لە خاک ومافەکانیان؛ هەڵاتن لە بەدیل گیران و ئاوارەیی بەرەو تاراوگە و چارەنووسی نادیار، زەرورەتی پشتگیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ژنی کورد، راوەستان بەدژی داعش و رێژیمی ئێران و توندئاژۆیی ئایینی چەند تەورێک لە باسەکانی هەیئەتی یەکیەتیی ژنان لەو کۆبوونەوەیە بوون.

شایانی باسە لە کۆبوونەوەیەدا گوڵاڵە شەرەفکەندی، پەروین شەکوری و شادی ویجدانی بە نوێنەرایەتیی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بەشدار بوون.

درێژەی

# بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەمێژ ساڵە هەڵگر و بڵاوکەرەوەی ئەم پەیامەیە کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ هەموو شێوەکانی خەبات و هەر چی دەرفەتە، بۆ راگەیاندنی ویستی مافخوازانە و داخوازە نەتەوەییەکانی خۆیان، بە کار بێنن. لەم راستایە دا هەموو کات لە سەر دروشم و سیاسەتی رۆژهەڵاتتەوەرانە پێداگر بووین و پێمان وابووە، دەبێ بە شێوەی جۆراوجۆر بەرامبەر کپکردنی دەنگی حەقخوازیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵی بایکۆتکردنی پرسی رەوای کورد لە ئێران، بوەستینەوە. حیزبی ئێمە هەر لەو راستایەدا، لە لایەکەوە رچەشکێنی لێک گرێدانەوە و پێگ گەیاندنەوەی خەڵک و پێشمەرگە بووە و پشتیوانیی ئەوان لە یەکتری بە مەرجی بووژانەوەی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێرانە لەو بەشەی کوردستان زانیوە. لە لایەکی دیکە هاندەر و پشتیوانی خەڵکەکەمان بووین بۆ ئەوەی بە سوودوەرگرتن لە شێوازی هێمنانە و مەدەنی، هەڵوێستی سیاسی و پەیامی نەتەوەیی خۆیان بە بەڕێوەبەرانی رێژیمی سەرکوتکەر و دژە کوردی کۆماری ئیسلامی، نیشان بدەن.

خەڵکی بێزار لە بێمافی و بندەستی!

ئەوینداران و هۆگرانی ئامانجەکانی د.قاسملوو!

بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خۆتان و بۆ بەرپەرچدانەوەی ستەم و دەستدرێژی بۆ سەر کەرامەت و گیانی رۆڵەکانتان، پێویستە بۆ خۆشتان راستەوخۆ لە نێو مەیدانی بەربەرەکانی دابن. راوەستانی خەڵکی ئاواییەکانی گوێزیلێ، بێوران و بێژوێ بەرامبەر هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەک حەوتووی رابردوودا، هەر وەک تەمبێکردنی مۆرە تاوانکار و تاوانبارە بەدناوەکانی دەزگای سەرکوت و جاسووسیی ئەو رێژیمە، لە چەشنی حوزووری وشیارانەتان لە کەشوهەوای سیاسیی نێوخۆی وڵات و قوزتنەوەی دەرفەتەکان بۆ لەقاودانی بێمافییەکانتان، هەر وەک پشتیوانی و پێشوازیتان لە هاوڕێیانی پێشمەرگەمان لە چەند ساڵی رابردوودا، جێگای تەئید و پشتیوانی و خۆشحاڵیی ئێمەیە. لە بیرمان بێ د.قاسملووی رێبەرمان لە کاتێک دا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی بە هەزاران پێشمەرگەوە رێبەری دەکرد، لە گرنگیی شێوازەکانی دیکەی خەبات غافڵ نەبوو و بەردەوام داوای لە خەڵک دەکرد بۆ داواکردنی مافەکانیان و بەرپەرچدانەوەی ستەم و زۆرداری و دەستدرێژی دەسەڵاتداران، بۆ خۆشیان پێویستە راستەوخۆ لە مەیدان دابن. رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، دەرفەتێکی دووبارەیە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بێزاریی خۆتان لە ٤ دەیە تیرۆری سیاسی و کوشتاری رۆڵەکانتان بە هۆی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنەوە. لە لایەکی دیکە هاوپێوەندی و هاودەنگیی خۆتان لە گەڵ رێگا و ئامانجەکانی ئەو رێبەرە شەهیدە و بەردەوامیتان لە سەر داواکردنی مافە نەتەوەییەکانتان، دووپات بکەنەوە.

لەم پێوەندییە دا داواکارین:

١- بە مانگرتنی گشتی، بایکۆت کردنی بازاڕو مەیدان و شوێنە گشتییەکان لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، نارەزایی گشتیی خۆتان لە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی و تیرۆرو کوشتاری ئازادیخوازان، نیشان بدەنەوە.

٢- لە رۆژانی پێش ٢٢ی پووشپەڕ و لەو رۆژەشدا، بە بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی سروود و دروشمی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی و بایەخدان بە هێماکانی کۆڵنەدان و خۆڕاگری، بە زەوتکەران و پێشێلکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، بسەلمێننەوە کە تیرۆری رێبەران و شەهید کردنی تێکۆشەران و نزیک بە ٤ دەیە سەرکوت و وێرانی و گرتن و ئێعدام، خەڵکی کوردستان بە چۆک دا ناهێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٢٠١٦/٧/٤
١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥

# ژیانی پڕ لە ئازار و بەرەنگاری

## شەڕ و تێکهەڵچوونی خەڵکی گوندی گوێزلێ لە کاردانەوە بە کوژرانی دوو کاسبکاری ئەو گوندە



خەڵکی گوندی گوێزلێ لە کاردانەوە بە کوژرانی دوو کاسبکاری ئەو گوندە بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵیان تێکهەڵچوون.

کوژرانی دوو برا بە ناوەکانی رەئوفو لەتیف عەلیخانی بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کاردانەوەی خەڵکی گوندی گوێزلێی بە دووی خۆیدا هێنا.

لە درێژەی فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان رۆژی پێنجشەممە،١٠ی پوشپەر بە بڕیاری بەرپرسی سوپای پاسداران لە سەردەشت هێزێکی زۆر دەچنە سەر گوندی گۆیزیلێ. هێزەکانی سپای پاسداران خەڵکی گوندەکە بە زەبری چەک بۆ گوندی بێژوێ رادەگوێزن، بەڵام چەند کەس لە بنەماڵەی عەلیخانی کە دوو رۆڵەیان بە ناحەق بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرابوون، لەبەرامبەر ئەو بڕیارەی هێزەکانی رێژیمدا دەوەستنو بە چەک بەرگری لە خۆیانو گوندەکەیان دەکەن.

بەپێی هەواڵی پەیامنێری کوردستانو کورد تەقەیەکی زۆر لە نێوان هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیو ئەو پۆلە لاوەی خەڵکی گوندی گوێزلێ کراوەو چەند کەس لە هێزەکانی رێژیم لەو تێکهەڵچوونەدا بریندار بوون.

هەروەها چەند کەسیش لە خەڵکی ئاوایی دەسبەسەر بوون کە ناونیشانی چەند کەسیان بە ناوەکانی ئەبوبەکر عەلیخانی، ناسێح عەلیخانی و عومەر عەبدووڵڵا پوور زاندراوە.

شایانی باسە لە ئێستادا ناوچەی ئالان بە توندی لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە گەمارۆ دراوەو کێسەکە هەروا بەردەوامە.

## کاسبکارانی بێوران بە یەکگرتوویی بارەکانیان لەدەست هێزەکانی رێژیم ئەستاندەوە

دوای ئەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی "بێورانی خواریێ" دەست بەسەر باری کۆمەڵێک کۆڵبەرو کاسبکاری ئەو گوندە دادەگرن، خەڵکی ئاوایی پەلاماری پایەگای کێلێ دەدەن.

رۆژی پێنجشەممە، ١٠ ی پووشپەڕ هێزە چەکدارەکانی رێژیم لە پایەگای کێلێ لە سەردەشت تەقە لە پۆلێک کۆڵبەر دەکەن و ویڕای دەسبەسەرکردنیان، دەست بە سەر بارەکانیشیان دادەگرن. دوای ئەو رووداوە خەڵکی گوندی بێورانی خواریێ بە کۆمەڵ پەلاماری پایەگای کێلێ دەدەن و گیراوان و کەلوپەلەکانیان ئازاد دەکەن.

بەپێی راپۆرتی پەیامنێری کوردستان و کورد دوای ئەوەی تێکڕای خەڵک بۆ رزگارکردنی گیراوان و بارەکانیان بەرەوە پایەگای "کێلێ" وەڕێ دەکەون، داوا لە هێزە چەکدارەکانی رێژیم دەکەن کۆڵبەران و بارەکانیان ئازاد بکەن، بەڵام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەرژێنە سەریان و هەوڵ دەدەن بە هەڕەشەکردن بڵاوەیان پێبکەن، کەچی خەڵکەکە هەر سوور دەبن لەسەر داوای خۆیان و لە ئاکامدا شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێوان خەڵک و هێزەکانی رێژیم دێتە ئاراوە.

لەو تێکهەڵچوونەدا هێزەکانی رێژیم دەست دەکەن بە تەقەی هەوایی و خەڵکی گوندی "بێوران"یش بێ ترس هەڵدەکوتنە سەر پایەگایەکە و بە بڕینی بەربەست و تێلدڕووی پایەگا، خۆیان دەگەیەننە نێو پایەگا و لێدانێکی باش لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەدەن و کۆڵبەرەکان ئازاد دەکەن و بە چەند ماشێن بارەکان لەنێو پایەگاوە رادەگوازن و دەگەڕێنەوە گوندی «بێوران».

# ئەستاندنەوەی مافی هاووڵاتیبوونی ٨ شیعەی دیکە لە بەحرەین بە تاوانی سیخوڕی کردن بۆ ئێران

دادگایەک لە وڵاتی بەحرەین بە تاوانی سیخوڕی کردن بۆ ئێران، مافی هاووڵاتیبوونی لە ٨ شیعەی ئەم وڵاتە زەوت کرد. ٦ کەس لەم شیعانە حوکمی زیندانی تاهەتایشیان بۆ بڕدراوە.

بەحرەین هەروەها نزیکەی ١٠ رۆژ لەمەوبەریش مافی هاووڵاتیبوونی عیسا قاسم، رێبەری شیعەکانی ئەم وڵاتەشی، بە تاوانی "تاقم گەرایی و پەرە پێدانی توندوتیژی" هەڵوەشاندبۆوە، بەڵام ئەم هەوڵەی دەوڵەتی بەحرەین کاردانەوەی توندی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی فەرانسە دادگای بەحرەین جگە لە هەڵوەشاندنەوەی هاووڵاتیی بوونی ئەم ٨ کەسە، ٦ کەس لەوانی بە زیندانی تاهەتایی و ٢ کەسی دیکەشیانی بە ١٥ ساڵ زیندان مەحکووم کردووە.

ئەم راپۆرتە لە زمان یەکێک لە سەرچاوە قەزاییەکانی بەحرەین نووسیویەتی ئەم کەسانە جگە لە سیخوڕی کردن بۆ ئێران، بە هۆی "پەیوەست بوون بە گرووپە تێرۆریستییەکان، هەڵگرتنی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و تێپەڕاندنی خولی راهێنان بۆ چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەم چەک و چۆڵانە" ئەم حوکمانەیان بەسەردا سەپاوە.

بەحرەین ساڵانێکی زۆرە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەوڵدان بۆ شێواندنی ئەمنیەتی ئەم وڵاتە لە رێگەی پشتیوانی کردن نیزامی و ماڵی لە شیعەکانی بەحرەین تاوانبار دەکا. لەم ماوەیەدا، بە دەیان هاووڵاتیی



شیعەی ئەم وڵاتە بە تاوانی هەوڵی تێرۆریستی بە پاڵپشتیی سپای قودسی کۆماری ئیسلامی، دەستبەسەر و دادگایی کراون.

نوێنەری پارلمانی ئوروپا:

## جیا بوونەوەی بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپا بە زەرەری ئێران دەبێ

فیلیپ جوون، نوێنەری پارلمانی ئورووپا و ئەندامی گرووپی پێوەندییەکان لەگەڵ ئێران جیابوونەوەی بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپای بە زیانی ئێران زانی.

ناوبراو کە ئەندامی گرووپی پارلمانی «حیزبی خەڵکی ئورووپا»یە لە وەڵامی پرسیاری یورۆنیووز لە بارەی پەیامی توییتێری حەمید ئەبووتالیبی دا گوتی: ئێران بە سەرنجدان بە رێککەوتن و دانوستانی ئەم دواییانە لەگەڵ ئورووپا، پێوستیی بە سەقامگیریی لایەنی بەرامبەری خۆی لە دانوستان‌دا هەیە. چوونە دەرەوەی بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپاش بارودۆخەکە ناسەقامگیر دەکا و، ئەم بابەتەش بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی درێژەدانی دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئورووپادا نییە.

رۆژی هەینیی پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەنگی "بەڵێ"ی بریتانییەکان بە جیابوونەوە لە یەکەیتیی ئورووپا، حەمید ئەبووتالیبی دیپلۆماتی ئێران و جێگری سیاسیی دەفتەری حەسەن روحانی سەرکۆماری ئێران لە چەند پەیامی توییتێری‌دا، پێشوازیی لەم مەسەلە کرد.

ئەبووتالیبی چوونە دەرەوەی بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپای بۆ ئێران بە هەلێکی مێژوویی نابردو و دەڵێ ئێران دەبێ بەباشی ئەم هەلە بقۆزێتەوە.




## رادەستکرانی٥٠ پرۆژەی ئابووریی دەوڵەت بە قەرارگای خاتەمولئەنبیا



دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران لە بابەت رادەستکردنی ٥٠ پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە بە قەرارگای خاتەمولئەنبیا لەگەڵ یەکتر رێککەوتن.

سالار ئابنووش، جێگری قەرارگای سازەندەگیی خاتەمولئەنبیا باسی لە رێککەوتنی دەوڵەت و قەرارگای خاتەمولئەنبیا بۆ رادەستکردنی ٥٠ پرۆژەی زەبەلاحی ئاوەدانکردنەوە بەم ناوەندەی سەر بە سپای پاسداران کرد و گوتی: جەهانگیری جێگری سەرکۆمار بڕیاری دروستکردنی ئەم پرۆژانەی بۆ ئەمساڵ بە سپای پاسداران داوە.

پێشتریش فەرماندەی قەرارگای خاتەم باسی لە رێککەوتنی دەوڵەت و سپای پاسداران بۆ جێبەجێکردنی ٤٠ پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە کردبوو و گوتبووی ئەم پرۆژانە پێوەندیان بە بەشەکانی ئاو، هێڵی ئاسنەڕێ، رێگەوبان، پیشەسازی و کانزاوە هەیە.

عیبادووڵڵا عەبدوڵڵاهی رێکەوتی ٦ی جۆزەردانی ٩٥ بە کاناڵی ٥ی تەلەڤیزیۆنی ئێرانی گووتبوو ئەم قەرارگایە ١٠ پرۆژەی گەورەی ئاوەدانکردنەوەی دەستنیشان کردوە کە بە نیوەچڵی ماوەتەوە، بە قسەی ناوبراو دانووستانەکان لە بابەت وەرگرتنی ئەم پرۆژانەش تەواو بوون و بە ئاکام گەیشتوون.

قەرارگای خاتەمولئەنبیای سەر بە سپای پاسداران یەکێک لە گەورەترین کارتێلە ئابوورییەکانی ئێرانە کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا بەشێکی زۆری لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە ئێران پاوان کردوە.

حەسەن روحانی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٩٢دا داوای چوونە دەرەوەی هێزە نیزامییەکانی لە بازنەی ئابووری‌دا دەکرد، دوای هەڵبژێرانی بە سەرکۆماری ئەو قسەیەشی لە بیر خۆی بردەوە و نەیتوانی لە بەرامبەر سپای پاسداران و قەرارگای خاتەمولئەنبیادا رابوەستێ.

## داهاتی نەوتی ئێران لە چاو چوار ساڵ لەوە پێش چوار هێندە لە کەمی داوە

رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت، ئۆپێک لە نوێترین راپۆرتی ساڵانەی خۆی‌دا دەڵێ: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ دا لە بابەت فرۆشی نەوت تەنیا ٢٧ میلیارد و ٣٠٨ میلیۆن دۆلاری داهات بووە.

ئێران ساڵی ٢٠١٤ نیزیک ٥٣ میلیارد و ٥٦٢ میلیۆن دۆلار داهاتی بووە و داهاتەکەی لە ساڵی ٢٠١١ دا و پێش گەمارۆکان ١١٤ میلیاردو ٧٥١ میلیۆن دۆلار بووە.



زانیارییەکانی ئۆپێک باس لەوە دەکەن کە داهاتی نەوتی ئێران لەچاو ساڵانی پێش گەمارۆکان چوار هێندە لە کەمی داوە.

لەو راپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لەگەڵ ئەوەدا ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی ئێران لەو ماوەیەدا زۆری کردوە، بەڵام دابەزینی نرخی نەوت لە ١٠٨ دۆلار لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ خوار ٤٠ دۆلار لە ساڵی ٢٠١٥دا هۆی کەمیی داهاتی نەوتی ئێران بووە.

**لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهید کرانی رێبەری گەورەمان د. قاسملوودا دەکرێ لە رەهەندی جۆراوجۆرەوە لە کەسایەتیی و رۆڵی دوکتور قاسملوو بڕوانین. لەم نێوەدا پرسیارێک کە دەکرێ بێتەئارا ئەوەیە کە : چۆنیەتی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ د. قاسملوو دەبێ چۆن بێ؟ ئایا دەبێ تەنیا بە شێوەی عاتفی و رۆمانتیک مامەڵەی لەگەڵ بکەین یان پێویستە کە مامەڵەیەکی ئەکتیڤ و ئاوێتە لەگەڵ بیری رەخنەیی‌مان لەگەڵیان هەبێ؟ د. قاسملوو کاریزما و سەمبولێکی ئێمەیە و ئاشکرایە کە سەمبولسازی لە پرۆسەی خەباتدا پێویستە؛ سەمبولەکان دەتوانن رۆڵی کاتالیزۆریان لە رەوتی خەباتدا هەبێ. لە بنەڕەتدا سنووری نێوان سەمبول و پێویستی(ی سەمبول) لە رەوتی خەباتدا لەگەڵ کەڵک وەرگرتنی ئامرازی لەم کەسایەتی‌یانە چیە؟**

### د. هاشم ئەحمەدزادە؛ مامۆستای زانکۆ:

١. ئەگەر کەسایەتیی کاریزماتیک بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی بتوانێت کۆمەڵێک مرۆڤی کۆمەڵگە یاخود حیزبێکی دیاریکراو بکاتە رێڕەو و لایەنگری چالاکی بیر و باوەڕەکانی، ئەوە بێ هیچ شکێک دوکتۆر قاسملوو کەسایەتی‌یەکی لەم چەشنە بووە. ئەگەر کارتێکەریی و ناوبانگی کەسایەتی‌یەک سنوورەکانی حیزبێکی دیاریکراو دەرباز بکا و ببێ بە خاڵی هاوبەشی هاوار و ئاواتی جەماوەرێکی بەربڵاو، هەمدیسان دوکتۆر قاسملوو کەسایەتی‌یەکی کاریزما بووە. ئەگەر کاریزما بریتی بێ لە ئەو کەسەی کە جەماوەر لەسەر بنەمای ئەزموونی تاکبڕواییانەی خۆیان و لە ئاستی تاکەکەسیدا خۆشیان بوێ و وەدوای ئامانج و باوەڕە سیاسییەکانی بکەون، ئەوە دیسانەوە دوکتۆر قاسملوو کەسایەتی‌یەکی کاریزمایی بووە. بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژی تەمنیان لە تاراوگەدا تێپەڕ کردبێ و بە

> ئەگەر خۆشەویستیی جەماوەریی دوکتۆر قاسملوو و کەسایەتیی کاریزمایی ئەو، گەنجینەیەکی بێوێنەیە بۆ گۆشدانی بزووتنەوەی دێموکراتی کورد لە سەردەمی ئێستادا، هەڵسەنگاندنی رەخنەییانەی کارکرد و میراتی ئەو بەشێکە لە ئەرکی رێبەرایەتیی سیاسەتی ئێستای بزووتنەوەی کورد. بۆچوونی زانستی و خوێندنەوەی رەخنەییانەی مێژوو فێرمان دەکات کە هیچ کەسێک ناتوانێ وەڵامی هەمیشەیی و نەگۆڕی پرسگەلی سیاسی پێ‌بێ. وەفاداری بە ئارمانج و باوەڕەکانی مرۆڤە بلیمەتەکانی مێژوو تەنیا و تەنیا بریتییە لە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەوان و فێربوون لە ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی بانمێژوویی و شێوازییانە


د. هاشم ئەحمەدزادە

بەردەوامی لە هەوڵی رزگاریی نەتەوەکەیاندا بووبن و تا ئاستە هەرە بەرزەکانی خوێندن چووبن و دواتر توانیبێتیان ببن بە کەسایەتی‌یەکی زانستیی باوەڕپێکراو و کارای ئاکادێمی، روونە کە دەبێ چ وزەیەکی زۆر و چ تواناییەکی هەمەلایەنە دەکار هاتبێت تا ئەم قۆناخانە تێپەڕ بووبن. ئاوارەبوون لە دەریای فەرهەنگێکی نامۆی ئورووپایی لە سەرەتاکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بۆ مرۆڤێکی دونیای سێهەمی و سەر بە نەتەوەیەکی بێ‌دەوڵەت، تەنیا بەهۆی باوەڕی بەرزی هزری و هیوای بەرزەفڕانەوە دەتوانێت ببێ بە پێشزەمینەی سەرکەوتن لە بواری خوێندن و باوەڕمەندی بە خەونەکانی نەتەوەکەیەوە. دوکتۆر قاسملوو ئەو کەسە بوو کە توانی بە سەرکەوتوویی ئەم خەونانە لە ئاستی تاکەکەسیدا بێنێتە دی. بەڵام خۆ ئەوە کۆتایی رەوتەکە نییە و ئەو دەبێ بگەڕێتەوە گۆڕەپانیی راستەوخۆی خەبات. ئەو دەبێ ئەمجارەیان بۆ رزگاریی گەلەکەی و وڵاتەکەی دەستبەرداری هەموو بەرژەوەندییە تاکەکەسی‌یەکانی خۆی لە تاراوگە بێت و بگەڕێتەوە ناو جەرگەی هەڤاڵانی لە هەلومەرجی دژواری خەبات و تێکۆشان لە وڵاتێکی جیهانی سێهەمی‌دا. دووری لە وڵات بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەرکی خۆگونجاندنەوە لەگەڵ فەرهەنگی کۆندا ئەستەم دەکات. بەڵام دوکتۆر قاسملوو لەم بەرەیەشدا سەرکەوتووە و بە قسەی زۆربەی هەرە زۆری رێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەو رۆڵێکی بڕیاردەری لە بووژاندنەوەی حیزبدا لە بواری رێکخراوەیی و فکریدا هەبووە.

٢. ئەوەی دەبێ لەگەڵ ئەو میراتە پڕبەهایەدا چۆن هەڵسوکەوت بکرێت پرسێکی سەرەکی‌یە بۆ سیاسەتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. یەکەم شت بە باوەڕی من ئەوەیە کە میراتی دوکتۆر قاسملوو دەبێت وەک سامانێکی نەتەوەیی سەیر بکرێ و لە چوارچێوەی بەرتەسکی حیزبیدا زیندانی نەکرێ. دووەم خاڵ ئەوەیە کە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و دەستکەوتەکانی دوکتۆر قاسملوو دەبێ شێوازییانە بێ. هەلومەرجی سیاسیی سەردەمی ئێستا و سەردەمی دوکتۆر قاسملوو زۆر جیاوازە و مرۆڤ ناکرێ وەڵامی پرسەکانی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە هەڵوێست و دەقەکانی دوکتۆر قاسملوودا بدۆزێتەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە سیاسەتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێ و دەبێ لە جەوهەری بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو کەڵک وەرگرێ. وریایی و بوێریی سیاسی، چالاکیی رۆژانە و بەردەوام، دیپلۆماسیی وشیارانە و کاریگەر و هەوڵدان بۆ زیندوو راگرتنی بزووتنەوەی دێموکراتیکی کورد ئەو خاڵە سەرەکی‌یانەن کە دەبێ جیلی ئێستای سیاسی لێی فێر بێ و دەکاری بێنێ. لە هەمان کاتدا بزوتنەوەیەکی دێموکرات و سێکولار بەدوور لە باوەڕی ئایینی و جەزمییانە دەبێ باوەڕی بەو راستی‌یە هەبێت کە هیچ کەس لە دەرەوەی رەخنە نییە و هەموو سیاسەت و کردەوەکانی دوکتۆر قاسملوو وەک هەر بیریارێک و رێبەرێکی دێموکراتی‌تر ناتوانێ وەک دەقی پیرۆز سەیر بکرێ. ئەگەر خۆشەویستیی جەماوەریی دوکتۆر قاسملوو و کەسایەتیی کاریزمایی ئەو، گەنجینەیەکی بێوێنەیە بۆ گۆشدانی بزووتنەوەی دێموکراتی کورد لە سەردەمی ئێستادا، هەڵسەنگاندنی رەخنەییانەی کارکرد و میراتی ئەو بەشێکە لە ئەرکی رێبەرایەتیی سیاسەتی ئێستای بزووتنەوەی کورد. بۆچوونی زانستی و خوێندنەوەی رەخنەییانەی مێژوو فێرمان دەکات کە هیچ کەسێک ناتوانێ وەڵامی هەمیشەیی و نەگۆڕی پرسگەلی سیاسی پێ‌بێ. وەفاداری بە ئارمانج و باوەڕەکانی مرۆڤە بلیمەتەکانی مێژوو تەنیا و تەنیا بریتییە لە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەوان و فێربوون لە ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی بانمێژوویی و شێوازییانە.

### ئیقباڵ سەفەری؛ کەسایەتیی سیاسی:

بە بڕوای من چۆنیەتیی مامەڵەمان لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیکی د. قاسملوو دەبێ چەند شێواز لەخۆ بگرێ: یەکەم ئەوەی کە ئەو خەباتکارێکی لیهاتوو بوو کە بۆ رزگاری گەلێکی بەشخوراو بە شێوەیەکی مودێرن و سەردەمیانە خەباتی دەکرد. کە ئەمە بۆخۆی باوەڕی قووڵی د. قاسملوو بۆ رزگاری و دێموکراسی و ئازادی دەسەلمێنێ. دووهەم: کەسایەتی‌یەکی سیاسی بوو کە سەرەڕای داسەپانی شەڕ بەسەر خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لایەن کۆنەپارێزانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێرانەوە، بەڵام هیچکات لە دیالۆگ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی هێمنانە خافڵ نەبوو. ئەمەش نیشانەی باوەڕی قووڵی د. قاسملوو بە دۆزینەوەی رێگاچارەی ئاشتیانە بۆ گەیشتن بە مافەکان بوو. سێهەم: کەسایەتی‌یەکی سیاسی و دیپلۆماتکار بوو کە هەم توانای رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دۆست و نەیاردا هەبوو، هەمیش شارەزایی هەبوو لە دانوستانە سیاسی و دیپلۆماسی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی و بگرە نێونەتەوەییەکان‌دا. چوارەم: ئەو سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕی تەواوی بە رزگاری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، لەهەمانکاتدا بابەتی عەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خولیا بەهێز و بەرچاوەکانی بوو. پێنجەم: رێبەرایەتی شۆڕشیکی لە ئەستۆ بوو کە درندەترین رێژیمی سەردەمی، رووبەڕووی تەنگەژە کردبۆوە.

ئەگەر بمهەوێ وڵامی پرسیاری سەرەوە بدەمەوە، ناکرێ رۆڵی د. قاسملوو لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەمان بە شێوەی ساکار بدەمەوە. بۆیە دەبێ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیکی ئەو، مامەڵە و هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و بەدوور لە دەمارگرژی بێ.


ئیقباڵ سەفەری

بە بڕوای من مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی و رۆڵی د. قاسملوو لە خەباتی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، نابێ تەنیا عاتیفی بێ. ئێمە مرۆڤین و هیچ مرۆڤیکیش لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی دا، بێ هەڵە نابێ. سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ رێزی تایبەتی بۆ کەسایەتی و رۆڵی دابنێین و لە راستیدا سەمبولێکی ئێمەیە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هیچ کەموکوڕی‌یەکی نەبووە. ئێمە لە بەیانی تاکو ئێواری بە بەژن و باڵای د- قاسملوودا هەڵبڵێین، تۆسقاڵێک بە کەسایەتی ئەو زیاد نابێ و بە پێچەوانەش، ئەگەر رەخنەشی لێ بگرین، تۆزقاڵێک لێی کەم نابێتەوە. نەک هەر ئێمە، دوژمنەکانیشمان بە رۆڵی دوکتور قاسملوویان دەزانی، بۆیەش وەها داوێکیان بۆ لە نێوبردنی دانا.

بە باوەڕی من لە هەمانکاتدا کە سەمبولەکان لە پرۆسەی خەباتدا رۆڵ و جێگەی خۆیان هەیە بەڵام زیاتر باوەڕم بە چاندنی بیر و هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەیە کە تاکەکانی نێو کۆمەڵ بگەنە ئاستێکی هزری کە مامەڵەیەکی زیندوو و ئەکتیڤ لەگەڵ سەمبولەکان بکەن.

> لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە رۆڵی کەسایەتیەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، بۆیە پێویستە بە گوێری سەردەم رۆڵی رێبەرانمان پێناسە بکەین و هەڵسەنگاندنیشمان بۆ بیر و کردەوەی ئەوان لە چوارچێوەی رەوتی مێژوویی و بە لەبەرچاو گرتنی سیاقی مێژوویی و زەمان و مەکانی ئەو رێبەرانە بێ و نابێ لە قۆناغی مێژوویی خۆیان جیایان بکەینەوە

ئەگەر تەنیا بە شێوەیەکی عاتفی و رۆمانتیک لەگەڵ رێبەرانمان هەڵسووکەوت بکەین و بە بیرێکی کراوە مامەڵەیان لەگەڵ نەکەین و بە بیرێکی دوگم بیانکەینە ئاکتۆری رەخنەهەڵنەگر، ئەوا دەتوانێ ئاسەواری نێگەتیڤیشی هەبێ؛ بە تایبەت لە ئەحزابی کوردی‌دا کە دێموکراسی بە چاکی نەهادینە نەبووە. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە رۆڵی کەسایەتیەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، بۆیە پێویستە بە گوێری سەردەم رۆڵی رێبەرانمان پێناسە بکەین و هەڵسەنگاندنیشمان بۆ بیر و کردەوەی ئەوان لە چوارچێوەی رەوتی مێژوویی و بە لەبەرچاو گرتنی سیاقی مێژوویی و زەمان و مەکانی ئەو رێبەرانە بێ و نابێ لە قۆناغی مێژوویی خۆیان جیایان بکەینەوە. سەردەم، سەردەمی نوێیە و ئامرازی نوێ، تاکتیکی نوێ، ستراتیژی دیاریکراو و چاوکراوەیی زیاتر دەخوازێ. لە کۆتایدا سەرەڕای رێزدانان بۆ رۆڵ و کاریگەری شەهید د. قاسملوو لەسەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر بە چاوێکی بابەتیانە و بە دوور لە دەمارگرژی لە رۆڵ و نەخشی ئەو بڕوانین، دەتوانێ باشتر یارمەتیدەری خەباتمان بێ.

---

**روانینی دەرەکی**

# سیاسەتی نەوتی ئێران دەگاتە هەرێمی کوردستان

نووسەر: بیژن خواجە پور
وەرگێران : رێبوار مەعرووف زادە

لە دوو دەیەی رابردوودا پێکبەستراوەیی لە بواری وزە یەکێک لە کوڵەکەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا بووە. لە سەرەتای پێکهاتنی تۆڕێکی لولەی گاز لە نێوان ئێران و ئاسیای نێوەڕاست لە ساڵەکانی ١٩٩٠ بەملاوە، تا گەشەی گواستنەوەی بەرق لە رێگای ئێران، ئێران بەرەبەرە بۆتە گرینگترین ناوەندی گواستنەوەی وزە لە ناوچەکە. ئێران تەنیا هەوڵی نەداوە کە وزەی خۆی بۆ وڵاتانی دیکە هەناردە بکا، بەڵکوو هەوڵی‌داوە کە پێکبەستراوەیی ناوچەکە لە بواری وزە زیاتر بکا. لە دوایین پلاندا بڕیارە لولەیەکی گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران دروست بکرێ و نیشان دەدا کە ئێران وەک هابێکی وزە بۆ ناوچەکە کار دەکا.

بە پێی راپۆرتەکان ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتوون لە سەر دروستکردنی لولەیەکی هەناردەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران کە رۆژانە توانای هەناردەکردنی ٢٥٠ هەزار بۆشکە نەوتی هەبێ. ئەو لولە نەوتە لە کۆیەی سنجەق لە هەرێمی کوردستان دەست پێ‌دەکا، لە سنوورەکانی پەرویز خان تێدەپەڕێ و دەگاتە کرماشان کە لەوێدا نەوتی هەرێمی کوردستان بە سیستمی لولەی نەوتی ئێران پێوەند دەدرێ و رەنگە لە پاڵاوگەکانی نەوتی باکووری ئێران کەڵکی لێوەربگیرێ.

بیرۆکەی دروستکردنی لولەی گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ پاڵاوگەکانی نەوت لە باکووری ئێران، لە ساڵی ٢٠١٤ پەیدا بوو کە حکوومەتی ناوەندی عێراق لە بەغدا ناردنی مووچەی بۆ هەرێمی کوردستان راگرت بەهۆی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی بەندەری نەوتی جەیهان لە تورکیا. ناکۆکی نێوان بەغدا و ئانکارا لە سەر هەڵسوکەوتی حکوومەتی تورکیا دەرهەق بە داعش و هەروەها ئاڵۆزتربوونی رەوشی سوریا وایکرد کە کورد لە هەرێمی کوردستان بەشوێن رێگایەکی دیکەی گواستنەوەی نەوت بێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستە بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکا کە رێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بواری وزە، نەبێتە هۆی ئەوەی بەغدا، هاوپەیمانێکی گرنگی ناوچەیی خۆی، لە دەست بدا. ئێران هەوڵ دەدا کە باڵانسێک لەنێوان تاران، بەغدا و هەولێر دروست بکا و بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکا کە چ گرووپگەلێک لە پرۆژەی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان-ئێران بەهرەمەند و چ لایەنگەلێک تووشی خەسار دەبن.

لە روانگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنانی رێگایەکی دیکەی گواستنەوەی وزە جگە لە خەتی لولەی جەیهانی تورکیا، لەمێژە وەک پێویستی‌یەک لە قەڵەم دەدرێ. لەراستیدا لە دوو ساڵی رابردوو رێژەیەکی زۆرتر لە نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگای تانکەرەکان بۆ ئێران نێردراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە هەناردەکردنی زیاتری نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران، بیرۆکەی دامەزراندنی خەتی لولەی هەرێمی کوردستان-تارانی بەهێز کردوە، بەڵام پێوەندیداربوونی ئەو پرۆژەیە بە کۆمەڵێک ئەکتەری دەوڵەتی وەک ئێران، تورکیا، عێراق و کۆمەڵێک ئەکتەری نێودەوڵەتی وەک هەرێمی کوردستان و بازرگانانی نەوت، وێنەی پێکهاتنی خەتی لولەی هەرێمی کوردستان-ئێرانی ئاڵۆز کردوە.

بەغدا لە لایەک بە باشی دەزانێ کە لە رێگای پرۆژەی خەتی لولەی نەوتی هەرێمی کوردستان-ئێران بەستراوەیی هەرێمی کوردستان بە تورکیا کەمتر بێ، بەڵام دواجار دەرچوونی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی دارایی هەرێمی کوردستان لە دەست بەغدا وەک گرفتێک لەقەڵەم دەدا. هەولێر دەیهەوێ لە رێگەی خەتی لولەی هەرێمی کوردستان-ئێران، سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆ لە حکومەتی ناوەندی عێراق دروست بکا. بە پێی قسەکانی نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران، بەغدا رەزامەندی لەسەر خەتی لولەی هەرێمی کوردستان-ئێران دەردەبرێ بەو مەرجەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کەرکوک بەشێک لەو پرۆژەیە بێ. جێگای ئاماژەیە ئێستا بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوک لە رێگای خەتی لولەی جەیهان دەفرۆشرێ.

> بیرۆکەی دروستکردنی لولەی گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ پاڵاوگەکانی نەوت لە باکووری ئێران، لە ساڵی ٢٠١٤ پەیدا بوو کە حکوومەتی ناوەندی عێراق لە بەغدا ناردنی مووچەی بۆ هەرێمی کوردستان راگرت بەهۆی فروشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی بەندەری نەوتی جەیهان لە تورکیا. ناکۆکی نێوان بەغدا و ئانکارا لە سەر هەڵسوکەوتی حکوومەتی تورکیا دەرهەق بە داعش و هەروەها ئاڵۆزتربوونی رەوشی سوریا وایکرد کە کورد لە هەرێمی کوردستان بەشوێن ریگایەکی دیکەی گواستنەوەی نەوت بێ

ئێران بە پرۆژەی خەتی لولەی نەوتی هەرێمی کوردستان-ئێران بەستراوەیی وزە لە ناوچەکە و بەستراوەیی وڵاتانی دیکە بە ئێران زیاتر دەکا و هەروەها ئاستی کارامەیی پیشەسازی نەوتی ئێران لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت زیاد دەکا. زۆربەی نەوتی ئێران لە باشووری ئێران و پارێزگای خوزستان بەرهەمدێ، بەڵام زۆربەی ناوەندەکانی بەکارهێنەری نەوت و وزەی ئێران لە باکووری ئێران هەڵکەوتوون. نەوتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ بۆ کرماشان، تەورێز و تاران بنێردرێ و پێویست نەکا کە نەوت لە باشووری ئێران بۆ ئەو ناوچانە بگواسترێتەوە. ئێران دەتوانێ نەوت لە هەرێمی کوردستان بکرێ و لە بەرامبەردا پووڵ بە هەولێر یا بەغدا بدا یا نەوتەکە لە ئێران پاک بکاتەوە و دیسان بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان یا عێراقی بداتەوە. لە هەر دوو سناریۆدا ئێران قازانج دەکات بەهۆی دروستکردنی سیستمێکی کارامەتر بۆ بەکارهێنانی وزەی نەوت لە ئێران. ئەو پرۆژەیە دەتوانێت ئەنجامدانی پرۆژەکانی ژێربەنایی لە پارێزگای کوردستان زیاتر بکا و حکوومەتی ئێران بەجۆرێک هەوڵ بۆ گەشەی زیاتر ئەو پارێزگایە بدا و نارەزایەتیەکانی ئەو پارێزگایە کەم بکاتەوە.

ئەو بابەتە لە سایتی www.al-monitor.com بڵاو کراوەتەوە.
لینکی بابەتەکە:
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/٢٠١٦/٠٦/iran-kurdistan-regional-government-pipeline-energy-deal.html

# گەندەڵیی هەوسارپچڕاو



ئەیوب شەهابی‌راد
و: ئاڵەشێن

ماوەیەکە بابەتی مووچەی نجومی هەندێک لە بەڕێوەبەرە پلەبەرز و مام ناوەندەکانی دامودەزگای حکوومەتی و هەروەها هەندێک کارگێڕ و ئەندامانی هەیئەتە بەڕێوەبەری‌یەکانی کەرتی دارایی و بانکی و بیمە و، بەرەنگاریی ئەو چەشنە گەندەڵی‌یە، لە روانگەی جۆراوجۆرەوە هاتۆتە بەرباس و بووە بە بابەتی بەرگەنگەشەی گۆڕەپانی سیاسی و میدیاکان. بە وتەی توێژە سیاسییەکان، مێدیاکان و دەزگای دادوەری، ئەو بەڕێوەبەرانەی بەشێکن لەو گەندەڵی‌یە، زیاتر سەر بە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرین و ساڵانێکی زۆرە بەڕێوەبەری جۆراوجۆری راپەڕاندن و ئیدارەی وڵاتیان بەدەستەوەیە. دیارە ئەو قسە و باسانە زیاتر دەرخەری روانگەیەکی جناحین لەسەر ئەو گەندەڵی‌یانە و، ئاکامی چەشنێک رکەبەریی نێوخۆیی باڵەکانی دەسەڵاتن، هەتا روانگەیەکی یاسایی و چارەسەریی بنچینەیی ئەو گەندەڵی‌یانە.

لانیکەم هەڵسووڕاندن و بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی حکوومەت، ئەویش لە سەردەمی ئێستادا کە تێکنۆلۆژیای زانیاریی و پێوەندییەکان، بە جیهانی بوون، شتێک نیە حکوومەتەکان خۆی پیوە رابنێن و منەتی بخەنە سەر خەڵک. ئەویش حکوومەتێک کە بە بەتاڵان بردنی شۆڕشی خەلک خۆی بە سەر میراتێکدا سەپاندوە کە زۆر لەمێژ بوو زۆربەی دامەزراو و ئۆرگانە حکوومەتی و بەڕێوەبەری‌یەکانی پێکهاتبوون، نەک ئەوەی لەسەر شانی دەسەڵاتێکی وێران بەرز بووبێتەوە. ئێستا کە کۆماری ئیسلامی دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتدارێتی، وەک بڵێی دیاردەیەکی نوێی دۆزیبێتەوە و بەشێک لە بەرەی حکوومەتی لە زوڕنای بەناو بەرەنگاریی گەندەڵی تووڕاندوە، بڵێی دەزگای دادوەری رێژیم تا چەند ئامادە بێ بۆ روونکردنەوە و گشتگیرکردنی بەرەنگاریی لانیکەم دژی ئەو جۆرە گەندەڵییە و، ئامار و ژمارەی ورد و دروست دەرخا و سەرچاوە و هۆکارەکانی پەرەگرتنی بدرکێنێ و لە کۆتاییدا ئاکامێکی دڵخوازی لەو رەوتە دەست کەوێ کە بە قازانجی گشتیی کۆمەڵگەی ئێران بێ. یا رەنگە باشتر وابێ بپرسین ئەری تا ئێستا



هەنووکە کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە گێژاوێکەوە کە ٣٧ ساڵە لە ژێر ناوی سیستمێکی بەڕێوەبەریی دەرخواردی کۆمەڵگەی ئێرانی داوە. دانانەوەی بەڕێوەبەرە نەخوێندەوار و نالێهاتووەکان تەنیا لەبەر خۆیی بوون و ملکەچی، پێدانی ئیمتیازی رادەبەدەر و دابەستنیان، نموونەوەی روونی گەندەڵیی سیستماتیکی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌یە. چونکی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا نیشانی داوە بە هیچ چەشنێک دەگەڵ حکوومەتداری و بەڕێوەبەری مودێرن و روون ناگونجێ و هەروەها ئامادەش نییە دەورووبەرە دابەستەکانی لە خۆی بتۆرێنێ

پرۆسەیەکی گشتگیر و تۆکمە لە لایەن دەزگا جۆراوجۆرەکانی سیستمەوە بۆ بەرەنگاری جۆرەکانی گەندەڵیی لە ئێران هەیە، یان هەبووە؟

پاش ٣٧ ساڵان خزم خزمێنە، رازاندنەوەی خوانی رەنگین و بەرین، دزی، پێدانی ئیزنی هەناردە و هاوردە بە کەسی تایبەت، پێدانی پرۆژەکان بە بێ تێپەڕاندنی رەوتی ئاسایی بە بەڵێندەران، پێدانی سەرچاوە دەوڵەتی‌یەکان بە کەسانی خۆیی لە ژێر ناوی کەرتی تایبەتدا، تەرخانی قەرزی دەوڵەتی کەم سوودی بانکەکان بۆ خزم و نزیکان، کۆنترۆڵی بەشی هەرە زۆری ئابووری لەلایەن سپاوە و دامەزراوەکانی سەر بە بەیتی رێبەری و ئەو هەمووە گەندەڵی‌یەی دیکە، تازە مێدیا حکوومەتی و نزیکەکانی خامنەیی وەبیر مووچەی بەرز و زۆری بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی و بەتایبەت کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانی‌یەکانی سەر بە دەوڵەت کەوتوونەتەوە.

ئەوان تازە وەبیر بەرین بوونەوەی کەلێنی چینایەتی (چینی حاکم و توێژی مەحکووم) کەوتوونەتەوە، بەبێ ئەوەی بزانن کە خۆیان سەر بە چینی حاکمن. سەرچاوەکانی وڵات لە ٣٧ ساڵی رابردوودا تەنیا و تەنیا چووەتە باخەڵی بێ بنی بەڕێوەبەران و نزیکانی خۆیانەوە. ئەمڕۆ لە ئێران‌دا هیچ سەرمایەداری‌یەکی سەربەخۆ و سەقامگیر نیە کە لەسەر بنەمای بازاری ئازاد بنیات نرابێ. لە هەر کوێیەک سەرمایە و کۆمپانیا و دامەزراوەیەکی گەورەتان پێ شک هات، بزانن لە کوێڕا بە حکوومەت و دەوڵەت و گەندەڵیی و باندە مافیاییەکانی نێو سیستمەوە بەستراوەتەوە. هیچ سەرمایەیەکی گەورە لە ئێران ناچێتەوە سەر داهێنان و دۆزینەوە و رەخساندنی هەلی کار و کردنەوەی مەیدانی کار و کاسبی لە هەلومەرجێکی هەڤرکێ و ئازاددا. ئێستا کەسانێکی وەک (ئەحمەد تەوەکوللی و حوسێن شەریعەتمەداری) هاتوون باسی روون بوون و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و تەخشان و پەخشانی دارایی دەوڵەت دەکەن کە خۆیان و نزیکانیان هەتا چۆکان لە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە گشتییەکان چەقیون. بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە چوارچێوەی میدیای ئازاددا دەگونجێ، بەڵام ئەوانە خۆیان لە ئێران دوژمنە سوێندخواردووەکانی مێدیای ئازاد و سەربەخۆن.

جگە لە چەند بەڕێوەبەر و ئەندامانی هەیئەتی بەڕیوەبەریی بەشی دارایی و بانکی و بیمە کە مووچەیان چەند سەد ملیۆنێکە، بەڕیوەبەرە دەوڵەتی‌یەکانی دیکە زیاتر مووچەکانیان چەند دە ملیۆنی‌یە. لە حاڵێکدا لانیکەمی مووچەی کرێکارێک لە ئێران بۆ کاتژمێرێک نزیک بە ١/٢٥ دولارە. بێگومان ئەو هەڵاواردن و جیاوازی‌یە ئاشکرایەی نێوان مووچەی دەوڵەتی، دەگەڕێتەوە سەر جۆری روانگەی سیستم لەسەر حکوومەتداری، شایستەسالاری و بایەخی کاری تاکەکان. بێ شک ئەو روانگەیەش دەگەڵ رادەی شایستەییەکانی ئەوان نایەتەوە. ئەگەر بڕوانینە رابردووی بەڕیوەبەرانی دەوڵەتی لە کۆماری ئیسلامی‌دا، دەبینی زۆربەیان هیچ شایستەییەکیان نەبووە (تەنانەت ئاستی خوێندەواری دیپلۆمیشیان نەبووە) و تەنیا لەسەر بنەمای پێوەندیی سیاسی و یان رابردووی کارکردن لە دامەزراوە سەربازیی و میلیشیایی و ئەمنییەتی‌یەکان بەو پلانە گەیشتوون. گرنگترین پاساوی دەوڵەت بۆ ئەو مووچە بەرزانە، رابردووی بەڕێوەبەری‌یە. کۆماری ئیسلامی لە هیچ بوارێکدا بایەخی پێگەی مرۆیی هاووڵاتییانی ئێرانی لەبەر چاو ناگرێ، بەڵام پێگەی ئایینی و بەڕێوەبرانی دەوڵەتی زۆر زیاتر لە رادەی شایستەییەکانیان لەبەر چاو دەگیرێ.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی بەڕیوەبەران، رادەی ملکەچی، گوێڕایەڵی بەیتی رێبەری، سپا و هێزی ئینتزامی و دامەزراوە ئیتلاعاتی‌یەکان، بەڕیوەبەرانی سێ دەسەڵاتەکە و ئیمامانی جومعەیە. بێگومان بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی لەو سیستمەدا بەبێ ئەو خاڵانە و خۆیی بوون، قەت بەو پلە و پێگانە ناگەن. هەر بۆیەشە زۆر کەس لەو پێناوەدا سەر و گوێی یەکتر تێکدەکەنەوە. نموونەی بەرچاویشی، زیاتر بوونی بێ وێنەی ئەو کەسانە لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا بوو بۆ دابەشینەوەی گەندەڵی و رانتی زیاتر. دابەشین و بەکارهێنانی رانتی زیاتری دەوڵەتی لە نێوان هەندێک دامەزراو و کەسی دەوڵەتیدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دامودەزگای کۆماری ئیسلامی کە سەردەمی ئەحمەدینژاد زیاترین پشکی لەم بارەوە بە بەش برا. تەنانەت کاستی حکوومەتی لە ئێران تا رادەیەک داخراوە کە ئەگەری گەیشتنی کەسانی دیکە بەو پلە و پێگانە زۆر ئەستەم و بەرتەسکە.

هەنووکە کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە گێژاوێکەوە کە ٣٧ ساڵە لە ژێر ناوی سیستمێکی بەڕێوەبەریی دەرخواردی کۆمەڵگەی ئێرانی داوە. دانانەوەی بەڕیوەبەرە نەخوێندەوار و نالێهاتووەکان تەنیا لەبەر خۆیی بوون و ملکەچی، پێدانی ئیمتیازی رادەبەدەر و دابەستنیان، نموونەوەی روونی گەندەڵیی سیستماتیکی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌یە. چونکی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا نیشانی داوە بە هیچ چەشنێک دەگەڵ حکوومەتداری و بەڕێوەبەری مودێرن و روون ناگونجێ و هەروەها ئامادەش نییە دەورووبەرە دابەستەکانی لە خۆی بتۆرێنێ. تەنیا روانگەیەکی جەماوەری و دادپەروەرانە دەتوانێ خەباتی جیددی دژی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی لە نێو ئەو سیستمەدا لێبکەوێتەوە، نەک بڕیاری کاتیی و سنووردار لە پێناو گۆڕینی چەند بەڕێوەبەرێکدا. ئەو پرسیارە بنەڕەتی و دێرینە هەمیشە لە بەرابەر کۆماری ئیسلامیدا هەبووە، کە یا دەبێ گۆڕانێکی بنەڕەتیی قبووڵ بکرێ و لە ئاکامیشدا رووخانی دامەزراو و کەسە گەندەڵە خۆییەکانی لێ بکەوێتەوە، یان بەگشتی ئەوە سیستمی دەسەڵاتدارییە دارمێ.

# دز و خاوەن ماڵ یەک بن، گا بە کولانکەدا هەڵدەکێشن



ئا: عەلی بداغی

یەکێک لە بابەتە هەرە گرینگەکانی ئابووری لە ئێران پرسی قاچاغی کاڵایە.

ئەگەر لەلایەک لە کوردستان کۆڵبەران و کاروانچییەکان لە سەر بارێکی چەند هەزار تمەنی دەدرێنە بەر دەستڕێژ و دەکوژرێن، لەولا بەندەر و فرۆکەخانە و ئێسەکەلە و دەروازە سنوورییە رەسمییەکان بۆ قاچاغی کاڵا لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئاوەڵایە.

پرسی قاچاغ و پەلوپۆ هاویشتنی ئەو دیاردەیە بۆ هەناوی ئابووریی ئێران گەیوەتە جێیەک کە ئیسحاق جەهاگیری، جێگری یەکەمی سەرکۆمار دەڵێ هیچ دەزگا و دامەزراوەیەکی دەوڵەتی ناتوانێ بە گژ پرسی قاچاغ لە ئێران‌دا بچێتەوە.

ئیسحاق جەهانگیری یەکەم کاربەدەستی دەوڵەت نییە کە باس لە قاچاغی سیستماتیک لە ئێران و دەستەوەستانیی ناوەندە حکومەتییەکان بۆ بەگژداچوونەوەی دەکا. مانگی رابردووش حوسێن ئەشتەری، فەرماندەی هێزە ئینتیزامییەکانی ئێران گوتبووی کە بەشی هەرە زۆری قاچاغی کاڵا لەلایەن هەندێ ناوەندی ئەمنیەتی رێکدەخری. عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی شوڕای ئیسلامیی ئێرانیش دەڵێ بڕی قاچاغ لە ئێران ٢٠ میلیارد دۆلارە و دیارە کە ئەوە سیستمێکی لە پشتە.

حەبیبوڵڵا حەقیقی، سەرۆکی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغ و دراو دەڵێ بڕی قاچاغی سیستماتیک لە ئێران لە ساڵی ٩٢ دا دەوروبەری ٢٠ میلیاد دۆلار بووە کە دەکاتە دوو ئەوەندەی بودجەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

سەعیدی لەیلاز، رۆژنامەنووس و کارناسی کاروباری ئابووریی ئێران دەڵێ ئازادکردنی ئابووری، سڕینەوەی بۆرۆکراسییەکان، کەمکردنەوەی بارستایی دەوڵەت و دابەزاندنی تەعرەفەکانی گومرک بەشێک لە رێگاچارەکانی بەرەنگاربوونەوەی سیستماتیکی قاچاغە کە تا ئێستا هیچ دەوڵەتێک لە ئێران بەلای‌دا نەچووە.

ئامارە رەسمییەکان دەڵێن بایەخی قاچاغی کەلوپەلی نێوماڵ لە ئێران لە ساڵدا لە ٢٠ میلیارد دۆلار زیاترە و، قاچاغی دەرمان، ماشێنی لوکس و سووتەمەنیش خۆی لە ١٦ میلیارد دۆلار دەدا.

محەممەد غەرەزی، وەزیری پێشووی نەوتیش وێڕای دانە بەر رەخنەی بارودۆخی قاچاغ لە ئێران، دیاردەی قاچاغ بە هۆکاری سەرەکیی بێکاری لەم وڵاتە ناو دەبا.

محەممەد غەرەزی دەڵێ بڕی قاچاغی کاڵا لە ئێران لە ٢٥ میلیارد دۆلاری تێپەڕاندووە



و ئەگەر کاربەدەستان تەنیا بتوانن رێگری لە قاچاغ بکەن، نەک هەر پێشیان بە زۆربوونی ئاستی بێکاری گرتووە، بەڵکوو زیاتر لە ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار هەلی کاریی نوێشیان خوڵقاندوە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا پێداگری کردەوە کە سەرباری ئەو وەزعە کاربەدەستانی پێوەندیدار هیچ هەوڵێکی جیدیان بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قاچاغ نەداوە.

موجتەبا خوسرەوتاج، قایمقامی وەزیری پیشەسازی بە پشتبەستن بە ئامارەکانی ستادی بەربەرەکانی لە دژی قاچاغی کاڵا دەڵێ لە ئێران لە ساڵدا بایی٣ میلیارد دۆلار زێڕ، ٢ میلیارد و ٧٠٠ میلیۆن دۆلار جلوبەرگ و پۆشاک، ٢ میلیارد دۆلار کەلوپەلی نێوماڵ، ٩١٢ میلیۆن دۆلار سیگار، یەک میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلار کۆمپیوتێر و کەرەستەکانی، یەک میلیارد و ٥٠٠ میلیون دۆلار کەرەستەی یەدەکی، یەک میلیارد و ١٠٠ میلیۆن دۆلار کەرەستەی خۆجوانکردن، یەک میلیارد و ٨٠٠ میلیون دۆلار مۆبایل و تابلێت بە قاچاغ دەهێندرێتەوە وڵاتەوە.

قایمقامی وەزیری سەنعەت لە جێیەکی دیکەی قسەکانیدا دەپرسێ: هیچ روون نییە ئەو کاڵا و کەلوپەلە قاچاغانەی دەگیرێن، چۆنە دوایە لە لایەن رێکخراوی خاوەندارەتییەوە دەخرێنە بازارەوە و دەیانفرۆشنەوە، مەگەر بۆیە ئەوانە ناگیرێن کە نەیەنە بازاڕەوە و زیان بە بەرهەمی نێوخۆیی نەگەیەنن؟ ئەو دەڵێ ئەو سزایانەی بۆ قاچاغچییەکان داندراوە بەرگێڕەوە نین و کەس نییە لە ترسی ئەو سزایانە لە قاچاغکردنیان بپرینگێتەوە.

هاوکات عەبدورەزا میسری، وتەبێژی هەیئەتی سەرۆکایەتیی مەجلیس دەڵێ هێنانی تانکێرەکانی چەک و چۆڵ و مەشرووب لە لایەن یەخە سپی‌یەکان هەروا بەردەوامە.

یەخەسپی‌یەکان دەستەواژەیەکە بۆ کاربەدەستانی پلەبەرزی رێژیم و کاربەدەستانی ئەمنیەتی بەکار دەبرێ.

نوێنەری پێشووی کرماشان لە مەجلیس لە هەمان حاڵدا پشتڕاستی کردەوە کە سەرەڕای رێگری کردن لە هێنانی برینجە پیس و ژاوارێ‌یەکان، هاتنی تانکێرەکانی سووتەمەنی کە قاچاغی ناقانوونیی کەلوپەل و کاڵای دیکەیان پێ‌دەکرێ هەروا بەردەوامە و، مەترسیی ئەوان یەکجار لە برینجە پیسەکان زیاترە.

میسری لەو بارەیەوە زیاتر دواوە و دەڵێ: روون نیە قازانجی هاوردەکردنی ئەم سووتەمەنی و کاڵا قاچاغە دەچێتە گیرفانی کام یەک لە یەخە سپی‌یەکان کە تەنانەت وەزیر و دەوڵەتیش ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ.

هاوکات پێشنوێژی هەینیی شاری زهک دەڵێ کاربەدەستان خۆیان بە کانتینێر باری قاچاغ دێنن و دەبەن، کەچی تەنیا کۆڵبەرەکانن سزا دەدرێن و دەدرێنە بەر گوللە.

مامۆستا مەلا حەسەن خدری، پێشنوێژی هەینیی شاری ”زهک“ لە سیستان و بەلوچستان روو بە کاربەدەستانی پارێزگای سیستان گوتی کۆڵبەرەکان لەم رێگەوە پاروە نانێک بۆ ماڵ و منداڵەکانیان پەیدا دەکەن و چالاکی و هەڵسووڕانیان هیچ زیانێک بە ئابووریی ئەم وڵاتە ناگەیەنێ، بەڵام ئەوە ئاغاکانی خاوەن کانتینێر و بارە میلیاردییەکانن کە بەرهەمهێنانی نێوخۆییان تێدا بردوە.

شایانی باسە لە ساڵدا هاوردەی زیاتر لە ٣٦ میلیارد دۆلار کاڵا لە حالێک دایە کە رۆژانە لە کوردستان کاروانچیی داماو کە بەهۆی بێکاری بە ناچار رووی کردۆتە کاروان و کۆڵبەری کردوە، لە سەر کۆڵەبارێک دەدرێتە بەر دەستڕێژ و گیانی لێ دەستێندرێ.

# بریتانیا، بەرەو کوێ؟



سۆران عەلیپوور

خەڵکی بریتانیا لە ڕاپرسیەکی مێژوویی و کەموێنەدا، بە زۆرینەیەکی لاواز دەنگیان بە هاتنەدەری وڵاتەکەیان لە یەکیەتیی ئورووپا دا. بە ڕواڵەت پرسیاری سەرەکیی مانەوە یان هاتنەدەر لەو یەکیەتییە بوو، بەڵام دیوی نێوخۆ، شاراوە و بەهێزی ئەو پرۆسەیە، پەیوەندی بە ویستی خەڵکەوە هەبوو کە لە ڕێگەی ئەو ڕێفراندۆمەوە پێشان بدەن کە خوازیاری چ جۆرە حوکمرانی و دەوڵەتێکن بۆ وڵاتەکەیان؟ وڵاتێکی خاوەن سەروەری ڕەها کە خاوەندارێتی سنوورەکانی خۆی بکا و دەستی ئەوانە کورت بکاتەوە کە لە دەرەوەی سنوورەکان بڕیاریان بۆ دەدەن یان وڵاتێکی بێ گومرگ بە ڕووی سەرمایە و کاڵا و هێزی کاردا کە بتوانی ٥٠٠ ملیۆن بەکاربەر لە بازاڕی بازرگانیدا بهێڵێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو گرێ سیاسییە، کۆمەڵێک پرسی کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژوویی و فەرهەنگی لە برێکزیتدا بەرۆژەڤ بوون. ئەو درزە گەورانەی کە لە ستراکتور و کلتوری بریتانیادا هەن، فاکتگەلێکی بەهێزن بۆ تێگەیشتن لەو زۆرینەیەی کە بەڵێی بە هاتنەدەر لە یەکیەتیی ئورووپا گوت؛ یەکیەتی‌یەک کە لە سەر بنەمای ئاشتی، دێموکراسی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی دامەزراوە و یادگاری ئەو ڕۆژانەیە کە ئورووپا پاش گۆنگەڵی نازیسم و فاشیزم لە هەوڵی ساڕێژکردنی برینەکانی دوای جەنگێکیماڵوێرانکەردا بوو.

ئەو ڕاپرسییە چەندین پرسی لە پانتایی سیاسی ڕۆژئاوادا زیندوو کردەوە، دوو چەمکی دەوڵەت ـ نەتەوە و لیبرالیزمی نوێی دووبارە بەرامبەر بە یەک ڕاگرتەوە. دەوڵەت ـ نەتەوە لە سێ دەیەی ڕابردوو لە ئەنجامی کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی هەرێمی، هێژموونی بازاڕ و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و هەروەها، بەجیهانیبوونەوە پێگەیەکی لەرزۆک و لاوازی لە ڕۆژئاوادا هەبوو. دامەزرانی یەکیەتیی ئورووپاش لە هێنانەخواری پێگەی دەوڵەت ـ نەتەوەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، بە تایبەت ئەوە کە وڵاتانی ئەندام ناچار بوون بەشێک لە سەروەری سیاسی، ئابووری خۆیان بۆ ئەو یەکیەتیە بگوازنەوە. سەرەڕای ئەو دۆخە دەوڵەت ـ نەتەوە هێژموونی خۆی بە سەر بژاردە و فۆرمە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداریدا پاراست. دوو پرسی تێرۆریزمی جیهانی و لافاوی کۆچبەران لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە لایەک و قەیرانە داراییەکانی نێو یەکیەتیی ئورووپا لە لایەکی دیکەوە، دوو کۆمەڵە فاکتی بەهێز بوون تا ناسیۆنالیست و ڕاستە توندرە و، دژە بیانی و کۆنسێرڤاتەکانی بریتانیا ئەو ڕاپرسیە بە جۆرێک کانالیزە بکەن کە تێیدا دەوڵەت ـ نەتەوە وەک تاکەچارەسەر بەرجەستە بکەن. ئەوان پێیان وایە کە بە هاتنەدەر لەو یەکیەتییە لە تۆڕی بیرۆکراتی ئەو ڕێکخراوە ڕزگاریان دەبێ و بۆخۆیان یاسا و ڕێساکانیان دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن، لەو ڕێگەیەوە لە دەست ئەو هەموو کۆچبەرەی ناو یەکیەتیەکە کە

بە زۆری لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتەوە ڕوو دەکەنە بریتانیا ڕزگاریان دەبێ و هاوکات سنوورەکانیشیان لە ئاست کۆچی نێودەوڵەتی‌دا قایمتر دەکەن. ئەو ١٨ ملیارد پاوەندەش کە دەچێتە بودجەی یەکیەتیی ئورووپاوە دەگەڕێتەوە بۆ گیرفانی خۆیان. هاوکات لیبرالیستەکان، کۆمپانیا و بانکەکان و لایەنگرانی بازاڕی ئازاد و مانەوە لە یەکێتی ئوروپادا پێیان وایە کە بەهۆی دانانی گومرگەکان، لەندەن وەک یەکێک لە گرینگترین شارە بازرگانیەکانی ئورووپا پێگەی خۆی لەدەست دەدا و چەند هەزار پۆندێکیش لە داهاتی ساڵانەی شارۆمەندی بریتانی کەم دەبێتەوە، بازاڕ



دوو پرسی تێرۆریزمی جیهانی و لافاوی کۆچبەران لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە لایەک و قەیرانە داراییەکانی نێو یەکیەتیی ئورووپا لە لایەکی دیکەوە، دوو کۆمەڵە فاکتی بەهێز بوون تا ناسیۆنالیست و ڕاستە توندرە و، دژە بیانی و کۆنسێرڤاتەکانی بریتانیا ئەو ڕاپرسیە بە جۆرێک کانالیزە بکەن کە تێیدا دەوڵەت ـ نەتەوە وەک تاکەچارەسەر بەرجەستە بکەن. ئەوان پێیان وایە کە بە هاتنەدەر لەو یەکیەتییە لە تۆڕی بیرۆکراتی ئەو ڕێکخراوە ڕزگاریان دەبێ و بۆخۆیان یاسا و ڕێساکانیان دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن، لەو ڕێگەیەوە لە دەست ئەو هەموو کۆچبەرەی ناو یەکیەتیەکە کە بە زۆری لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتەوە ڕوو دەکەنە بریتانیا ڕزگاریان دەبێ و هاوکات سنوورەکانیشیان لە ئاست کۆچی نێودەوڵەتی‌دا قایمتر دەکەن

بەرتەسک و توانای هاتووچۆی کاڵا و سەرمایە و هێزی کار سنووردار دەبێتەوە، کابوسێک کە لیبرالیزمی نوێی لێی دەپرینگێتەوە.

ئەگەر بە تەنیا ڕواڵەتی سیاسی و ئابووریەکەی ئەو ڕاپرسیە لەبەرچاو بگرین، ناتوانین وێنەیەکی ڕوون و گشتگیر بەدەست بخەین، لە کاتێک دا دابڕان و درزە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو گروپەکانی کۆمەڵگە، جیاوازیی نێوان نەوەکان و مەودای تێڕوانینی نێوان خەڵکی شارەگەورەکان لەگەڵ دێهاتەکان و شارە بچوکەکان لە ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیەدا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە. بێ ئەوەی بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور بگەڕێینەوە، کاریگەریەکانی شۆڕشی پیشەسازی و پۆست کۆلۆنیالیزم لە دابەش بوونی

چینەکان و بەرژەوەندیەکان دا هەست پێ دەکەین، ئەو ڕووداوانە شوێنی نیشتەجێ بوونی چینەکانی لێک جیاکردەوە؛ لە شاری پۆست مۆدێرن دا دووبارە نێوەندی شارە گەورەکان بوونە سەنتەری وەبەرهێنان و فرۆشتنی خزمەتگوزاری، لە بەرامبەردا پەراوێزی شارەکان و گێتۆکان بوونە شوێنی نیشتەجێ بوونی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و گروپە ئێتنیکیەکان. لاوان و زۆرینەی خەڵکی شارە گەورەکان، هاوکات لەگەڵ سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و بانکەکان دەنگیان بە مانەوە لە یەکێتی ئوروپا دا، لە کاتێکدا خەڵکی بەتەمەنتر و هەژارتری نیشتەجێی

دێهات و شارە بچووکان دەنگیان بە هاتنەدەر لەو یەکێتیە دا، هەبوون ئەوانەی کە لەو پرۆسەیەدا مۆدێرن و نەریت‌یان لە ئاست یەکتر دا ڕادەگرت.

ڕاستە توندرەوەکان و پارتە دژە بیانیەکان توانیان دۆخی قەیراناوی یەکیەتیی ئورووپا بۆ کانالیزەکردن و بردنە پێشی ئامانجەکانیان بقۆزنەوە، بە تایبەتی بێ توانایی ئەو یەکیەتییە لە مامەڵەکردنی وەک یەک لە ئاست لێشاوی پەنابەرانی ساڵی ڕابردوودا، هەروەها زووم خستنە سەر ئەو مەترسیانەی کە پەنابەران بۆ سەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی(دولت رفاه اجتماعی) دروستی دەکەن. دووبارە بەرۆژەڤ بوونەوەی دەوڵەت ـ نەتەوە لەگەڵ ئەوەدا

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە پەیوەندییە سیاسی، سەربازی و ئابووری‌یەکانی بریتانیا لەگەڵ یەکیەتیی ئوروپادا چۆن دادەڕێژرێنەوە؟ هەر دوولا لە چەندین بۆنەی جیاوازدا لە سەر هاوکاری بەهێز و پەیوەندی گەرمی نێوانیان پێداگریان کردووە، ئاخۆ چاوی ڕەشی ئەو کەسانەی بەڵێیان بە هاتنەدەر دا، لە ئاست هێژموونی لیبرالیزمی نوێ و توانای بازاردا کاڵ نابێتەوە؟

کە نموونەی ئیدیالی ڕاستەکانە، بەڵام کۆرپەلەی ترسێکیشی لە منداڵدانی خۆی‌دا هەڵگرتووە، ئەویش خەونی هەمیشەیی «سکۆتلەندیەکان و ئیرلەندی باکوورە» بۆ جیابوونەوە لە بریتانیا و هەر بە زوویی مەیلی خۆشیان بۆ مانەوە لە یەکیەتی ئورووپادا پێشان دا.

کاردانەوەکانی ئەو ڕاپرسیە هەر زوو لە پراکتیک دا بە تایبەت لە بازاڕی بۆرس و ڕووداوە سیاسییەکان‌دا ڕەنگدانەوەی هەبوو. «دەیڤید کامێرون»ی سەرۆک وەزیران دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و وڵاتانی دیکەی ناو یەکیەتیی ئورووپا داوای هەڵوێستی یەکلاکەرەوەیان لە بریتانیا کرد. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پرۆسەی هاتنەدەری بریتانیا لە ڕووی بیرۆکراسییەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دوورودرێژە و لەوانەیە نزیک بە دوو ساڵ بخایەنێ، ئەوەش دوای ئەکتیڤ کردنی بەندی ژمارە ٥٠ لە ڕێکەوتننامەی لیسبۆن لە لایەن پارلمانی ئەو وڵاتەوە. پاشان بریتانیا دەبێ فۆرمی پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەکیەتیی ئوروپا دارێژێتەوە. یەکێک لەو ڕێگایانە لەوانەیە مانەوە لە پەیماننامەی هاوکاری ئابووریی ئوروپاEuropean Economic Community (EEC)دا بێ، هەروەک چۆن نۆرویژ بێ ئەوەی لەگەڵ یەکێتی ئورووپا بێ، خۆی لەگەڵ زۆربەی ڕێکەوتننامەکان و مەرجەکانی بازاری ئەو یەکیەتیەدا گونجاندوە. کێشەیەکی دیکە ئەو ئاڵوگۆڕانەیەی کە بەسەر چەمکی شارۆمەندی ئوروپایی دا دێ؛ زۆرێک لە هاوڵاتیانی وڵاتانی دیکە هەر ئێستا بێ هیچ کێشەیەک لە بریتانیا دەژین، کار دەکەن یان دەخوێنن، بە پێچەوانەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بریتانیا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی نێو یەکیەتیی ئوروپادا دەژین، ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیە کار دەکاتە سەر ژیان و گوزەرانی ئەو گروپانە و لە داهاتوودا مانەوەیان دەبێ بە پرۆسەیەکی ئیداری و قانوونی‌دا تێپەڕ ببێ.

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە پەیوەندییە سیاسی، سەربازی و ئابووری‌یەکانی بریتانیا لەگەڵ یەکیەتیی ئوروپادا چۆن دادەڕێژرێنەوە؟ هەر دوولا لە چەندین بۆنەی جیاوازدا لە سەر هاوکاری بەهێز و پەیوەندی گەرمی نێوانیان پێداگریان کردووە، ئاخۆ چاوی ڕەشی ئەو کەسانەی بەڵێیان بە هاتنەدەر دا، لە ئاست هێژموونی لیبرالیزمی نوێ و توانای بازاردا کاڵ نابێتەوە؟ ئەگەری ئەوە هەیە کە دیواری سنوورەکان تەنیا لە ئاست هاموشۆی کۆچبەران دا پڕڕەنگ و بەرز بکرێنەوە، بەڵام لە ئاست هاموشۆی سەرمایە و هێزی کاری پسپۆڕ و کەلوپەل‌دا والا بمێنێتەوە. نیگەرانی‌یەک کە ئێستا ئەو یەکیەتیە لەگەڵی بەرەوروویە ئەوەیە کە ئاخۆ بریتانیا دوایین وڵاتە کە بەجێیان دێڵێ، یان وەک یاری دۆمینە چەندین وڵاتی دیکەشی بە دوادا دێت. هەڕەشە هەرێمی و جیهانیەکان تەوژمی ناسیۆنالیزمی لە ئوروپادا بەهێز کردووە و جارێکی دیکە دەوڵەت ـ نەتەوەی وەک ئاکتۆرێکی گرینگ گێڕاوەتەوە سەر شانۆی ڕووداوەکان، دیاردەیەک کە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکیەتیی ئۆروپادا و ڕۆڵی ئەو ئۆرگانە لە داهاتوودا کاریگەر و بەرچاو بێ.

## ڕۆژەڤی ئێران

# کۆماری ئیسلامی؛ مۆدێلێکی شکستخواردوو



حەسەن شێخانی

ناتقی نوری کە ئێستا سەرۆکی نووسینگەی پشکنینی تایبەتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی‌یە، لە وتاردانێک‌دا کە بە بۆنەی شەوانی قەدری مانگی ڕەمەزان لە سەر گۆڕی خومەینی پێشکەشی کرد گوتی: لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا لە زۆر بواردا بەرەو دواوە گەڕاوینەوە و بەم حاڵە چۆن دەتوانین بڵێین کە دەبینە ئۆلگوو بۆ وڵاتانی دیکە.

ناتقی نوری تەنیا بەرپرسی کۆماری ئیسلامی نییە کە بە ئاماژە بە کێشە و گیروگرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەی ئێران، کە لە ئەنجامی لێ‌نەزانیی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی‌دا هاتوونەئارا و وەک گرێکوێرەیان لێ‌هاتووە، دان بەوەدا دەنێ کە مۆدێلی حکومەتداریی کۆماریی ئیسلامی مۆدێلێکی سەرکەوتوو نییە و بە دەربڕینێکی دیکە لە زۆر بواردا شکستی هێناوە.

بەرپرسانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە پاڵ هەموو بەخۆدا هەڵگوتنێک و دووپات کردنەوەی پەیتاپەیتای ئەو ئیدیعایە کە، ئێران وەک وڵاتێک کە لە بەرامبەر زلهێزەکانی دنیادا ڕاوەستاوە، بە ئۆلگوویەک بۆ وڵاتانی دیکە لە جیهان‌دا دەزانن، جاروبار هەندێک لەوان چارەیەکیان نییە بێجگە لە دانان بە بەشێک لە ڕاستی‌یە تاڵەکانی کۆمەڵگەی ئێران. هەر ماوەک لەمەوبەر موحسین ڕەزایی فەرماندەی پێشووی سپای پاسداران و دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی سیستم گوتی کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە لە بواری ئابووری‌دا مۆدێلسازیی بکا و ئەگەر لەم بوارەدا نەتوانێ پێشکەوتن بەدەست بێنێ، ئەوە کۆماری ئیسلامی تووشی شکست دەبێ.

ئەو جۆرە قسانە لەم ڕوانگەشەوە گرینگن کە کەسانێک دەیانهێنە زمان کە دڵسۆز و خەمخۆری کۆماری ئیسلامین. خۆ ئەوان دژبەری کۆماری ئیسلامی نین کە بڵێین خەونی گولی بە کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەبینن و لە پێگەی دژایەتی و ڕەشکردنی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئەو قسانە دەکەن!

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە چۆن خەڵکی ئێران تەحەمولی دۆخێک دەکەن کە بە قسەی بەرپرسانی خودی کۆماری ئیسلامیش لە زۆر بواردا لە چاو ٣٧ ساڵ لەمەوبەر بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە؟

کۆمەڵگەی ئێران بە دەست کۆمەڵێک قەیرانەوە دەناڵێنێ؛ لە قەیرانی ئابووری‌یەوە بگرە تا دەگاتە قەیرانی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسی. هەژاریی و نابەرابەری لە ئێران‌دا بێداد دەکا. ئەم ڕۆژانە لە فەزای سیاسی و ڕاگەیەنەکانی ئێران‌دا باسێکی گەرم لە سەر مووچەی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڕێوەبەر و بەرپرسانی بنیات و دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئارا دایە کە ئەگەر لەگەڵ مووچەی بەشی هەرە زۆری کارمەندانی دەوڵەت و بە تایبەت مووچەی خانەنشینان و حەقدەستی کرێکاران بەراوردی بکەین، قووڵایی نابەرابەری و گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەتمان لە دەزگای حاکمەی کۆماری ئیسلامی‌دا بۆ دەردەکەوێ. ناتقی نوری گوتەنی بەم حاڵەوە چۆن کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە ئۆلگوویە بۆ وڵاتانی دیکە!

هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان لەبەرچاو بگرین ئاسەواری لێ‌نەزانی و ناکاراییی سیستمی کۆماری ئیسلامی پێوە دیارە. قەیرانەکان لە سەر یەک کەڵەکە بوون و تایبەتمەندیی یەکتر بەهێزکردنیان هەیە. قەیرانی ئابووری، قەیرانی کۆمەڵایەتی لێ‌دەکەوێتەوە و قەیرانی کۆمەڵایەتیش تێچوویەکی زۆری ماددی بە سەر خەڵک و کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ. لەوانە کە بگوزەرێین ئێران قەیرانێکی گەورەی ژینگەیی بووە کە بە قسەی کارناسان ئەگەر خەمێکی جیددی لێ نەخورێ ئاوا دەبێتە سەرچاوەی کێشە و قەیرانی ئەمنییەتیش. ئەو قەیرانانەش تا بمێنەوە قووڵتر و بەرفراوانتر دەبن و چارەسەرکردنیان ئاستەمتر دەبێ.

ئەگەر دەبینین کە ئێران لە چاو وڵاتانی پەشێو و ئاڵۆزیی ناوچەکە، سەقامگیریی و ئارامی‌یەکی ڕواڵەتی هەیە، ئەوە بەو مانایە نییە کە خەڵکی ئێران لە دۆخی هەنووکەیی ڕازین، بەڵکوو ئەمە کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و کلتووری هەیە و پێوەندیی بە دەروونناسی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێرانەوە هەیە کە دەیانەوێ بە شێوەیەکی دیکە داخوازی‌یەکانیان بێنەئارا و بەدواداچوونی بۆ بکەن. کۆمەڵگەی ئێران نارازی‌یە و هەنووکە لەحاڵی لێگەڕینی میتۆد و ڕێگەچارەکان دایە. کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی زیندوویە. ئەو ئارامی‌یە ڕواڵەتی‌یەی ئەمڕۆ لە ئێران‌دا دەیبینین هەرگیز بە مانای تەسلیم بوونی کۆمەڵگە نییە بەڵکوو خەڵکی ئێران بە وانە وەرگرتن لە ڕابردوو و بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە بە شعور و پشوودرێژی زیاترەوە لە گەڵ پرسەکان مامەڵە دەکەن. دیارە بە سەرنجدان بە تایبەتمەندیی «ملتهب» بوونی کۆمەڵگەی ئێران ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەم ڕەوتە ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ.

لە ئێران‌دا زۆر گۆڕان هاتوونە ئارا کە کەلێنێکی قووڵیان لە نێوان تێڕوانین و فەرهەنگی ڕەسمی لە لایەک و تێڕوانین و فەرهەنگی خەڵک لە لایەکی دیکە دروست کردووە. ئەو سیستمەی هەنووکە لە ئێران‌دا لەسەر کارە لەگەڵ خەون و خولیا و داخوازییەکانی زۆرینەی خەڵکی ئێران نامۆ و ناتەبایە. ئەگەر خەڵکی ئێران بە شێوەی وڵاتانی شەڕ لێ‌دراوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدواداچوون بۆ داخوازییەکانیان ناکەن زیاتر هی ئەوەیە کە دەیانەوێ بە تێچوویەکی کەم دەسکەوتی گەورە و بەردرێژ بەدەست بێنن.

ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی ڕەگێکی ئیعتقادی لە نێو خەڵک‌دا هەیە و لەبەر زۆر هۆکار تا هەنووکە دەوامی هێناوە و ئێستاش وەک هێزێکی ناوچەکە خاوەن هێز و کاریگەری‌یە، بەڵام ئەمە هەرگیز بە مانای ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی مۆدێلێکی سەرکەوتووی حکومەتداری‌یە بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانە، هەبوونی ئەو هەموو قەیرانانە لە ئێران‌دا نیشانە و بەڵگەی بەهێزی شکستخواردوویی سیستمی کۆماری ئیسلامین. ئەوەی کە ئەم سیستمە تا کەی دەوام دێنێ و چۆن لەگەڵ گۆڕانەکانی کۆمەڵگە مامەڵە دەکا و لە لایەکی دیکە خەڵکیش چۆن ڕووبەڕووی هۆکاری ئەم قەیرانگەلە دەبنەوە پرسیارێکە کە شیکاریی زۆری دەوێ و داهاتووش وەڵامیان دەداتەوە.

# شیمیایی بارانی سەردەشت و کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی



عومەر باڵەکی

٧ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشتە کە بە هۆی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارە لە چوار نوختە و شوێنی شارەوە بۆمبارانی شیمیایی کران کە لە ئاکامی ئەو بۆمبارانە دژئینسانی و دوور لە عورفی شەڕ و پەیمانە نیونەتەوەییەکاندا، بە پێی ئامارەکانی ئەو سەردەمە نزیک بە ٢٠٠ کەس شەهید و نزیک بە ٨٠٠٠ کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارە بریندار و گازگرتوو بوون کە بە داخەوە دوای تێپەڕبوونی ٢٩ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا بە ئاشکرا ئاساواری برین و گازگرتوویی و نەخۆشیی بە جەستەی زۆربەی ئەوانەوە دیارە کە ئەو ڕۆژە لە شاری سەردەشت لە نزیک تەقینەوەی بۆمبەکان بوون، بێ ئەوەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی زۆری خۆ پێوە ماندوو کردبن یا بە واتایەکی دیکە خۆی لە بەرانبەردا بە بەرپرس زانیبن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە حکوومەتی کوماری ئیسلامی چەندە خۆی بەرپرسیار دەزانێ چ لە کاتی بۆمبارانەکە و چ دوای بۆمبارانەکە؟ ئایا بەراستی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و خەڵکی سەردەشت بەتایبەتی بە هاووڵاتیی ئێرانی دەزانێ؟ ئەگەر وڵامی ئەو پرسیارانە ئەرێنی بێت ئەدی چۆنە لەو بابەتە دیار و بەرچاوەدا کە بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق و درێژەدانی ئەو شەڕە لە لایەن خودی خومەینییەوە، خەڵکی بێتاوانیش لە شار و گوندەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، تێوەگلان و ئاوری شەڕ ژیان و ماڵی تێکەوە پێچان، هەتا ئێستا بە هاواری بەرکەوتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی کوردستانەوە نەچوون! بە پێی بنەما نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، دەوڵەت و سیستمی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ماڵ و ئەمنییەتی هاووڵاتیانی دەکەویتە سەرشان و هەر جۆرە کەمتەرخەمییەک لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا، نیشانەی ئەوەیە کە دەوڵەت نییەتێکی بە ئەنقەستی تێدایە بۆ ئەوەی زیان بە خەڵک بگەیەنێ. لەو کارەساتە سامناکەی سەردەشتدا ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران بە ئەنقەست چ پێش لە ڕوودانی بۆمبارانەکە و چ دوای ئەوە، خۆی گێل کردوە و کەمتر بایەخی پێ داوە و تەنیا هەوڵی داوە لە بازنەیەکی بەرتەسکی ناوچەکەدا بهێڵدرێتەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامی دەبوایە چ بکا کە نەیکردووە؟ ئەگەر زۆر بە کورتی ئیشارەیان پێ بکەین دەتوانین گرینگترین خاڵەکان بەم شێوەی خوارەوە دەست نیشان بکەین؛ ئەلف: بە پێی هەموو شاهیدحاڵەکان و ڕاپۆرتی هەواڵنێرە نێوخۆییەکان، خەڵکی سەردەشت کەمترین زانیاریان لە سەر چەکی شیمیایی لە کاتی تەقینەوەدا نەبووە کە بزانن یەکەم کاردانەوەی سەرەتاییان تا گەیشتنی تیمی فریاکەوتن دەبێ چۆن بێ و ئەو کەسانەی کە وەبەر ئەو جۆرە چەکانە کەوتوون چۆن هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکرێ بۆ ئەوەی کەسانی تووش نەبوو و سالم، لە گازگرتوویی و تووش بوون بە مەوادی شیمیایی پارێزراو بن. ب: نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانی و پێڕاگەیشتنی خێرا بە بریندارەکان، یەکێکی دیکە لەکەمتەرخەمییەکانی کۆماری ئیسلامییە، بە پێی قسەی « دوکتور حەسەن سەقت فرۆش» ناوەندی فریا کەوتنی شیمیایی لە گوندێک بە ناوی «هەوار سیمان» کە ١٥ کیلۆمیتر لە شاری سەردەشت دوورە، دامەزراوە و هەر ئەو دوکتورە دەڵێ کاتێک خەڵکمان ئاگادار کردەوە کە ئەوە بۆمبارانی گازی شیمیاییە کە زیاتر لە ٢٠ خولەک بە سەر تەقینەوەی بۆمبەکان تێپەر ببوو و بۆ بە هاناوەچوون و تیمار کردنی بریندارەکان لانی کەم سەعاتێکی خایاندوە کە ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە بۆ بڵاوبوونەوەی گازی شیمیایی و زۆر بوونی خەسارەتی مرۆیی. ج: هەر چەند شاری سەردەشت وەک شارێکی سنووریی لە کاتی شەڕی عێراق – ئێراندا هەموو کات ئامانجی هێرشی فڕۆکە شەڕکەرەکان و تۆپدوورهاوێژەکانی عێراق بووە، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کەمتر حاڵەتی پەدافەندیی بۆ کەمکردنەوەی خەسارە مرۆییەکان لەو شارە ڕەچاو کردووە و هەر ئەو دوو نموونەی سەرەوە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەن. د: ٢٩ ساڵ بە سەر کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشت تێپەڕ دەبێ بەڵام بۆ جارێکیش نە دەوڵەت و نە مەجلیس لە بیری ئەوەدا نەبوون بە پەسەند کردنی پرۆژەیاسایەک ئەو کارەساتە سامناکە لانی کەم لە نێوخۆی ئێراندا وەک جینایەتی جەنگی سەدام حوسێن دژ بە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان بناسێنن و ڕەوتی قانوونی و ئیجرایی پێ بدەن. ە: لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ئێران و عێراق، دەوڵەتی ئێران هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا بوو کە داوای قەرەبووکردنەوەی زیان و زەرەری ماڵی بکاتەوە، کارەساتی سەردەشت دەیتوانی یەکێک لە بەڵگە بەهێزەکان بێت بە دژی سەدام حوسێن و دەوڵەتەکەی، چونکە بە پێی پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژێنێڤ، بە کار هێنانی گازی سەممی و خنکێنەر لە شەڕەکاندا




هەرچەند دەوڵەتی عێراق تاوانباری سەرەکیی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتە بەڵام کەمتەرخەمی و پشت گوێ خستنی ئەو پەروەندەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە قەت تاوانەکەی سەدام حوسێن قورسە، چونکە چ پێش ڕووداوەکە و چ دوای ڕووداوەکە وەک دەوڵەت بەرپرسایەتیی خۆی لە بەرامبەر هاونیشتمانیان دا بەرێوە نەبردوە ، واتا نەیتوانیوە لە ئاگری شەر بیانپارێزێ و لە دوای ڕوودانی کارەساتەکەش، وەک ڕووداوێکی ئاسایی مامەڵەی لە گەڵ کردووە وەک دەوڵەتێکی بەرپرس بەهانای خەلکی سەردەشتەوە نەچووە

قەدەغەیە کە دەبینین دەوڵەتی عێراق لە ماوەی شەڕی عێراق- ئێراندا لانی کەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە ١٣ جار لە سەر خەڵکی بێ دیفاع تاقی کردۆتەوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٦١ لە «ساوجی» ناوچەی مەریوان وچڵەپۆپەی ئەو بومبارانە شیمیایانەی عێراق لە شاری سەردەشت لە ساڵی ٦٦ بەڕێوەچووە. بەڵام ئێران بە ئەنقەستیش بووبێ نەیویستووە ئەو پەروەندەیە ببێتە جیهانی و نیودەوڵەتی، هەر بۆیە لە کاتی دەسەڵاتدارەتی سەدام حوسێندا بە دوایدا نەڕویشتووە وهەوڵی داوە ئیمتیازی سیاسی بە قازانجی مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە سەدام بستێنێ و وا نیشان بدا کە لەو شەڕەدا براوەی شەرە. هەرچەند ڕەنگە لەو نووسینەدا کە بابەتەکە بەرپرسیارەتیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییە بەرامبەر بە شەهیدان و بریندارانی شیمیایی بارانی سەردەشت، بەڵام دەکرێ ئەو پرسیارانەش بێنینە ئارا و لە سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی بپرسین، دەسکەوتی شەری ٨ ساڵەی ئێران- عێراق چی بووە بۆ گەلانی ئێران، بێجگە لە ماڵوێرانی و زیان و زەرەرێکی زۆری ماددی و مەعنەویی و، بە چ پێوانەیەک خۆیان بە سەرکەوتووی ئەو شەڕە دەزانن؟ چونکە دوای تێپەر بوونی ٢٨ ساڵ بە سەر ئاگربەستی ئەو شەڕە هێشتاش ئاسەواری جەستەیی و ماددی و مەعنەوی لانیکەم بە جەستەی بریندارانی شاری سەردەشتدا دەبیندرێ و تێپەر بوونی کات نەیتوانیوە و ناشتوانی ئەو برینە قووڵە سارێژ بکاتەوە. ق: دوای ڕوخانی سەدام حوسێن و هاتنە سەر کاری حکوومەت و دەسەڵاتیکی دیکە لە عێراق دیسان ئەو هەلە لە دەستی سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی‌دا هەبوو کە لە ڕێگای پیوەندیی دیپلوماتیکی دوو لایەنەی عێراق- ئێران، ئەو پەروەندە زیندوو بکرێتەوە و داوا لە حکوومەتی عێراق بکرێ کە کردەوەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت کە بە فەرمانی سەرکۆماری پێشووی عیراق واتا سەدام حوسێنەوە ئەنجام دراوە مەحکووم بکا و لەهەمان حال دا دەوڵەتی عێراق ئەرکدار بکرێ بە قەرەبوو کردنەوەی زیانی بنەماڵەی شەهیدان و بەرکەوتووەکانی چەکی شیمیایی، کە هەتا ئێستا بە هەموو تەراتێنەکانی ئێران لە عێراق، ئەو پەروەندەیە بێدەنگی لێکراوە. بەڵام ئەگەر لەو حاڵەتەدا دەوڵەتی عێراق وەڵامی داخوازیی دەوڵەتی ئێرانی نەدابایەوە دەوڵەتی ئێران دەیتوانی لەو مافەی خۆی کەڵک وەربگرێ کە دەعوای قەزایی لە دیوانی دادگوستری نیونەتەوەیی بە دژی عێراق تۆمار بکا و وەک پەروەندەیەکی سەربەخۆ بیدا بە دادگا و داوای مەحکوومییەتی عێراق و قەرەبووەکردنەوەی زیان لێکەوتووەکان بکا و ئەوە مافی هەر دەوڵەتێکە کە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتوەکانی واژۆ کردوە و بۆتە ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانی‌یەدا و، بە پێی مادەی ٩٣ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێڕەوی دیوانی دادگوستری نێونەتەوەییان قبووڵ کردوە، هەر بۆیە لەو دیوانەدا مافیان هەیە شکایەت ڕادەستی دادگا بکەن و هەم دادگا مافی هەیە ئەو دەوڵەتانە بانگهێشتن بکا بۆ وڵامدانەوەی ئەو سکاڵایەی لێیان کراوە. بەڵام دەبینین ئێران پەروەندەی شیمیایی بارانی سەردەشت کە لە چەشنی خۆیدا کارەساتێکی مرۆییە و یەکەم شارە لە مێژووی شەڕەکاندا وەبەر چەکی شیمیایی دەکەوێ و بە شێوەیەکی بەربەرین خەسارەتی ئینسانی لێ دەکەویتەوە کە هەتا ئێستاش ئاسەواری دیارە، دەوڵەتی ئێران بە هەر هۆکارێک بێ خۆی لەو بابەتە بواردووە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە نزیک بە ساڵێک دواتر لە بۆمباران شیمیایی سەردەشت فڕۆکەیەکی مەدەنی لە سەر ئاوەکانی کەنداوی فارس بە هۆی تەقەی ناوگانێکی جەنگی ئەمریکا کەوتە خوارێ و دەمودەست ئێران ئەو پەروەندەیەی بردە دادگای نێونەتەوەیی و شکایەتی لە ئەمریکا کرد و لە ئاکام دا ئەمریکا مەجبور بوو قەرەبووی کوژراوەکان بکاتەوە. لێرەدا ئەو ئاکامە وەردەگرین کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست و بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆی لە عێراق، نە ڕاستەوخۆ داوای لە دەوڵەتی عێراق کردووە و نە پەروەندەی شیمیایی بارانی سەردەشتی بردۆتە بەردەم دیوان دادگوستری نێونەتەوەیی، بۆ ئەوی ئەو کارەساتە بە جینایەتی جەنگی بناسێندرێ و لەو ڕێگەیەوە قەرەبووی زیان وێکەوتووان و بریندارانی شاری سەردەشت بکرێتەوە. لە کوتایی‌دا هەرچەند دەوڵەتی عێراق تاوانباری سەرەکیی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتە بەڵام کەمتەرخەمیی و پشت گوێ خستنی ئەو پەروەندەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە قەت تاوانەکەی سەدام حوسێن قورسە، چونکە چ پێش ڕووداوەکە و چ دوای ڕووداوەکە وەک دەوڵەت بەرپرسایەتیی خۆی لە بەرامبەر هاونیشتمانیان دا بەرێوە نەبردوە ، واتا نەیتوانیوە لە ئاگری شەر بیانپارێزێ و لە دوای ڕوودانی کارەساتەکەش، وەک ڕووداوێکی ئاسایی مامەڵەی لە گەڵ کردووە وەک دەوڵەتێکی بەرپرس بەهانای خەلکی سەردەشتەوە نەچووە.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لە دوو حەوتووی ڕابردوودا



تاهیر قاسمی

### سەردەشت؛ زامی شارێ کە زەمان سارێژی نەکرد

ژمارەی پێشووی «کوردستان» لە کاتی خۆ ئامادەکردنەکان بۆ ڕێزگرتن لە یادی قوربانیانی شیمیایی بارانی شاری سەردەشتدا بڵاو کرایەوە. شارێک کە بە دڵنیاییەوە بە هۆی کوردستانی بوونی، بوو بە قوربانیی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراق. ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی بەعسی ڕووخاو ٤ شوێنی ئەم شارەیان بە شیمیایی بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا نزیک بە ٢٠٠ کەس لە دانیشتوانی بێ دیفاعی شارەکە گیانیان لە دەست دا. هاوکات سەدان کەس لە ژن و مناڵ و پیر و لاو بریندار بوون. ئاسەواری ئەم قڕ کردنە دوای ٢٩ ساڵ هێشتا سارێژ نەبۆتەوە و بە سەر ژیان و جەستە و هەناسەی خەڵکەکەدا ماوەتەوە. یادکردنەوەی ئەم تاوانە دڵتەزێنە ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو لە لایەن دانیشتوانی شار بە تایبەت قوربانیان و بنەماڵەی قوربانیان کرایەوە بۆ ئەوەی دەنگی نووساوی خۆیان بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵە جیهانی‌یەکان بگەیەنن. کۆماری ئیسلامی لە هێندێک بانگەشە بۆ دانی حەقانییەت بە خۆی لە شەڕی ماڵوێرانکەری لە گەڵ ڕێژیمی بەعس بترازێ، کەمترین هەوڵی بۆ سارێژ کردنەوەی برینەکانی ئەم شار داوە. تا ئاستێک کە عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس لە پەیامێکدا کە بەم بۆنەوە بڵاوی کردەوە، تەنانەت ڕۆژی ڕووداوەکەشی بە هەڵە نووسیبوو.

### ڕەشتر لە بان ڕەش

ڕاست لەو ڕۆژەدا کە خەڵکی سەردەشت و ناوچەکە بە بۆنەی ساڵڕۆژی شیمیابارانی شارەکەیان ماتەمیان دەگێڕا، دوو لاوی ئەو شارە کەوتنە بەر دەسرێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانیان لێ ئەستێندرا. کوژرانی ئەوان درێژەی ئەو کوشتارە بوو کە ساڵانێکە چەکدارانی کۆماری ئیسلامی دژ بە کاسبکارانی سەر سنوور گرتویانەتە بەر. هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتی کوشتارەی کاسبکارانی کورددا و ڕۆژێک بەر لەو ئەنجامدانی ئەم تاوانە لە گوێزلێی سەردەشت، دوو خاتوونی کورد لە ناوچەی بانە کەوتبوونە بەر دەسرێژی چەکدارانی ڕێژیم و گیانیان لێ ئەستێندرا بوو. بەوەش شاری تازیەباری ساڵوەگەڕی قەڵاچۆ و قڕکردن، خەمی لێ بوو بە دوو خەم و ڕەشتری لە بان ڕەش پۆشی.

### بەرخودانی خەڵکی خاوەندار

کوژرانی دوو کاسبکار لە ناوچەی سەردەشت ئەمجارە بۆ کۆماری ئیسلامی و هێزە چەکدارەکانی بە خۆڕایی تەواو نەبوو. پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دوای کوشتنی دوو لاوی خەڵکی گوندی گوێزلێ، دەستیان بە ئازار و گرتن و دەرکردنی دانیشتوانی گوندەکە کرد. لە بەرامبەردا خەڵکی ئاوایی لێیان وەدەست هاتن و چەکدارانی ڕێژیمیان ڕاو نا و ژمارەیەکی لێ بریندار کردن. ئەم بەرخودان و بەرگریە لە ئاوایی بێورانی سەردەشتیش دووپات بۆوە و دوای ئەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پۆلێکی دیکە لە کاسبکارانیان دایە بەر دەسرێژ و دەستیان بە سەر کەلوپەلەکانیان داگرت، خەڵکی ئاوایی هەڵیانکوتایە سەر پایگای کێلێ و وێڕای لێدان و کوتانی هێزە سەرکوتکەرەکان، بارە دەستبەسەرداگیراوەکانیشیان ئەستاندەوە.

### شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگەی دێموکرات

لە درێژەی حزووری نیزامیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە لە ناوچەی مەریوان کەوتنە بۆسەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی. لە بەرگری‌یەکی ئازایانەدا و لە شەڕێکی نابەرامبەری چەند ڕۆژەدا بە داخەوە پۆلێک پێشمەرگەی کوردستان شەهید بوون. هەر لەو شەڕەدا ژمارەیەک لە چەکدارانی ڕێژیمیش کوژران و بریندار بوون. تۆپخانەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیش جارێکی دیکە بەو بیانوویە چیا و بەندەنەکانی کوردستانیان دایەوە بەر ڕەهێڵەی تۆپەکانیان و بە سوتاندنی لێڕەوار و مووچە و مەزرای خەڵک، زیان و خەسارێکی زۆریان لە دانیشتوانی ناوچەکە و لە سامانی گشتیی کوردستان دا. هاوکات کۆماری ئیسلامی زۆر دوورتر لە مەریوان و لە سنووری پیرانشاریش چیاکانی کوردستانی دایە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و لە ئەنجامدا چەند کەس لە مناڵ و خەڵکی بێدیفاعی کوردستان بریندار بوون و خەساری زۆری بە هاووڵاتیان و بە سروشتی کوردستان گەیاند.

### ژینگەپارێزان؛ پارێزەرانی نیشتمان

ئەگەر لە مەریوان تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووبەرێکی بەرینیان لە چیا کۆسالان ئاگر دا، ئەوە لێڕەوارەکانی مانێشتی ئیلام و مووچە و مەزرای شائابادی ڕۆژئاوا بێ تۆپخانەش ئاگر دران. بە هاتنەوەی وەرزی گەرما، جارێکی دیکە ڕەوتی سوتان و سوتاندنی لێڕەوار و چیاکانی کوردستان دەستی پێ کردەوە. لایەنە بەرپرسیارەکانی کۆماری ئیسلامی نەک هەوڵێکی شێلگیرانە بۆ بەرگری و کوژاندنەوەی سووتانی سروشتی کوردستان نادەن بەڵکو لە چاوی خەڵکی کوردستاندا ناوەندە ئەمنیەتی و چەکداریەکان بکەر و هۆکاری سەرەکیی ئەو سوتمانەن و ئەوەش بە بەشێک لە سیاسەتی دوژمنایەتیی ڕێژیم لە گەڵ کوردستان سەیر دەکرێ. لە نەبوونی دەسەڵاتێکی دڵسۆز بۆ پاراستنی سروشت و سامانی گشتیی کوردستانیشدا، ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی ئەمساڵیش بە کەمترین کەلوپەلی پێویست، هەر لە مانیشت و هانیوانەوە تا باکووریترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان و پاراستنی نیشتمانەکەیانن.

### مانگرتن هەروا چەکی بەرەنگاری لە زیندان

لە دووی حەوتووی ڕابردوودا ڕەوتی گیران و دەستبەسەرکرانی چالاکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا بە تایبەتی گوشار بۆ سەر چالاکانی کرێکاری چڕ بۆتەوە ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەرخودان لە زیندانەکاندا هەر وا درێژەی هەیە. بە دوای مانگرتنی زیاتر لە یەک مانگی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، جەعفەر عەزیم زادە، سەرۆکی یەکێتیی ئازادی کرێکارانیش دوای نیزیک بە دوو مانگ مانگرتن، دەسەڵاتی ناچار بە پاشەکشە کرد. دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامی بەڵێنیی بەجێگەیاندنی خواستە ئینسانیەکانی بە ناوبراو دا و مۆڵەتی دا تا دیواری زیندان بۆ ماوەیەکی نادیار بە جێ بێڵێ. هەر لەم پێوەندیەدا محەممەد عەبدوڵڵاهی یەکێکی دیکە لە بەندکراوانی سیاسیی کوردیش دوای پتر لە یەک مانگ مانگرتن دژ بە سەپاندنی حوکمی ناڕەوای ئیعدام بە سەریدا، لە سەر بەڵێنی کاربەدەستان بۆ بەجێگەیاندنی داواکانی، کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا.

# خۆڵبارین لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کەمتەرخەمیی دەسەڵات



**تەهای رەحیمی**

یەکەم خەونی مرۆڤ سەرکەوتن بەسەر ئەو دیاردە سرووشتییانەدا بوو، کە بۆ ماوەیەکی نادیار ئەو گیانلەبەرە ئاوزمەندەیان دە قوژبنی ئەشکەوتان خزاند. مرۆڤ بە تێپەڕینی کات و دەستخستنی ئەزموون و داهێنان، نەک ترسی لەو دیاردە سامناکانە رەوییەوە، بەڵکوو زۆر جار بە ئاقاری بەرژەوەندی خۆی کەڵکیشی لێوەرگرتن و بەسەریاندا سوار بوو. بەڵام ئەو چیرۆکە بەوەندە کۆتایی نەهات، دەگەڵ هەڵچوونی هێز و توانای مرۆڤ، دەسکاری باری سرووشتی گۆی زەوی و پێشڤەچوونی تێکنۆلۆژی مرۆڤ خەریکە ژیان لەسەر ئەو گۆخۆڵینە لە خۆی و بوونەوەرانی دیکە ناخۆشیش دەکا. بەرژەوەندیخوازی و رەچاونەکردنی تێکنەدانی هاوسەنگی توخم و بار و رەوتی ئاسایی دیاردە سرووشتییەکان هەنووکە گەورەترین کێشەی بۆ بوونەوەرانی سەر گۆی زەوی ناوەتەوە. دیاردەی نەخوازراوی گەرم داهاتنی زەوی، بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان، وشکەساڵی، رووتانەوەی دەشت و چیا و لێڕەوارەکان، کەمبوونەوەی بارین، وشکبوونی کانی و چەم و رووباران، دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و .... دەیان ئاریشەی دیکە لە سۆنگەی بەرژەوەندیخوازیی زێدەی مرۆڤەوە خەریکە ژیان تاڵ دەکەن. لە کوردستانی پارچە پارچەکراو، کە تا هەنووکەش داگیرکەران بە چاوی دوژمنایەتییەوە سەیری خاک و دانیشتوانی دەکەن، سەرچاوە و وزە و پوتانسیەلی ئەو نیشتمانە قەت لە بەرژەوەندی گەلدا کەڵکی لێوەرنەگیراوە و، تەنانەت هەمیشە دەوڵەتە داسەپاوەکان لە رێگەی جۆراوجۆرە هەوڵی کاولکردن و تێکدانی هەموو بوارەکانی ژیانیان لەو کەوشەنە داوە، چ بگا بە جێی ئەوەی بیر لە ئاوەدانکردنەوەی بکرێ، هەر بۆیە کە رووداوێکی سرووشتی یەخەی ژیان دەگرێ، دانیشتووانی کوردستان تووشی زیاترین ئاریشە دەبنەوە. مەبەست لەو چەند دێرە ئاوڕدانەوەیەکە لە ژیانی ژێر تارماییەکانی تەپ و تۆز و خۆڵبارینی هاوینانەی کوردستان و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان، کە وەک هەمیشە دەگەڵ کێشە و ئاریشەکان بەتەنێ دەمێنێتەوە و، کە کار دەگاتە کوردستان بەرپرسان و دەسەڵاتداران هۆکار و بیانووی خەرفاوانە دەهێننەوە.

بەدواداچوون و دیاری کردنی سەرچاوەی ئەو خۆڵ و تەپ و تۆزەی روو لە کوردستان دەکەن، خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بەرینە، هەتا رێگەی چارەسەرەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. هەروەها وازهێنانی هەندێک دەوڵەتی ناوچەکە کە بەهۆی گرتنەوەی ئاوی رووبارە گەورەکان، کە بوونەتە هۆی وشکهەڵاتن و برینگانەوەی ناوچەیەکی پان و بەرین لە خوارووی ئێراق، لە بەرژەوەندییەکانیان چیرۆکێکی دیکەیە. روون و ئاشکرایە خۆڵبارین ساڵانە زیانێکی زۆری بۆ لەشساغی، ژینگە و رێگەوبان، بەروبوومی کشتوکاڵی و گیانلەبەران، باڵندە و بەگشتی هەوای شار و ناوچەکان و سەرلەبەری ژیان هەیە. کەواتە تەنانەت قسەکردن لەسەر ئەو پەتایانەی خۆڵبارین تووشی خەڵکی دەکەن خۆماندووکردنە، بەڵکوو ئەگەر دەزانین گەلەکۆمەکی وڵاتانی ناوچەکە بەهۆی باری ئاڵۆزی سیاسی رۆژهەڵاتی ناقین لەوانەیە ئەستەم و دوورەدەست بێ، بەڵام ئایا پرسیار ئەوە نیە، خودی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی چەند و چۆن بەرەنگاریی ئەو دیاردەیە بووەتەوە، یان ئەوەی تا چەند لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە کاولکردنی ژینگەی کوردستان و، پشتگوێخستنی بواری خزمەتگوزاری و پێڕاگەیشتن لەو بوارەدا کەمتەرخەم بووە؟

ئایا کۆماری ئیسلامی کە خۆی قەت لە خەمی ژینگەی کوردستاندا نەبووە، تەگەرە و لەمپەڕیشی بۆ ئەو خەڵک و دامەزراوە خۆجییانە ساز نەکردوە، کە خەمێک لە ژینگە و بەتایبەت دار و دارستانی وڵات دەخۆن؟ یاخود سەرەڕای نارەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵکی ناوچەکە دەستی لە بەنداو هەڵبەستنی زێدەڕۆیانە و بەڕێکردنی ئاوی سەرچاوەکانی کوردستان بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران هەڵگرتووە؟ ئایا زنجیرە شاخانی زاگروس بە شینایی و دار و دارستانییەوە کە دەتوانێ وەک دیوارێک بەر بە دیاردەی لەم شێوەیە بگرێ یان زیانەکانی کەم بکاتەوە، دەسەڵات چەندی خەم لێ خواردوە؟ یان ئەوەی بەردەوام بەهۆی دەستوپێوەندەکانی حکوومەت خەریکە ئاگر دەدرێ، پاشانیش چ خەمێکی لە چیا و کێوە سووتاوەکان خواردوە؟ یان تەنانەت بۆ کووژاندنەوەی ئاگریش هەمیشە شایەتی کەمتەرخەمی نەبووین، تەنانەت زۆر جار گرفت بۆ ئەو لایەنانە دروست نەکراوە کە دڵسۆزانە بە خەمی ژینگەوە بوون؟ ساڵانە ئەو هەواڵە دڵتەزێنانە چەندین و چەندین جار دەبن بە تیتری هەواڵی رۆژنامە و هەواڵدەرییەکان. ساڵانە چەند لە رووبەری کوردستان نەمامی تێدا دەنێژرێ؟ یان چەند کارگە و یەکەی بەرهەمهێنەری زیانبەخش وریادەکرێنەوە بۆ ستانداردکردنی کار و چالاکییان؟ ئایا شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵات بەگوێرەی پێویست دوکتور و دەرمان و ئامێر و ئامرازی پزیشکی پێشکەوتوو و شوێنی پێڕاگەیشتنیان بۆ دابینە؟ لە حاڵێکدا شەپۆلی خۆڵبارین هەڵگری چەندین باکتری و نەخۆشی گیرۆیی(واگیردار)ن. ئایا حکوومەت ساڵانە هیچ پلان و ئامادەکارییەکی هەیە بۆ دیاردە سرووشتییەکان، بەتایبەت دیاردەی خۆڵبارین کە پێشتر لە وڵاتانی دەوروبەرەوە هەڵیدەکا و پاشان دەگاتە ئێران؟ ئایا هیچ وشیارکردنەوەی پێشوەختە هەیە، تا هاووڵاتییان خۆیانی بۆ ئامادە بکەن؟ یان هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لەم بارەیەوە بۆ ئەو ناوچانە دەکرێ کە شەپۆلەکانی خۆڵبارین دەیانگرێتەوە؟ شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەگوێرەی ستاندارد خاوەن سەوزایی و شینکایی هەن. یان هەموو کات ئەو دیاردەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە کارەسات و مردنی هاووڵاتییانی لێکەوتۆتەوە و بەهۆی نەبوونی هیچ رێکار و بەرەنگارییەکی تۆکمە پشووی دانیشتووانی سوار کردوە. بەڵێ نەبوونی هیچ بەرنامە و پلانێک بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە، ساڵانە بۆ چەندین رۆژ ژیانی دانیشتووانی رۆژهەڵاتی کوردستان قەیراناوی دەکا و، سەرەڕای دەنگ هەڵبڕینی نوێنەرانی شارە کوردییەکانیش، هێشتا دەوڵەت هیچ بوودجەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەو دیاردەیە نەگرتۆتەبەر. ئەوە جگە لە مەترسی وشک بوونی گۆلی ورمێ، کە ئەویش بەهۆی سیاسەتی لێ نەزانانە و هەڵبەستنی بەنداو و گرتنەوەی ئاوی ئەو رووبارانەی دەڕژێنە ئەو گۆلەوە، لەوپەڕی خۆی دایە و ئەگەر بێتوو گۆلی ورمێ بەرپرسیارانە ئاوڕی لێ نەدرێتەوە کارەساتێکی بەرینتری بۆ خەڵکی ئێران و کوردستان بە دواوەیە. کۆماری ئیسلامی و بەرپرسان دیسانیش شەکریان شکاند و دوایین هەڵوێستی بەرپرسێکی دەوڵەت بوونی داعش و وڵاتانی وەک عەرەبستان و تورکیە بە هۆکار دەزانێ، وەک هەمیشە پلانی (طرح توطئە). ئەوە لە کاتێکدایە سپای پاسداران هەنووکە خەریکە بە تۆپبارانی چیاکان بە تەواوی ئەو بەرزاییانە دەرووتێنێتەوە و ئەو لەمپەڕە سرووشتییەش لەبەر شەپۆلی خۆڵبارین ناهێڵێ.

---

# ئیسلامی سیاسی

## [و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران دا (بەشی دوویەم)

**حەسەن حاتەمی**

جگە لە پێشەکی بەشی یەکەم - کە باس کرا- لە درێژە دا، پێویستە ئەوەش زیاد کەین کە: «ماددی وەیتزمن» و «افریم اینبار»* لە نووسینی پێشەکی کتێبی « رادیکالیسمی مەزهەبی لە رۆژهەڵاتی نێوڕاست» دا، گرینگی بە شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەدەن و ئاماژە بە دیاردەی سیاسی بوونی ئیسلام دەکەن.

لەوپێوەندییە دا، گەلێکی رامان و پرسیار هەیە کە دووانیان برتین لە: ئایا»ئیسلامی سیاسی» بناخەی روودانی شۆڕشی ئیسلامی بوو یا «سیاسی بوونی ئیسلام»؟ هەڵبژاردنی هەرکام لەو دوو روانگەیە، دەتوانێ بەستێنی خوێندنەوەی شۆڕشی ئیسلامی دیاری بکا.

هەروەها، «ماددی وەیتزمن» و «افریم اینبار» دەڵێن: ئەگەر قبووڵی بکەین کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەرهەمی مەیلی سیاسیی بوونی ئیسلام لە جیهاندا بووە؛ ئەوکات دەتوانیین بە روونی بڵێین کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەرجەستەترین وێنەی رەوتی سیاسیی بوونی ئیسلام لە سەدەی رابردوو دایە. سیاسی بوونی ئیسلام لە سەدی بیستەم دا، لەسەر سیاسیی بوونی دینەکانی دیکەش کاریگەری هەبووە و رەوتی لەنێوچوونی ئیدئۆلۆژییەکان کە لە دوایین دەیەیی رابردوو دا، دەستی پێکردبوو، دەور و هەوڵ و کاریگەری بیروهزری دینی پتر کردوە.

هەر ئەو باسە سەرنجی زۆربەی وتار و کتێبە مێژوویی و نووسراوەکانی لەو چوارچێوەیە دا، سەبارەت بەو رووداوە گرینگە لە جیهان دا، کردۆتە ئامانجی هۆیەکانی لێکدانەوەی رووخانی حکوومەتی شا. [ پەهلەوی دوویەم]

- بازخوانی انقلاب اسلامی بخش دوم «مفهوم و نامفهوم»، جمشید فاروقی، تهران ریویو-

*

Bruce Maddy-Weitzman and Efraim Inbar, “Introduction”, in: ReligiousRadicalism in the GreaterMiddleEast, edited by Bruce Maddy-Weitzman and Efraim Inbar, (London-Portland, Or ١٩٩٧), p. ١

***

### دەوری مەزهەبی شیعە

لە کاتی دەسەڵاتی سەفەوییەکان-٨٨٠ هەتا ١١٠١ کۆچی- هەتاوی(١٥٠١ هەتا ١٧٢٢) ی زایینی لە ئێران دا، شیعەی دوازدە ئیمامی بوو بە دینی رەسمی وڵات و رووحانییە شیعەکان بوونە شەریک و هاوبەشی دسەڵات. ئەوان بۆ پەرەپێدانی مەزهەبی شیعە، مەکتەب و مەدرەسە دینییەکان هەوڵێکی زۆریان دا. بۆیە ناوەند مەزهەبییەکانی شیعە برەوی پتریان پەیدا کرد. یەکێک لەو شوێنانەی بوو بە بنکەیەکی گەورە و پەرەگرتوویی مەزهەبی شیعە، مەدرەسەی فەیزییەی قوم بوو.

### مەدرەسەی فەیزییەی قوم

شارە دێیقوم لە زەمانی ئیمامی عومەر- خەلیفەی دووهەمی موسڵمانان لە ساڵی ٢٣ ی مانگی (قەمەری)، ساڵێک پێش مردنی دا-، بەدەستی موسوڵمانەکان گیرا. پاشان ئەشعەرییەکان هاتنە ئەو شوێنە و تایفە جۆراوجۆرەکانیان لەوێ کۆکردوە و خوێندنگەکان بۆ وانەوتنەوەی مەزهەبی شیعە، دروست کران.

ساڵی ٢٠٠ ی کۆچی ئیمام رەزا دەچێتە قوم و برەوی زیاتر بە مەدرەسە دینییەکان دەدا. ساڵی دواتر، ناوبراو دەچێتە خوراسان. بەدوای ئەو دا مەعسوومەی - کچی ئیمام موسا کازم- لە ساڵی ٢٠١ کە بۆ خوراسان دەچێ، لە قومێ کۆچی دوایی دەکا و لەوشارە دەنێژرێ. شوێنێکی گەورەی بۆ تەرخان دەکەن و گومبەزیکی مەزنی بۆ دروست دەکەن. ئەوشوێنە لەو کاتیڕا دەبێتە ناوەندی ناشتنی ئیمامامەکان و وەک: یەکێک لە زیارەتگەی «مقدس» ی شیعەکانی لێدێ.

لە سەدەکانی ٥ و ٦ دا، سەلجووقییەکان دەسەڵاتبەدەستی ئەو ناوچەیەن. مەزهەبی شیعە بەهێزتر دەبێ. قوتابخانەکانی « سعد صلت، اثیرالموک، زین الدین و ظهیرالدین» دروست کران و قوتابییەکان زۆرتر بوون.

مەدرەسەی فەیزییە لە زەمانی سەفەوییەکان دا دروست کرا. مەدرەسەکانی دیکەی دینیش هەر سازکران. زانایانی ئەوکات وەک: « ملا صدرا، ملا محسن فیض، علامە لاهیجی، شیخ بهایی» و... دەرسیان لە قوم گوتوە.

لەدەورانی قاجارەکانیش دا، مەدەرسە دینییەکان و خوێندنگە ئیسلامییە شیعەکان بەربڵاوتر و زۆرتر بوون.

### حەوزەی عیلمییەی قوم

حەوزەی عیلمییەی قوم لە ساڵی ١٣٠١ (١٩٢٢) بەهۆی ئایەتوڵڵا (ئا) شێخ «عبدالکریم حائری» دروست کرا. ناوبراو ماوەی ١٥ ساڵ بەرپرسی ئەو شوێنە بوە. دەرسە دینی یەکان لق و پۆپی پتریان هاویشت. دوای مەرگی حائیری ٨ ساڵ ئەوشوێنە بەهۆی «سید محمد حجت، سید صدرالدین صدر و سید محمد تقی خوانساری» بەڕێوە برا.

دوای ئەوان ئا. برووجێردی گرینگترین بەرپرسی حوزەی عیلمییەی قوم بوو. ناوبراو لە ١٠ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦١) کۆچی دوایی کرد. ئەو ماوەی ١٧ ساڵ بەرپرسی حەوزەی عیلمییەی قوم و ١٥ ساڵ مەرجەعی تەقلیدی شیعەکانی جیهان بوو. سەید رووحوڵڵا خومەینی یەکێک لە قوتابییەکانی ئا. برووجێردی بوو. لەو ماوەیە دا مەدرەسە و مەکتەبەکان هەر زیاد دەکەن. چەند کتێبخانەی گەورە دادەندرێن و دەرسی جۆراوجۆری ئیسلامی؛ بەتایبەتی لە روانگەی مەزهەبی شیعەوە گرینگی پتریان پێدەرێ.

- سەرچاوە گووگل-

### مەشرووتە و مەشرووعە

لە رەوتی شۆڕشی مەشرووتە و سەرکەوتنی لە ساڵی ١٢٨٥ (١٩٠٦) دا، رووحانیەکان دەورێکی زۆر گرینگیان گێڕا. لە نێویان دا دوو بۆچوون و هەڵسوکەوتی جیاوازهەبوو. یەکەم: کەسانی وەک ئا. سەید عەبدوڵڵا بێهبەهانی و ئا. سەید محەممەدی تەباتەبایی بە پشتیوانی مەرجەعی مەزهەبی دیکە لە نەجەف وەک: ئا. محەممەد کازم خوراسانی وئا. عەبدوڵڵا لاهیجی، پێیان وابوو شا نابێ دەسڵاتی تەواوی لە بەڕێوەبەریدا هەبێ و پێویستە مەجلیسی شووڕای میللی ( عدالت خانە) بەهێزترین دەسەڵات بێ، کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ. ئەوان ناوی مەشرووتە خوازان یان لەسەر دانرا.

دوویەم: کەسانی وەک ئا. شێخ فەزوڵڵای نووری، محەممەد کازمی یەزدی، میرزا حەسەنی موجتەهیدی تەبریزی، قوربانعەلی زەنجانی و... هەبوون کە پێیان وابوو، یاساکانی مەجلیس (دارالشورا) و مافەکانی دیکە لە یاسا دا، دەبێ بە پێوانەی شەریعەتی ئیسلامی و مەزهەبی شیعە دابڕێژرێن؛ و لەژێر چاوەدێریی فەقیهەکان دا، بەڕێوە بچن. هەروەها ناوی حکوومەت یش مەشرووتەی مەشرووعە بێ. ئەوانیش ناویان مەشرووعە خواز بوو.

- سایت مؤسسەی مطالعات معاصر ایران-

ئەو دوو بۆچوونە بوون بەهۆی ئەوە کە، کەلێنێکی گەورە لە یەکگرتوویی خەڵک، بۆ پشتیوانی لە رەوتی شۆڕشی مەشروتەدا، دروست بێ. چونکە شێخ فەزوڵڵای نووری و هاوبیرانی بزووتنەوەی مەشروتە خوازانیان- وەک دیاردیەکی گوماناوی سەیر دەکرد- و بە پیلانی وڵاتانی ئیستیعماری رووس و ئینگلیس و مەرامەکانی ئەوانیان، پێناسە دەکرد.

کەسانی وەک: یەحیا دەوڵەت ئابادی، نازمولئیسلامی کرمانی و ئەحمەدی کەسرەوی- ش، جیاوازیی بیروبۆچوونی شێخ فەزولڵا و هاوبیرانیان بۆ پاوانخوازی، دنیا ویستی و قازانجی توێژ (سینف) ی لێک دەدایەوە. هێندێک لە لێکۆلەرانی دیکەش ناکۆکیی بیروبۆچوونی عولەماکانیان بۆ « جیاوازی بیرو بۆچوونی بنەڕەتی» و بەشێکیش بۆ «هۆیەکانی دەورووبەر» لێکداوەتەوە.

هەمان سەرچاوە--

دوای سەرکەوتنی دووبارەی مەشرووتە خوازان لە ١٢٨٨ (١٩٠٩) دا، شێخ فەزوڵڵای نووری، کە موخالیفی مەشرووتەخوازی، تەکفیر کردنی خوراسانی و لاهیجی و ناودێرکردنی شۆڕشی مەشرووتە بە «فتنە» و... بوو؛ بە حوکمی کۆمیتەی ئینقلاب و دەستووری شێخ ئیبراهیمی زەنجانی لە مەیدانی تۆپخانەی تاران لە دار درا و پاشان لە «گومبەزی ئیمامەکانی» قوم نێژرا.

- سایت، دلتنگی ها و اندیشەها-

بیروبۆچوونی مەشرووتە و مەشرووعە لە چالاکییەکانی دواتری رووحانییە شیعەکانی ئێران و عێراق، لە پشتیوانی یا دژایەتیی کردنی دەسەڵاتدارەکان وکاریگەری لە کۆمەڵگە دا، دەورێکی گرینگیان هەبوو.

# راپۆرتی سیاسیی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگره‌ی شازده

## که له لایه‌ن سکرتێری گشتی حیزب، به‌ڕێز خالیدی عه‌زیزی‌یه‌وه پێشکه‌ش کرا ( به‌شی کۆتایی )

### کۆتایی: بیلان و دووره‌دیمه‌ن

**هاوڕێیانی به‌ڕێز!**

له ده‌سپێکی ئه‌م ڕاپۆرته‌دا ئیشاره‌مان به‌وه کرد که حیزبی دێموکراتی کوردستان هه‌ڵگری چ ریساڵه‌تێکی پیرۆز و خاوه‌نی چ رابردوویه‌کی پڕ سه‌روه‌رییه. شانازی‌کردن به‌و میراته مه‌عنه‌وییه به‌نرخه و دڵگه‌رمیمان به‌و سه‌رمایه سیاسی و مێژووییه نابێ وه‌ها به‌ری چاومان بگرێ که نه‌توانین کێشه و که‌موکوڕییه‌کانی خه‌بات و بزووتنه‌وه‌که‌مان چ له دیدێکی مێژووییه‌وه و چ له سه‌رده‌می ئێستادا ببینین. رازی مانه‌وه و پێشوه‌چوونی هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌ک به‌خۆداهاتنه‌وه و خۆگونجاندنی به‌رده‌وامه. ئه‌وه‌ش کاتێک ده‌کرێ که ئێمه له‌وه نه‌ترسین که قامک له‌سه‌ر گیروگرفته‌کان دابنێین و ئازایه‌تیی ئه‌وه‌مان هه‌بێ له خۆمان بپرسین پاش ئه‌و خه‌باته دوورودرێژ و پڕقوربانییه له کوێی ڕێگاکه راوه‌ستاوین و به کوێ گه‌یشتووین. دیاره ئه‌و لێکدانه‌وه‌یه ته‌نیا تایبه‌ت به حیزبی ئێمه نیه ، چونکه باری ئه‌مڕۆ و به‌رهه‌می تا ئێستای خه‌بات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات شتێکی بێگانه و جیاکراوه له هه‌موو بزووتنه‌وه‌ی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان نیه. ئێمه لێره‌دا هه‌ر له‌و کاته‌دا که ته‌نیا به ناوی خۆمانه‌وه قسه ده‌که‌ین، نه‌خش و به‌رپرسیارێتیی بنه‌ڕه‌تیی حیزبی دێموکڕات له بردنه‌پێش و سه‌رخستنی بزووتنه‌وه‌ی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانیشمان له‌به‌ر چاوه و هه‌ر به‌و دیده‌شه‌وه بۆ ئه‌رک و به‌رپرسیارێتییه‌کانی ئێستا و داهاتوومان ده‌ڕوانین.

ئه‌گه‌ر ئێمه ده‌سکه‌وته‌کانی خه‌بات و به‌رهه‌می کاری سیاسی ته‌نیا له گه‌یشتن به ئازادی و دێموکڕاسی و به‌ده‌سته‌وه‌گرتنی ده‌سه‌ڵاتدا نه‌بینین، کارنامه‌ی حیزبی دێموکڕات پڕاوپڕه له ده‌سکه‌وت و به‌رهه‌م. پێش هه‌موو شتێک خودی شکڵگرتن و دامه‌زرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وه‌ک یه‌که‌مین حیزبی مۆدێرن و جه‌ماوه‌ری له مێژووی کورددا ده‌بێ به ترۆپکی له قالبدانی هۆشیاریی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد له‌و سه‌رده‌مه‌دا دابنرێ. ده‌سپێکی به‌هێز و پڕشنگداری مێژووی ئه‌و حیزبه که بریتییه له هه‌وڵدان بۆ وه‌دیهێنانی خه‌ونی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌یی له ڕێگای دامه‌زراندن و به‌ڕێوه‌بردنی کۆماری کوردستانه‌وه، ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی

رازی مانه‌وه و پێشوه‌چوونی هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌ک به‌خۆداهاتنه‌وه و خۆگونجاندنی به‌رده‌وامه. ئه‌وه‌ش کاتێک ده‌کرێ که ئێمه له‌وه نه‌ترسین که قامک له‌سه‌ر گیروگرفته‌کان دابنێین و ئازایه‌تیی ئه‌وه‌مان هه‌بێ له خۆمان بپرسین پاش ئه‌و خه‌باته دوورودرێژ و پڕقوربانییه له کوێی ڕێگاکه راوه‌ستاوین و به کوێ گه‌یشتووین

دایه ئه‌و حیزبه که هه‌م له ئاستی نێوخۆییدا کار له‌سه‌ر بنیاتنانی دامه‌زراوه‌کانی حاکمیه‌تی خۆماڵی و هێماسازیی سیاسی و نه‌ته‌وه‌یی بکا، هه‌م به له‌به‌رچاوگرتنی هه‌لومه‌رجی ئه‌وسا وه‌ک کورد بچێته نێو مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندی و دنیای ده‌ره‌وه‌ی خۆی. به‌رهه‌می ئه‌و ده‌سپێکه ته‌نیا له ده‌سکه‌وته‌کانی کۆماردا که به‌شی هه‌ره زۆریان دواتر بوون به ده‌سکه‌وتی زیندووی هه‌موو کورد، کورت نابێته‌وه. له ڕێگای ئه‌زموونی کۆماره‌وه حیزبی دێموکڕات له‌ڕاستیدا گه‌لی کوردی خسته به‌ر تاقیکردنه‌وه‌ی توانا و پۆتانسیه‌له‌کانی ئه‌و گه‌له له تاودانی روون و سیستماتیک بۆ ئه‌و ویسته سیاسییانه‌ی تا ئه‌وده‌م به‌شێوه‌ی پچڕپچڕ و له‌سه‌ر بنه‌مایه‌کی نه‌ریتی و له چوارچێوه‌یه‌کی به‌رته‌سکی زێهنیدا کاریان بۆ کرابوو. ئه‌و تاقیکردنه‌وه‌یه هه‌ر له‌و کاته‌دا که ئه‌م توانا و پۆتانسیه‌لانه‌ی تێست کرد و سنوور و که‌موکوڕییه‌کانی ده‌رخست، هه‌ستی متمانه به‌خۆبوونیشی له کورددا دروست کرد و بوو به هۆی ئه‌وه که نه‌وه‌کانی دواتر له فکری دووباره‌کردنه‌وه‌ی ئه‌زموونی کۆماردا بن و بۆ وه‌دیهێنانی خه‌ونه‌کانی کۆمار تێبکۆشن.

راسته که له‌دوای ئه‌و ده‌سپێکه له ده‌سه‌ڵاتداری و به‌ده‌ر له په‌رانتێزی چه‌ند ساڵی یه‌که‌می پاش ئینقلابی ١٣٥٧ی ئێران، حیزبی ئێمه زۆربه‌ی کات هه‌ر له خانه‌ی خه‌باتی چه‌کداریدا کاری کردوه و زۆربه‌ی کاتیش ناچار بووه ئه‌و خه‌باته له ده‌ره‌وه‌ی سنووری جوغرافیای سروشتیی خۆی ڕا هیدایه‌ت بکا. به‌ڵام تێکۆشانی ئه‌و حیزبه ته‌نیا بۆ پاشه‌کشه‌کردن به‌و حاکمیه‌ته سه‌ره‌ڕۆیه نه‌بووه که گه‌له‌که‌ی چه‌وساندۆته‌وه، به‌ڵکوو ئه‌و حیزبه سه‌رباری هه‌موو ئه‌و سه‌ختییانه‌ی به‌ره‌وڕووی بوونه‌ته‌وه، هه‌میشه له فکری قووڵکردنه‌وه‌ی ده‌سکه‌وت و به‌رهه‌می زێهنی و سیاسیی بزاڤی گه‌له‌که‌یدا بووه، ئه‌وه‌ش چ به جێگیرکردنی مه‌سه‌له‌ی کورد وه‌ک مه‌سه‌له‌یه‌کی سیاسی له به‌رامبه‌ر ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندیدا و ناساندنی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه به جیهانی ده‌ره‌وه، چ به کارکردن له‌سه‌ر هۆشیاریی نه‌ته‌وه‌یی و ڕێکخستنی سیاسی و چه‌سپاندنی ناسنامه‌ی فه‌رهه‌نگیی گه‌له‌که‌مان. له‌لایه‌کی دیکه‌وه، هه‌موو ئه‌و نرخه قورسه ئینسانییه که له‌و حیزبه‌دا و به‌ده‌وری ئه‌و حیزبه‌دا له‌پێناوی ویسته ره‌واکانی گه‌له‌که‌ماندا دراوه، هه‌موو ئه‌و تاقیکردنه‌وه‌یه‌ی له به‌کاربردنی شێوه جۆربه‌جۆره‌کانی خه‌باتدا به‌شێوه‌ی واقعبینانه و به‌دوور له دۆگماتیزم و ئیدئۆلۆژیگه‌رایی ئه‌و حیزبه تێی‌په‌ڕاندوون و هه‌موو ئه‌و بایه‌خ و پره‌نسیپانه که ئه‌و حیزبه له شێوه‌ی بردنه‌پێشی خه‌باتێکی ئینسانی و شارستانیانه‌دا و له‌بواری پێوه‌ندییه نێوخۆییه‌کانی بزووتنه‌وه‌ی کورد و چۆنیه‌تیی ته‌عامول له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تانی حاکم به‌سه‌ر کوردستاندا جێگیری کردوون و زۆر خاڵی ورد و درشتی دیکه که لێره‌دا ده‌رفه‌تی ئاماژه پێکردنیان نیه، هه‌مووی ده‌بێ وه‌ک به‌شێک له هه‌گبه‌ی به‌رهه‌می خه‌باتی ده‌یان ساڵه‌ی ئه‌و حیزبه چاو لێبکرێ.

له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و خاڵه به‌هێز و پۆزه‌تیڤانه‌ی کارنامه‌ی حیزبی دێموکڕات و بزووتنه‌وه‌ی کورد له ڕۆژهه‌ڵات، دڵسۆزیمان بۆ حیزب و ئه‌فزه‌لییه‌تی به‌رژه‌وه‌ندیی خه‌باتی گه‌له‌که‌مان حوکممان پێ‌ده‌کا که که‌موکوڕییه‌کانی ئه‌و خه‌باته‌ش وه‌ک هه‌ن ببینین و ئازایانه و ژیرانه له فکری چاره دیتنه‌وه و هه‌نگاونان بۆ که‌مکردنه‌وه و نه‌هێشتنیاندا بین. ئه‌گه‌ر له مه‌ودایه‌کی به‌ردرێژ و له ڕوانینێکی گشتیتردا چاو له خۆمان بکه‌ین، یه‌که‌مین که‌مایه‌سی و گرینگترین خاڵی نه‌رێنی که به فکردا دێ، نه‌بوونی یه‌کگرتوویی و کێشه نێوخۆییه‌کان چ له‌نێو ریزه‌کانی حیزبی دێموکڕاتدا و چ له‌نێوان هێزه سیاسییه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستاندایه. له که‌س شاراوه نیه که ئه‌و هه‌موو لێکدابڕان و له‌تبوونه که له مێژووی حیزبی ئێمه‌دا رووی داوه و چه‌ندین ساڵ شه‌ڕوکێشه‌ی نێوخۆیی له‌سه‌ر ئاستی بزووتنه‌وه‌ی کورد له ڕۆژهه‌ڵات، زه‌ره‌ر و زیانێکی زۆری به راده‌ی کارلێهاتوویی و وزه‌ی خه‌باتگێڕانه و جێگه و پێگه و ئیعتباری حیزبی دێموکرات و بزووتنه‌وه‌ی کورد گه‌یاندوه. ئه‌وه‌ش که ئێمه هێشتا نه‌مانتوانیوه هه‌موومان پێکه‌وه له‌سه‌ر گوتار و ڕێکارێکی هاوبه‌ش ساغ بینه‌وه که هه‌موو به‌ستێنه‌کانی خه‌بات پێکه‌وه گرێ بدا و خه‌بات وه‌ک پێویسته بباته‌وه نێو کۆمه‌ڵگه راست ئه‌نجامی درێژه‌کێشانی ئه‌قلیه‌تی مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ یه‌کتر له‌ژێر سێبه‌ری ئه‌و کێشه و ناکۆکییانه‌ی رابردوودایه.

پاشان ده‌رچوون و دوورکه‌وتنه‌وه‌ی سه‌رکردایه‌تیی حیزبی دێموکڕات و هێزه‌کانی دیکه‌ی ڕۆژهه‌ڵات له جوغرافیای ئه‌سڵیی خه‌بات واته نێوخۆی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و مانه‌وه‌ی کۆتایی نادیاریان له ده‌ره‌وه‌ی سنووره‌کانی ئه‌و جوغرافیایه شوێنه‌واری زۆر خراپی له‌سه‌ر فه‌رهه‌نگی حیزبایه‌تی و شێوه‌ی خه‌باتکردنی ئێمه داناوه. هه‌ر له په‌راوێزی ئه‌م دۆخه‌دا ده‌بینین که ناو به ناو شه‌پۆلێک له کادر و پێشمه‌رگه‌کان به‌ره‌و هه‌نده‌ران کۆچ ده‌که‌ن و ئه‌وه‌ش بۆخۆی شوێنه‌واری ره‌وانی و ته‌شکیلاتیی خۆی هه‌یه. ئه‌گه‌رچی به‌جێهێشتنی وڵات و نیشته‌جێبوونی ڕێبه‌رایه‌تیی ئێمه له ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی خۆمان به دڵخوازی خۆمان نه‌بووه و ته‌نانه‌ت له‌پێناوی مانه‌وه‌مان له‌سه‌ر خاک و له‌نێو خه‌ڵکی خۆماندا تێچووی مرۆیی زۆر گه‌وره‌مان داوه، به‌ڵام له هه‌رحاڵدا ده‌بێ خه‌سارناسی و پێداچوونه‌وه‌ی بۆ بکه‌ین

له که‌س شاراوه نیه که ئه‌و هه‌موو لێکدابڕان و له‌تبوونه که له مێژووی حیزبی ئێمه‌دا رووی داوه و چه‌ندین ساڵ شه‌ڕوکێشه‌ی نێوخۆیی له‌سه‌ر ئاستی بزووتنه‌وه‌ی کورد له ڕۆژهه‌ڵات، زه‌ره‌ر و زیانێکی زۆری به راده‌ی کارلێهاتوویی و وزه‌ی خه‌باتگێڕانه و جێگه و پێگه و ئیعتباری حیزبی دێموکرات و بزووتنه‌وه‌ی کورد گه‌یاندوه. ئه‌وه‌ش که ئێمه هێشتا نه‌مانتوانیوه هه‌موومان پێکه‌وه له‌سه‌ر گوتار و ڕێکارێکی هاوبه‌ش ساغ بینه‌وه که هه‌موو به‌ستێنه‌کانی خه‌بات پێکه‌وه گرێ بدا و خه‌بات وه‌ک پێویسته بباته‌وه نێو کۆمه‌ڵگه راست ئه‌نجامی درێژه‌کێشانی ئه‌قلیه‌تی مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ یه‌کتر له‌ژێر سێبه‌ری ئه‌و کێشه و ناکۆکییانه‌ی رابردوودایه

بۆ ئه‌وه‌ی له‌و شوێنه‌دا که حیزبی ئێمه چ به جیا چ به هاوفکری و هاوبه‌شی له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌کانی دیکه ده‌توانێ کار بۆ ده‌رچوون له‌و وه‌زعه و گه‌ڕانه‌وه‌ی زیاتری ڕێبه‌ری و ته‌شکیلاتی ئاشکرامان بۆ نێوخۆی ئه‌و جوغرافیا ئه‌سڵییه‌ی خه‌بات بکا، لێی دوودڵ نه‌بێ و هه‌نگاوی بۆ هه‌ڵێنیته‌وه.




لایه‌نێکی دیکه‌ی که‌موکوڕیی خه‌بات و تێکۆشانی ئێمه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ فه‌رهه‌نگی سیاسیی زاڵ به‌سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی کورد له ڕۆژهه‌ڵات. جیا له‌و دابه‌شبوون و دڕدۆنگییانه که کۆمه‌ڵگه‌ی سیاسیی ئێمه چه‌ندین ساڵه پێیه‌وه گرفتاره، به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه که له‌لای بزووتنه‌وه رزگاریخوازه‌کانی دیکه‌ی دنیا باوه و ته‌نانه‌ت به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه که زۆر جار له رابردووی بزووتنه‌وه‌ی خۆشماندا رووی داوه، ئه‌مڕۆ بنه‌ماکانی سیاسه‌ت و مێتۆده‌کانی خه‌بات له‌ڕاده‌به‌ده‌ر بوونه‌ته بارمته‌ی کۆمه‌ڵێک تێبینیی به‌هاگه‌رایانه (ئه‌رزشی). به‌مجۆره‌یه که ئامانجه بچووک و کورتخایه‌نه‌کان به ناهه‌ق له به‌رامبه‌ر ئامانجه گه‌وره و درێژخایه‌نه‌کان داده‌نرێن یان شێوازێکی خه‌بات به ناهه‌ق به نه‌فیکه‌ره‌وه‌ی شێوازێکی دیکه‌ی خه‌بات له قه‌ڵه‌م ده‌درێ. به‌م چه‌شنه زۆر ئیبتکار و مانۆڕی سیاسی که ده‌کرێ یارمه‌تی به خوڵقاندنی سیناریۆی نوێ بکه‌ن یان لانیکه‌م سه‌رنجی بیروڕای گشتی بۆ لای پرسی ره‌وای گه‌له‌که‌مان رابکێشن، ئاکامی دڵخوازیان لێ‌وه‌رناگیرێ.

سه‌ره‌نجام جێی خۆیه‌تی ئاماژه به‌وه‌ش بکه‌ین که به‌هۆی ره‌فتار و ماهیه‌تی دژمنانی کورد و سروشت و خه‌سڵه‌تی خه‌بات و خه‌ڵکه‌که‌مان، ده‌روونناسیی سیاسیی ئێمه ئه‌وه‌نده‌ی له‌گه‌ڵ هه‌لومه‌رجی خه‌باتی چه‌کدارانه و هه‌وڵدان بۆ گۆڕانی به‌په‌له سازگاره، ئه‌وه‌نده قابلیه‌تی خۆگونجاندن له‌گه‌ڵ سه‌رده‌می ئه‌مڕۆ و هه‌وڵدان بۆ بنیاتنانی هه‌نگاو به هه‌نگاوی له‌نێو ئێمه‌دا دروست نه‌کردوه. ئه‌مه هه‌م له ساختاری ته‌شکیلاتیی ئێمه‌دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه که زۆرتر وه‌ڵامده‌ری پێویستییه‌کانی سه‌رده‌می خه‌باتی چه‌کداری بووه و بارستاییه‌کی ئیداریی بۆ ئه‌مڕۆ له حیزبدا به‌جێ هێشتوه، هه‌م کاریگه‌ریی له‌سه‌ر توانا و خه‌للاقیه‌تمان له به‌کارهێنانی ئامراز و کاناڵه مۆدێرنه‌کانی تێکۆشان و راکێشانی هێزی پسپۆڕ و بژارده‌کانی ده‌ره‌وه‌ی خۆمان و ژێرخانسازیی فیکری و زانستی له‌و بوارانه‌دا که بۆ قه‌زیه‌که‌مان پێویستن و...هتد داناوه.

**هاوڕێیانی خۆشه‌ویست!**

ئێمه نه ئیدیعای ئه‌وه‌مان هه‌یه و نه ده‌شتوانین بۆ رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و که‌مایه‌سییانه لێره‌دا نوسخه بپێچینه‌وه و فۆرموول دیاری بکه‌ین. به‌ڵام ده‌ستنیشان‌کردنی دروستی کێشه و که‌موکوڕییه‌کان به‌شێکی گرینگ له چاره‌سه‌ریشیانه. ئێمه بۆ ئه‌وه لێره کۆ بووینه‌وه که وێڕای هه‌ڵسه‌نگاندنی دروستی هه‌لومه‌رج و کار و تێکۆشانی چه‌ند ساڵی رابردوومان، خوێندنه‌وه‌یه‌کی گونجاویشمان بۆ داهاتووی ژیانی سیاسیی حیزب و مێکانیزمه‌کانی ئیداره‌ی حیزب له ئاییندەدا هه‌بێ. ئه‌گه‌ر ئێمه به ئیمانی پته‌و به هه‌قانیه‌تی پرسی ره‌وای گه‌له‌که‌مان و به وره و ئیراده‌ی شۆڕشگێڕانه‌وه چاو له به‌رپرسایه‌تیی مێژوویی خۆمان له‌و کات و ساته‌ی چاره‌نووسی گه‌له‌که‌ماندا بکه‌ین و هه‌موومان به‌یه‌که‌وه و ژیرانه مشووری لێ بخۆین، دڵنیام زه‌رفیه‌ت و توانای هه‌ڵێنانه‌وه‌ی هه‌نگاوی زۆر گه‌وره و چاره‌نووس‌سازمان بۆدابینکردنی داهاتوویه‌کی باشتر بۆ حیزبه‌که‌مان و له‌وه‌ش گرینگتر بۆ وه‌دیهێنانی ئاییندەیه‌کی گه‌شتر بۆ میلله‌ته‌که‌مان هه‌یه.

ڕێبه‌رایه‌تیی حیزبی ئێمه به پشتیوانیی و یارمه‌تیی سه‌رجه‌م تێکۆشه‌رانی حیزب له ماوه‌ی نێوان دوو کۆنگره‌دا سه‌رباری هه‌موو ئاسته‌نگ و سه‌ختییه‌کان تێکۆشاوه ئه‌رکی پێسپێردراوی خۆی به باشترین شێوه‌ی مومکین چ له‌بواری ژیانی رێکخراوه‌یی حیزبدا و چ له‌بواری سیاسه‌ت و خه‌بات له کۆمه‌ڵگه‌دا به‌جێ بگه‌یه‌نێ. ئێستاش داواتان لێ ده‌که‌ین به به‌شداریی چالاکانه‌تان له باس و خواسه‌کانی ئه‌م کۆنگره‌یه‌دا، به مامه‌ڵه‌ی به‌رپرسیارانه‌تان له‌گه‌ڵ پرسه حیزبی و سیاسییه‌کان، به خستنه‌ڕووی پێشنیار و بیرۆکه‌ی جوان و کارسازتان، و له هه‌مووشی گرینگتر به له مه‌یداندامانه‌وه و ئه‌رکوه‌رگرتنتان وزه و دڵگه‌رمی به ڕێبه‌رایه‌تیی ئاییندەی حیزب ببه‌خشن. پیرۆزیی ئه‌و ڕێبازه‌ی هه‌زاران که‌س له رۆڵه به‌نرخه‌کانی ئه‌و گه‌له گیانی خۆیان له‌سه‌ر داناوه له ئێمه ده‌خوازێ که خۆمان بگه‌یه‌نینه ئاستی ئه‌و چاوه‌ڕوانییه که هه‌ر ئێستا کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی کوردستان له ئاکامه‌کانی ئه‌م کۆنگره‌یه‌یان هه‌یه.

سڵاو له خه‌ڵکی تێکۆشه‌ری کوردستان، سه‌رچاوه‌ی هێز و هه‌رمانی حیزبی دێموکڕات!

سڵاو له گیانی پاکی شه‌هیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان به‌تایبه‌تی ڕێبه‌رانی شه‌هیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، قازی و قاسملوو و شه‌ڕه‌فکه‌ندی!

سڵاو له زیندانیانی سیاسیی کورد که سه‌مبولی خۆڕاگریی گه‌له‌که‌مانن!

سڵاو له ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموکڕات که به فیداکاری و له‌خۆبوردوویی خۆیان ئاڵای حیزبی دێموکڕاتیان هه‌روا شه‌کاوه راگرتوه!

سڵاو له پێشمه‌رگه‌کانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان که به جووڵه‌ی قاره‌مانانه‌ی خۆیان جارێکی دیکه له شه‌وه‌زه‌نگی دیکتاتۆری‌دا ڕوناکاییان داگیرسانده‌وه!

سه‌رکه‌وتن بۆ کۆنگره‌ی شازده‌هه‌م؛ سه‌رکه‌وتن بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!

هەواڵی ئێران

# دانانی وەزیری کارو خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی لە بابەت دوو ڕەقەمی بوونی ئاماری ئیعتیادی ژنان



وەزیری تەعاون، کار و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیی ڕایگەیاند: لە حاڵی حازردا یەکێک لە کێشە جیدییەکانی کۆمەڵگا "بە ژنانەبوونی دیاردەی ئیعتیاد"ە، بە جۆرێک کە ئیعتیادی ژنان لە سەدی ٤ەوە گەیشتۆتە سەدی ١٠.

ڕەبیعی وەبیری هێنایەوە کە لە ئێستادا ئیعتیاد لەم وڵاتە بەرەو ژنانە بوون ڕۆیشتووە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ژنان زۆر خەسارهەڵگرتر لە پیاوانن و لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی زیاتریان لەسەر کۆمەڵگا هەیە، هەر بۆیە دەبێ لە ئاستی وڵاتدا پەرە بەم ناوەندانە بدرێ کە ئەرکی ڕاهێنانی ژنانی موعتادیان لە ئەستۆیە.

قسەکانی وەزیری کاری ئێران لەم بوارەوە لە حاڵێک دایە کە لە ١١٤٢ ناوەندی تەرکی ئیعتیاد لە ئێران، تەنیا ٩٣ ناوەند تایبەت بە ژنانە.

ڕەبیعی هەروەها گوتوویەتی ڕێژەی ژنانی موعتادی ئەم ناوەندانە بە نیسبەت پیاوان نزیکەی سەدی ١٠یە و زۆربەی ژنان کاتێک پاش وازهێنان لە ئیعتیاد ڕوو لە کۆمەڵگا دەکەنەوە، یان لە لایەن بنەماڵەکەیان وەلا نراون یان لە تەمەنی کەمدا تەڵاق دراون، هەر بۆیە بێ ئەنوا بوون و ئەم مەسەلەش وایان لێ دەکا کە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر مەترسیی دەستدرێژیی جنسییان بکرێتە سەر یان ئەوەی کە بۆ جارێکی دیکە ڕوو لە ماددەی هۆشبەر بکەنەوە.

# ئاماری وەزارەتی سەنعەت لە بارەی داخرانی یەکە پیشەسازییەکان لە ٤ دەوڵەتدا



جێگری وەزیری سەنعەت، کانزا و تیجارەت، بارودۆخی یەکە سەنعەتییەکانی لە شارۆچکە و ناوچە سەنعەتییەکان ڕوون کردۆتەوە.

عەلی یەزدانی لە لێدوانێکدا بۆ هەواڵدەریی "خەبەر ئانلاین" ڕایگەیاند: سەدی ٥٨ی ئەم یەکە سەنعەتییانەی کە لە نێو شارۆچکە و ناوچە پیشەسازییەکانی ئێران داخراون، پێوەندییان بە دەوڵەتی ئەحمەدینژادەوە هەبووە. سەدی ٤٢ی دیکەشیان بۆ ٣ دەوڵەتی دیکە واتە دەوڵەتەکانی ڕەفسەنجانی، خاتەمی و ڕوحانی دەگەڕێتەوە.

ناوبراو وێڕای ئاماژە بە داخرانی کۆمەڵێک لە یەکە بەرهەمهێنەرەکانی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی گوتی: هەموو لایەک پێیان وایە ئەم یەکە بەرهەم هێنەرانە لە دەوڵەتی یازدەیەم داخراون، لە حاڵێکدا کە بۆ نموونە، لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا بڕیار لەسەر کارخانەی "ئەرج" درابوو.

یەزدانی گوتی تا کۆتایی ساڵی ٩٤ لە سەرتاسەری ئێران ٧ هەزار و ٨٥ یەکەی ناچالاک لە نێو شارۆچکە و ناوچە سەنعەتییەکاندا هەبوو.

ناوبراو وەبیری هێنایەوە، لە نێو ئەم یەکە داخراو و ناچالاکانەدا، ٤ هەزار و ٩٧ یەکە لە مانگی گەلاوێژی ٨٤ تا گەلاوێژی ٩٢ داخراون. بە واتایەکی دیکە سەدی ٥٨ی سەرجەم یەکە پیشەسازییەکانی ئێران لە شارۆچکە و ناوچە سەنعەتییەکاندا، لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتیی ئەحمەدینژاد داخراون.

## کۆشکی سپی:
# ئێران ئاکامی پشتیوانی لە حیزبوڵڵا لە بازاڕە جیهانییەکاندا هەڵدەگرێتەوە

وتەبێژی کۆشکی سپی دەڵێ ئەگەر ئێران دەیهەوێ دەستی بە بازاڕە جیهانییەکان ڕابگا، دەبێ دەست لە پشتیوانی کردنی تێرۆریسم و حیزبوڵڵا هەڵبگرێ.

«ئێریک شولتز»، وەبیری هێنایەوە کە مەبەست لە جێبەجێکرانی گەمارۆ قورس و جیددییەکان، ڕاگرتنی پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزم بوو.

ناوبراو پێداگری کردەوە کە، ئەگەر ئێران واز لە پشتیوانی کردنی تیرۆریزم نەهێنێ و هەر وەک ڕابردوو سەرچاوەی ماڵی و نیزامی بخاتە بەر دەستی حیزبوڵڵاوە، کاریگەریی ئەم هەوڵانەی خۆی لە دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا دەبینێتەوە.

وتەبێژی کۆشکی سپی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانی کردن لە حیزبوڵڵای لوبنان لە بەرژەوەندیی ئەو ڕێژیمەدا نییە.

«شولتز» هەروەها گوتی چالاکانی سیاسی دەڕواننە شێوەی هەڵسوکەوتی ئێران، ئێمە لەم دواییانەدا لە بابەت نیگەرانییەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکان وتوویژمان کردووە، بەڵام ناوەندە ئابوورییەکان بە هیچ شێوەیەک نایانهەوێ لەگەڵ وڵاتێک سات و سەودا بکەن کە پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکا.

وتەبێژی کۆشکی سپی هەروەها گوتی دەوڵەتی ئامریکا باش دەزانێ بودجەی حیزبوڵڵا، خەرج و



تێچووەکەی، هەموو ئەم شتەی کە دەیخوا و دەیخواتەوە، چەک و چۆڵ و مووشەکەکانی، سەرجەمیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دابین دەکرێن، بەڵام ئەوەش زۆر گرینگە کە ئێران لە پێوەندیی نێوان پشتگیری کردنی تیرۆریزم و گەمارۆکان تێ بگا.

حیزبوڵڵا بە هاوپەیمانی ستراتژیکی ئێران لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا دادەنرێ و هێزە چەکدارەکانی ئەم گرووپە لە پەنا هێزەکانی سپای قودس لە سووریە بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، شەڕی نیوخۆیی ئەو وڵاتە دەکەن و لە شەڕی یەمەنیشدا حیزبوڵڵا شان بە شانی ئێران و حووسییەکان لە بەرەی شەڕ دایە.

# ٣ هەزار فیشی مووچە لە دەستی دژبەرانی دەوڵەتی رووحانی دایە

عەبدوڵا ناسری، یەکێک لە سیما ناسراوەکانی ڕیفۆرمخوازانی ئێران و ئەندامی بنیادی باران دەڵێ دژبەرانی دەوڵەتی ڕوحانی لە ڕێگەی دام و دەزگا حیراسەتییەکانەوە دەستیان بە نزیکەی ٣ هەزار فیشی مووچەی کارمەندەکانی دەوڵەت ڕاگەیشتووە و تا هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی داهاتوودا، بەرەبەرە ئەم فیشانە بڵاو دەکەنەوە.

لەقاودرانی فیشەکانی مووچەی کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەران لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا بۆتە ئاستەنگێکی گەورە لە بەردەم دەوڵەتی ڕوحانیدا تا جێگەیەک کە وەلانرانی بەڕێوەبەری گشتیی بانکی ڕیفاهی کارگەرانی لێ کەوتەوە. بەم حاڵەش فشار خستنە سەر دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ مووچەی بەڕێوەبەرەکانی دیکە هەروا بەردەوامە، بۆ نموونە بڕی ئەم مووچەی کە سەرۆکی سندووقی گەشەی میللی وەری گرتووە، پێش ئەویش لەقاو درانی مووچەی کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەرانی بیمەی ناوەندیی ئێران کە بوو بە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆکی ئەم ناوەندە.

عەبدوڵڵا ناسری پێی وایە شێوەی کارکردی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ لە قاودرانی فیشی مووچەی بەڕێوەبەران یەکجار لاواز بووە و بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم مەسەلە کردووە، لە حاڵێکدا کە ئەم ڕووداوە وەک بۆمبێک بووە و جێگەی خۆی بوو کە دەوڵەت بەشێک لە کاربەدەستانی خۆی ڕاسپێرێ کە بە شێوەی تایبەتی بەم گرفتە ڕابگەن.

مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حوسێن پەیرەوان



هەیاس کاردۆ

کە بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو زەویی زەمان وەرد دەدەمەوە، تووشی گەلێک بەڵگەی باییدار دەبم کە نووکی گاسنی زەویکێڵم لەنێو دڵی گەرمی خاک وەدیاریان دەخا. ئەو دەمەی بیری ئالۆزم بە شەماڵ دەسپێرم هەتا سووری پێ بدا و دەگەڵ گەڕی زەمان ئاشنای بکا، لە هەر کەلێن و قوژبنێکا تووشی ناوێکی ئاشنا دەبم و یادێکی شیرینم بۆ زیندوو دەبێتەوە. هەرکات نووکی قەڵەم لە سەر سینگی سپیی کاغەز دادەگرم و بە نیازی تۆمار کردنی مێژوو وەگەڕی دەخەم، سەدان ناوی ناودار خۆیان دەخزێننە نێو پەردەکانی مێشکم و سەرم لێ تێکەڵ دەکەن کە لە چیرا دەست پێبکەم و چۆنی درێژە بدەم. ئەو دەمەی بۆ دۆزینەوەی دروستکەرانی مێژوو چاو لە سەریەک دادەنێم و دەگەڵ خەیاڵی خەواڵووم سرتەی دەکەم، هەر پێشمەرگەیە و، لە سەنگەری خەبات وەدیار دەکەوێ و قامک بۆ هاوسەنگەری تەنیشت خۆی درێژ دەکا. لە درێژەی گەشتی خەیاڵاوییم بەنێو دەریای بێ بنی خەباتاکارانی ڕێی ئازادیدا،ئەوەندە ناوی پیرۆز لە نێو خانەکانی مێشکمدا جێدەگرن کە مەجالی دەست پێکردنی بەپەلەم لێدەبڕن. هەر چۆنێک بێ خۆم دەگرمەوە و بڕیار دەدەم گەشتی خەیاڵ تێکەڵاوی دنیای زیندوو بکەم و بە نیشاندانی تابلۆی ڕەنگاورەنگ،»مێژووی زیندوو» بۆ ئەویندارانی بگێڕمەوە. لەو سەفەرەدا چەند سەر دەکەوم و دەسکەوتی خۆماندوو کردنم چی دەبێ، داهاتوو دەزانێ.

بەشداری ئەمجارەی تابلۆی مێژووی زیندوو، کەسێکی ناسراوی نێو مەیدانی خەبات و تێکۆشەرێکی بەردەوامی ڕێگای ئازادیی کوردە. ئەو، لە بنەماڵەی پێشمەرگەدا چاوی کردۆتەوە، لە سەنگەری پیشمەرگایەتیدا حەماسەی خوڵقاندووە و لە کاری بەردەوامدا ئارەقەی ڕشتوە.

ڕۆژ و کاتی دیاری کراو سواری ماشێن دەبم و تەنیا چەند شەقامێک ئەولاتر لەبەر دەرگای ماڵی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەبەزم. هێشتا لە دەرگام نەداوە بنەماڵەی تێکۆشەر «حوسین پیروان» بۆ بەخێرهێنان بەرەوڕووم دێن و هەروەک نەریتی خۆیانە، بەڕێز ڕادەوەستن و یەک بەدوای یەکدا تۆقەم دەگەڵ دەکەن و بەگەرمی بەخێرهاتنم پێدەڵێن. من دەپرسم و کاک حوسێن وەڵام دەداتەوە. ئەم داستانە زۆر کەلێن و قوژبنان دەکا کە کورتەیەکی لێرەیە:

«بەڕاستی بۆخۆشم نازانم کەی لەدایک بووم. دایکم تەنیا دەزانێ بەفر لە گۆڕێدا بووە کە من هاتوومەتە دنیا. نازانم کەی سجیلیان بۆ وەرگرتووم، بەڵام وێدەچی تەمەنی ئەسڵیی من نیشان نەدا. بەو ناونیشانانەی بابم باسیان دەکا ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە دایک بووم کە وێدەچێ ڕاست بێ». ئەوە گێڕانەوەی فەرماندەری پێشووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بارەی ڕێکەوتی لەدایکبوونیەتی. لە گوندی دلڕفێنی «بێشاسپ»ی سەردەشت لە بنەماڵەیکی جووتیار و زەحمەتکێش چاوی بە دنیا هەڵێناوە و دواتر بە حوکمی ئاغای دێ دەر کراون و خۆیان لە ئاوایی «بناوێ» گرتۆتەوە. لە بناوێ ڕووی کردۆتە قوتابخانە و دەگەڵ وشە و پیتەکان ئاشنا بوە. هەر لە کاتی خوێندنی سەرەتاییدا ڕێبەریی هاندانی قوتابیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە مامۆستاکەیانی وەئەستۆ گرتوە کە بووەتە هۆی دەرکرانی لە قوتابخانەی گوندەکەیان. لە درێژەی خوێندندا لە شاری سەردەشت گیرساوەتەوە و دەورانی دواناوەندیی تەواو کردوە.

حوسێن هێشتا منداڵە کە باوکی تێکەڵی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی دەبێ و بۆ گەیشتنی کورد بە ئازادی، دووری لە ماڵ و منداڵ و کەس و کار تەحەمول دەکا.لەو دەورانەدایە کە مێشکی حوسێن بە بیری کوردایەتی گۆش دەکرێ و بەرەبەرە لێی حاڵی دەبێ سەر بە چ نەتەوە و زمانێکە. هاتوچۆی بەردەوامی خەباتکارانی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تایبەت مەلا ئاوارەی نەمر بۆ ماڵی کاک حوسێن ریزە پرسیارێک بۆ حوسێنی تازە لاو دەخولقێنێ و بۆ دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەش پێی خۆشە چاوی بە باوکی بکەوێ. لە گەڕان بە دوای باوکی دا



حوسێن پەیرەوان

وێڕای دیتنی چەرمەسەریی زۆر و بڕینی ڕێگایەکی پڕ لە مەترسی و پەڕینەوە لە سنووری دەستکرد، دڵی خۆشە: «پێم خۆش بوو بابم یان خودکارێکم بە دیاریی بداتێ یان کۆت و شاڵوارێکم بۆ بکڕێ کە پێوەی بچمە مەدرەسە. دوای دیتنی بابم و دەست نەکەوتنی خودکار و کۆت و شاڵوار، بۆم دەرکەوت ئەوانە خۆ وەدوای کاسبی نەکەوتوون و تەنانەت بۆ خۆشیان خەڵک دەبێ دەستیان بگرێ». دواتر مەجالی دیداری باوک لەزیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەوی دا بۆ حوسێن دەڕەخسێ کە ئەوە بۆ وی هەم خۆش و هەم ناخۆش بوو.

ساڵانێک دواتر حوسێن خۆشی ئاوێتەی کاری شۆڕشگێڕی دەبێ و ڕێگای باوکی درێژە دەدا: «سەرەتا لەشاری سەردەشت لە یەکیەتیی لاوانڕا دەستم پێکرد و دواتر کە دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕش دانەدرا بەشدار بووم و دوای تەواو کردنی دەورە بووم بەمامۆستای شۆڕش هەر لە گوندەکەی خۆمان». مانەوە لە ڕیزی مامۆستایاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ، گەلێک ئەزموون دەدا بەحوسێنی ئۆگری فێربوون کە بۆ درێژەی خەبات هەتا گەیشتن بە ئاواتەکانی تەیارتری دەکا. دواتر دەبێتە کادری دەرمانی و لەو ئەرکەیدا بۆ سارێژ کردنی برینی هاوسەنگەرانی لە جەنگەی خەباتدا لە هیچ کۆششێک دریغێ ناکا. ئینجا هاوکات وەک کادری سیاسیی لک و فیلم هەڵگری هێزی شەهید موعینی درێژە بە خزمەت دەدا. وەدەست هێنانی ئەزموونی زیاتر لە شەڕی پارتیزانیدا و خۆ تەیار کردن بەچەکی زانیاری، حوسێنی بۆ وەرگرتنی فەرماندەریی لک ئامادە کرد.

درێژەی خەبات و بەرخۆدانی تێکۆشەر حوسێن پەیرەوان لە ریزەکانی پێشمەرگەدا ئەوی بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی دیکە ئامادە کرد و هەر بۆیەش دواتر فەرماندەریی هێزی گیاڕەنگ، هێزی زاگرۆس، کادری سیاسی لە «شیمالی کوردستان»، فەرماندەریی هێزی کێلەشین لە شنۆ، کادری کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی و سەرئەنجام دیسان فەرماندەریی هیزی گیاڕەنگ لە سەردەشتی پێ دەسپێردرێ.

ئەزموونەکانی کاک حوسێن پەیرەوان ئەوەمان پێ دەڵێن کە پێشمەرگە ئەگەر ڕێز لە هاوسەنگەر و لە خوشک و براکانی لە شار و گوندەکانی کوردستان بگرێ و لە درێژەی خەباتدا حیسابی تایبەتیان لە سەر بکا،هەم دەتوانێ ئومێدی سەرکەوتن بە سەر دوژمندا زیاتر بکا و هەم چوارچێوەیەکی گەرم و گوڕی پێکەوەژیان دابین بکا.ئەو دەڵێ: «لە هەموو ماوەی پێشمەرگایەتیم دا قەت جارێک هەڵنەکەوتوە بێ حورمەتی بەخەڵک بکەم یان دەستیان لێ هەڵێنمەوە. لە بەردەوامیی خەباتی پێشمەرگەدا خەڵک جێگایەکی گرینگیان هەیە و ئەگەر پێشمەرگە نەزانێ چۆن لەو چەکە کەڵک وەردەگرێ، تووشی تەریک بوونەوە دەبێ.پێشمەرگە هەر چەند ئازا و جەسوور بێ، فەرماندە چەندی بەرنامە داڕێژ و مودیر بێ، بە بێ پشتیوانیی خەڵک کارێکی بۆ ناچێتە پێش.»

کاتێک داوا لە کاک حوسەین دەکەم چەند بیرەوەریی خۆشی دەورانی پێشمەرگایەتی بگێڕێتەوە، خێرا خۆی ئامادە دەکا وبە بزەوە شەرحی بەسەرهاتە خۆشەکانی خۆی و هاوسەنگەرانی دەکا. ئینجا لێی دەپرسم ئەگەر باسی ناخۆشی بۆ گێرانەوە هەبێ. کەمێک مات دەبێ، دەچێ دەبیرێکی قووڵەوە و هەر وەک ئەوە کە لە هێنانە گۆڕی ئەو پرسیارە دا من بەخەتابار بزانێ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێ: «بەڕاستی کاک هەیاس نازانم باسی چیت بۆ بکەم. من دەگەڵ هەر لەشێکی ساردەوەبوو جارێک مردووم و بە بریندار بوونی هەر هاوسەنگەرێکم جەرگم وەژان هاتوە. دەیان جار شاهیدی پەڕپەڕ بوونی گوڵی هیوای تێکۆشەران بووم و گەلێک جار ئەژنۆی خەفەتم بۆ ئاوابوونی ئەستێرەیەکی گەش لە باوەش گرتوە...». بەرەبەرە ئەسرین بەسەر گۆناکانی دا دێنە خوار و ئێتر توانای درێژە دان بەو باسەی نامێنێ. کەمێک سەبر دەگرم و حەسانەوەیەک ڕادەگەیەنم. دواتر دەست پێ دەکاتەوە و باسی چۆنیەتیی شەهید بوونی محەممەد پەردەدارم بۆ دەگێڕێتەوە کە جارێکی دیکەش بوغز لە ڕەوانیی قسەکردنی کەم دەکاتەوە.

کوردستان

ژمارە: ٦٨٣

١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥

٥ی ژووئیەی ٢٠١٦

ئەدەب و هونەر


# سەردەشت لە ئێوارە پووشپەڕێکی گازاویدا




عەزیز شێخانی


**سەردەشت**
**تۆ مەلوانکەی ونبووی سووری سەر سینگی دایکی نیشتمانیت**
**هەر پووشپەڕێک، لە یادی هەڵپڕووکانی قژە سەوزەکاندا**
**یاد و بیرەوەریت رێز دەگرین و بە دەستی نەوەی قوربانیەکانت**
**تەپ و تۆزی سەر مەزاری شەهیدانت دەکەینە سورمەی چاوەکانت**

کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت هێشتا بە گەورەیی کارەساتەکە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. خەمی قوربانییەکانی بەکارهێنانی گازی خنکێنەر و قەدەغەکراوی شیمیایی لە نێوخۆ و دەرەوە دەرفەتی گوێ گرتنی بۆ نەخوڵقاوە و لە ژێر باری قورسی تەم و مژی سیاسیی هێزە لۆکاڵی و ناوچەییەکاندا پووش بەسەرکراوە. لە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاویدا (٢٨ ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی)، شاری سەردەشت بە چەکی قەدەغەکراو پەلامار دەدرێ و تاوانێکی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ. بەمجۆرە سەردەشت دوای هێرۆشیما بەیەکەم شاری قوربانی چەکە قەدەغەکراوەکان پێناسە دەکرێ. ئاماری وردی قوربانییەکان هێشتا وردبینی بۆ نەکراوە و ژمارەی شەهیدەکان نیزیک بە ٢٠٠ کەس و بریندارەکانیش بە چەند هەزار کەس دەخەمڵێندرێ.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لەو کارەساتانەی، کە ئاسمان لە حەژمەتی ژان و ئازاریان خۆی هەڵدەپاژنێ و لە ئاسۆی بوونیدا ئاخی هەتا سەر هەڵدەکێشێ. لە کەرتی رەشی ئەفریقاوە هەتا دەگاتە ئەمریکای لاتینی ژێر چەکمەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، لە هیرۆشیمای ژاپۆنەوە هەتا دەگاتە گۆڕەپانی سووتاندن و خنکاندنی جولەکەکان، تیرۆرە سوورەکان و دواتر قەلاچۆکردنی کوردان لە «سەردەشت»ی دەستەخوشکەکەی هەڵەبجە، هەموویان گێڕانەوەی چیرۆکی درەندیی مرۆڤە دەسەلاتدارەکان بەرامبەر بە مرۆڤایەتین.

ئێوارەیە و سێبەرەکان بە هێمنی لە داوێنی پووشپەڕدا شۆڕدەبنەوە. سەرچاوەی سەردەشت، وەک دڵی شار چاوەڕوانی دیداری ئەویندارانیەتی. خورەی ئاوی جۆگەکانی تەنیشت شەقامی سەرەکی شار بە هێواشی بە سەر پشتی شاردا رێگا دەبڕێ و تێکەڵ بە کەلوێی سنووربڕ دەبێ. گەڕەکانی شار لە سەمای ژیان‌دان و خوازیاری ئارامین، بەڵام سێبەری شوومی نەهامەتی شەڕی دیکتاتۆرەکان هێشتا وڵاتی بەرنەداوە. کەنەکە سپی، وەک مەیتێکی مۆمیای کراو رووبەڕووی شار درێژ بووە و لە سەر پشتە خەماویەکەی چەند ناوەندێکی چەکی قورس و تۆپخانەی رێژیم مۆڵیان خواردوە. شار چارەی قورسی پادگانی نێو شاری ناوێ، کە هەر چواردەوری بە چەکی دژە ئاسمانی گیراوە و تەلبەندکراوە. گردەسوور لە داخی مۆڵخواردنی نەیارانی گەل و دژی گەلی‌یەکان لە سەر تروپک و بەرزاییەکەی، نێوچاوانی سوور هەڵگەڕاوە و پڕ بە سەختی گاشەبەرد و رەقنەکانی سەر شان و سینگ و داوێنی لە نەیاران بێزارە. شێوەبرایمە و نێزەڕۆ زۆر لە مێژە کانگای چاوەکانیان تەقیوە و گۆڕستانی شەهیدان و دوڵتانچکیش لە ژێر بارانی بۆمب و ناپاڵمەکان‌دا جەستەیان خاراوە.

ئێوارەیە و لە ژێر دەواری ئاسمانی ساماڵ و تۆزگرتوودا، شان و پیلم پڕ بە مانای ژیان و نان ئارەقە دەرێژن. کۆشکی بیرەوەریەکانی مێرمنداڵێک پڕە لە ژان و ئازاری ژیان و خەونی گەورە. لە لوتکەی خەیاڵ و ئارەقەڕشتن‌دا چاوەکانی شار چەند فڕۆکەیەکی شەڕکەر لە سنووری ئاسمانی پووشپەڕ و خۆرەتاودا دەبینن. فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق دیواری بێدەنگی دەشکێنن و وەک میر غەزەب و نوێنەری ترس و مەرگ لە ئاسماندا دەلورێنن. ئەوان بۆ لێدانی بۆمبەکانیان خۆیان شۆڕکردەوە و نێوەڕاستی شاریان پێکا. چاوەڕوانی بەردەوامبوونی بۆمبار و تەقینەوەی زۆرتی بۆمبەکان بووین، بەڵام ئەوان لە گەڵ جاران جیاواز بوون. دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکانی ئەو جارە کپتر بوون و دوکەڵێکی سپی و زەرد وەک تۆڕی مەرگ و کارەسات جەستەی شار و خەڵکەکەی داپۆشی. لە ماوەی ساڵانی رابردوو هەرگیز باش بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکان بۆنێکی نامۆمان بەرلووت نەکەوتبوو، بۆیە بە هاوڕێیەکم گوت، رەنگە ئەو بۆمبانە شیمیایی بن.

پێشتر وردە زانیارییەکم لە سەر گازە کیمیاییەکانی بەکار هاتو لە شەڕدا بەرگوێ و چاو کەوتبوو. بە گوێرەی ئەو زانیاریانە، ئەو گازانە خاوەنی بۆنی تایبەتن و بۆمبەکانیان لە کاتی تەقینەوەدا دەنگ کپن و گازی خەردەل رەنگێکی مەیلە و زەردی هەیە. پاش ماوەیەک شوێنی کارم بەجێهێشت و بەرەو شەقامی سەرەکی شار و گەڕەکی سەرچاوە وەڕێکەوتم. زانیاری لە سەر چۆنیەتی بەرگریکردن بەرامبەر بە چەکی شیمیایی کەم بوو، بۆیە هێندێک کەس لە پاش لێدرانی شار و وێرانبوونی ماڵەکانیان بە کۆڵ بارگە و بنەی خۆیان دەگوازتەوە. شەقامەکان بۆنی مەرگیان لێدەهات و جار و بار کەسێک یان رێبوارێک بە پڕ بە لێوار و تەنیشتی شەقامە تۆز لەسەر نیشتوەکان‌دا تێدەپەڕی. عەودالی دیتنی وێرانی‌یەکان و هەستکردن بە خەمەکان بووم و سەردانی شوێنی بۆمبەکانم کرد، بەڵام خەڵکێکی کەم و بە دەگمەن لە شەقامەکانی شاردا دەبینران. لە گەڕەکی سەرچاوە، کە شوێنی سەرەکی کەوتنی بۆمبەکان بو، پیاو و ژنێکی بەساڵداچووم بینین، کە خەریکی راگواستنی نوێنەکانیان بوون، کە لە جاجمەیەکی رەنگاورەنگ و نەخشێندراودا پێچرابوون. پاش ماوەیەک بەرەو باڵەخانەی فەرمانداری چووم. شوێنی کەوتن و تەقینەوەی بۆمبەکان بە رواڵەت وێرانی‌یەکی زۆریان نەخوڵقاندبوو. لە نیزیک فەرمانداری و لە گۆڕەپانێکی نە زۆر گەورەدا، حەشیمەتێکی زۆر کۆ ببونەوە. کە لێیان نیزیک بوومەوە سەدان برینداری چەکی شیمیایی بوون کە لە بەر نەبوونی جێگا و رێگا لە هەوای ئازاد و هەروەها لە سالۆنی تایبەت بە وەرزشی شاردا خەوێندرابوون. نیشانە سەرەتاییەکانی ئەو رووداوە زۆر ترسێنەر نەبوون، بەڵام هێدی هێدی گازی خەردەل کاری خۆی دەکرد و رێژەی قوربانیەکان زیاتر دەبوون.

چاوەکانم هێشتا سیما و روخساری ئەو بریندارانەی لە ئارشیوی خۆیاندا پاراستوە، کە هەر کامەو چەندە و چۆن بە جلوبەرگی رۆژانە لەو شوێنە باسکراوانەدا راکشابوون. هەر کەسە و بە جۆرێک لە گەڵ بارودۆخی خۆیدا دەدوا و بلۆقەکانی سەر سینگ و پشت و رووخساری بریندارەکان هێشتا بە تەواوەتی باڵایان نەکردبوو. لە کۆتایی ئەو جەولەیەدا دووبارە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانم بە سەرکردەوە و دواتر بەرەو ماڵ وەڕێکەوتم. شەقامەکان چۆڵ بوون و جریوەی کوێلەکە و هێندێک باڵندەی دیکە بێدەنگی شەقام و کۆڵانەکانی شاریان دەشکاند.

گەورەساڵەکان تاسابوون و منداڵەکان هێشتا لە خەمی گەورەکان تێنەدەگەیشتن. مردن و ترس لە خنکان بە گازی خەردەل لە بەردەم دەرگای هەر ماڵێک بە جۆرێک دەبیندرا. لە تاریکی شەودا هاواری زامەکان زیاتر دەبیستران و گەورەیی کارەساتەکە تا رادەیەک روخساری دەرکەوتبوو. هەڵپڕوکانی گوڵی ژیانی سەدان کەس و ژاکانی گوڵی هیوای سەدان بنەماڵە کۆستێکی هێندە کەم و تێپەڕ نییە، کە مرۆڤ و تەنانەت مەڵبەندێک بە ئاسانی پشتگوێی بخات. کزەبایەکی نەرمی هاوین دڵە سووتاو و ماندوەکەی شار باوەشێن دەکات. دارستانی گۆڕستان بە دەم کزەبای خەمی پووشپەڕ، پرچی رنراوی شۆڕدەکاتەوە. لقی دارەکان لە بەر تەوژمی ئەو کارەساتە لە سەر پشت رادەژێن و لە گەڵ نەرمەبای شەو بۆ قەدی دار و گەڵاکان لایەلایە دەکەن.

روحی خەوتووی کۆچکردوەکان لە گۆڕستاندا شڵەژاون و بۆ زگ سووتانی شار بە پەرۆشن. شینی بە کۆمەڵ زۆر ماڵی هەژاندووە و بانگی مزگەوتەکان لە سەر یەک دەرمانی دەردەدارانی ئەو شەوە نییە. لە جەرگەی شەودا هاوار و بانگەوازی تایبەت بڵاودەبێتەوە، کە هانی دانیشتوانیی شار دەدا، کە بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری گازی شیمیایی پێویستە جل و بەرگ و خۆیان بشۆن. شارو ژیانی دانیشتوەکانیی لە تەنگەبەری شەوە پڕ لە ژانەکەدا بەرەوە ئامێزی بەیانیەکی پڕ لە فرمێسک و رۆژێکی خەماوی دەڕون.




چاوەکانم هێشتا سیما و روخساری ئەو بریندارانەی لە ئارشیوی خۆیاندا پاراستوە، کە هەر کامەو چەندە و چۆن بە جلوبەرگی رۆژانە لەو شوێنە باسکراوانەدا راکشابوون. هەر کەسە و بە جۆرێک لە گەڵ بارودۆخی خۆیدا دەدوا و بلۆقەکانی سەر سینگ و پشت و رووخساری بریندارەکان هێشتا بە تەواوەتی باڵایان نەکردبوو


لە یەکەم چرکەساتەکانی بەیانیدا هەواڵی زۆربوونی رێژەی شەهیدەکان رومەتی گەورەساڵانی پڕ لە چین و رق دەکات. مردووشۆرەکەی لای مزگەوتی سەرچاوە هەتا گۆڕستانی داوێنی گردەسوور رێگا و شەقام لە بەردەم قوربانیەکاندا بێدەنگ و تۆزاوی راکشاون. تەرمەکان زۆرن و بەشدارانی بە خاکسپاردنی شەهیدەکان شەکەت و دڵشکاو.

شار بسکی سەوزی ئاڵۆسکاوە و روومەتی زەرد هەڵگەڕاوە. دەرگای ماڵەکان لە سەر پشتن و خەمی خنکانی شار دڵەکانی هەڵپاژنیوە. سەرچاوەی شار پڕ بە گەرووی ئاوە زولاڵەکەی هاواری رزگاربوون دەکات و سەری خۆی هەڵگرتووە و بە قەدی شاردا تێدەپەڕێ. تەپوتۆزی زەردهەڵگەڕاوی سەر شەقام و بانەکانی شار ژاراوییە و بۆنی مەرگی لێدێ. مەرگ ئیدی ئەو نهێنییە شاراوە نییە، کە جار و بار سەر بە باوەشی بنەماڵەیەکدا دەکات، بەڵکو لە روناکی رۆژ و تاریکی شەودا و لە کۆڵان و شەقامی شاردا ئامادەیە. سام و ترسی مەرگی شاراوە ژیان دەخاتە لەرزین و قەڵافەتی مرۆڤ دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆی ترس و دڵەڕاوکە. بێدەنگی باڵی بە سەر ئەو کارەساتەدا کێشاوە و لە راگەیەنە گشتی‌یەکانی ناوچەدا گرینگی پێنادرێ. ئەوە چارەنووسی کورد و ژێردەستەکانی رۆژگارە، کە بە بێدەنگی لە ژێر پاڵەپەستۆی زوحاکانی سەردەمدا گیان بدەن و سروشت و ژینگەکەشیان بسوتێندرێت.

شار لە حەسرەتی شەهید و بریندارەکانی‌دا یەکپارچە بێدەنگە و پەنای بۆ کۆچ بردوە. گوندەکان و دەورووبەری رووبار و کانیاوەکان باوەشیان بۆ ئاوارەکانی شار گرتۆتەوە. ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوانی شار دڵیان ئۆقرە ناگرێ و لە بەردەم کۆچدا چۆک دانادەن و لە ماڵەکانی خۆیان‌دا ماونەوە. شار بۆ ماوەی دوو مانگ لە بەر ئاسەواری چەکی بەکارهاتوو بە رێژەیەکی بەرچاو چۆڵ و ئەژنۆی کۆستی گەورەی لە باوەش دەگرێت. خەمەکان یەک و دوو نەبوون و لە کاتێکدا سەردەشت هێشتا لە ژێر باری گران و قورسی گازی خنکێنەردا پشتی راست نەکردبۆوە، کە لە بەرزاییەکانی دووپەزەڕا بە کاتیۆشا ئاورباران کرا. دیکتاتۆرەکانی تاران و بەغدا لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕدا بۆ قەرەبووکردنەوەی شکست و ناکامی لە بەرەکانی شەڕدا، بێبەزەییانە پەلاماری خەڵکی سڤیل و شار و گوندەکانیان دەدا. گورگەکانی تاران و بەغدا بۆ تێرکردنی هەست و ویستی دڕەندانەیان پەنایان بۆ هەموو چەکێک دەبرد و کوشتنی خەڵکی بێتاوانیان وەک تاکتیکی پاڵەپەستۆخستنە سەر یەک دەکار دەهێنا.

کوردەکان لە سەر زێدی خۆیان ئاوارە و داگیرکەر خاوەن ماڵ و بڕیاردەرە. پاراستنی گیانی خەڵکی سیڤیل بۆ قەلاچۆکەرانی مرۆڤایەتی بایەخێکی ئەوتۆی نییە. زلهێز و دەسەڵاتدارە گەورەکان ئاوڕیان لە کۆمەڵکوژی کوردەکان لە سەردەشت نەدایەوە و کەیسی هەڵەبجە بە جۆرێکی دیکە دووپات کرایەوە. ئێران پرسی سەردەشتی وەک کەیسی نێوخۆیی هەڵدەسەنگاند و لە بە نێونەتەوەیی کردنی کەیسی مەزڵومییەتی ئەو شارە خۆی بوارد. تەنانەت لە سەرەتادا بۆ بریندار و قوربانییەکانی ئەو کارەساتە خزمەتی دەرمانی و راگواستنی بەپەلە پێشکەش نەکرا. لە ئاکامی نەبوونی خزمەتگوزارییە دەرمانییەکان و پێ‌ڕانەگەیشتن بە بریندارەکان، لە ماوەی نیزیک بە سێ دەیەی رابردوودا زۆر بریندار تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ٧ ی پووشپەڕ بوون.

شایانی باسە، کە نەوەکانی داهاتوو لە شوێنەوارە ترسناکەکانی چەکی بەکۆمەڵکوژ دوور نابن و خەمی ئەو کارەساتە بە ئاسانی لە بیرەوەری خاک و خەڵکدا ناسڕێتەوە. بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە گەڵ رابردوو نامۆ نەبن، جێگای خۆیەتی ئەو کارەساتە ئەوەندەی دەلوێ بە دۆکومێنت بکرێ. پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە سەردەمی دادگایی کردنی سەرانی بەعس‌دا، دەرفەتی هێنانە بەرباسی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشتیان نەڕەخساند.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 683    5 July 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org    info@kurdch.tv    info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv    Hotbird:6 13  MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# وادەی ڕوحانی لە پێوەندی لەگەڵ خوێندن بە زمانی دایکی لە ورمێ نەهاتە دی

ئەم ساڵیش سەرەڕای پێداگریی حەسەن ڕوحانی لەسەر کردنەوەی دەرەتانی خوێندن بە زمانی دایک، بەڵام ئەو وادەیە سەری نەگرت.

حەسەن ڕوحانی، سەرکۆماری ئێران کە پێش هەڵبژاردنەکان یەکێک لە بەڵێنەکانی بە خەڵکی کوردستان بوارخۆشکردن بۆ خوێندن بە زمانی دایکی بوو، لە سەردانی مانگی ڕابردووی بۆ پارێزگای ورمێ پێی لەسەر ئەو بەڵێنە داگرتەوە، بەڵام ئێستا کاربەدەستانی ورمێ دەڵێن هیچ لە وەزعەکە نەگۆڕاوە.

فەرەیدوون سەید موستەفەوی، بەڕێوەبەری گشتیی ئیدارەی پەروەردە



و فێرکردنی ورمێ دەڵێ تا ئێستاش هیچ بڕیار، بەخشنامە یان ڕاسپاردەیەک لە بارەی خوێندن بە زمانی زگماکی لەو پارێزگایە بەوان نەدراوە، هەروەها هیچ بڕیارێکیان لەسەر ئامادەکردنی کتێب بۆ ئەو مەبەستەش وەرنەگرتوە.

ئەو نەیشاردەوە کە لە پارێزگای ورمێ لە پێوەندی لەگەڵ خوێندن‌دا کێشەی زۆریان هەیە، چونکی هەموو منداڵانی ئەو پارێزگایە کاتێ دەست بە خوێندن دەکەن، زمانێکی جیاواز لە زمانی خوێندنی قوتابخانەکانیان هەیە.

شایانی باسە خوێندن بە زمانی دایک بەردەوام یەکێک لە داواکانی خەڵکی کوردستان‌و نەتەوەکانی دیکەش لە ئێران بووە. لە سەردانەکەی ڕوحانی بۆ ورمێ‌و مەهابادیش هەم ئەو داوایە هاتەوە گۆڕێ، هەم سەرکۆمار بەڵێنیی چارەسەری ئەو کێشەیەی دا، بەڵام بەو پێیە خەڵکی کوردستان جارێ هەر دەبێ چاوەڕوان بن.

# پیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتیی کەیوان کەریمی لە فستیڤاڵی «مون پلیە»

فیلمی دیکۆمێنتیی ٦٠ خولەکیی «نووسینی شار» لە دەرهێنانی کەیوان کەریمی، دەرهێنەری کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕ لە فستیڤاڵی «مون پلیە» لە فەرانسە پیشان درا.

فیلمەکانی «تاکسی» کە جەعفەر پەناهی کاری دەرهێنانی وەئەستۆ گرتووە و فیلمە دیکۆمێنتییەکانی «فی فی زوزە می کشد» کاری میترا فەراهانی و، چەند بەرهەمێکی دیکەی سینەمای ئێرانن کە لە فستیڤاڵی «مون پلیە» پیشان دەدرێن.

«نووسینی شار» باس لە سەردەمەکانی نووسین لەسەر دیوارەکان و "گرافیتی"یە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پاش ئینقلابی ئێران دەکا. ئەم فیلمە دیکۆمێنتییە تا ئێستاش لە ئێران پیشان نەدراوە. کەیوان کەریمی پاش بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە و بڵاو کردنەوەی پێش پەردەی ئەم فیلمە لە یوتیوب، لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٢ دا دەستبەسەر کرا و پاش دوو حەوتوو بەندکرانی لە زیندانی تاکە کەسیی زیندانی ئێڤین، بە دانانی بارمتە ئازاد کرا.

کەیوان کەریمی دواتر لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٤، لقی ٢٨ی دادگای ئینقلاب بە سەرۆکایەتیی قازی مەقیسەیی، بە تۆمەتی «سووکایەتی کردن بە پیرۆزییەکان و پڕوپاگەندە بەدژی نیزام» حوکمی ٦ ساڵ زیندانی تەعزیری و ٢٢٣ زەربەی قامچی بەسەردا سەپێندرا.

حوکمی ٦ ساڵ زیندانی تەعزیری کەیوان کەریمی لە دادگای



پێداچوونەوەدا بۆ ساڵێک زیندانیی تەعزیری و ٥ ساڵ زیندانیی هەڵپەسێردراو گۆڕا، بەڵام سزای قامچییەکە هەر لە جێگای خۆیەتی.

جێی بیرهێنانەیەوەیە کە فستیڤاڵی فیلمی «کان» وێڕای زیاتر لە ٣٠ ناوەند و ڕێکخراوی سینەمایی دیکە لە سەرتاسەری جیهان لە بەیاننامەیەکدا ڕوو بە دەزگای قەزایی ئێران داوای ڕاگیران و هەڵوەشانەوەی جێبەجێ کرانی ئەم حوکمەیان کردوە.

فیلمە دیکۆمێنتییەکانی «سنووری شکاو» و «ماجراهای زن و شوهر کارگر» لە بەرهەمەکانی دیکەی ئەم هونەرمەندە کوردەن.

«سنووری شکاو» باس لە دەرد و مەینەتییەکانی کۆڵبەران لە سنوورەکانی کوردستان دەکا و تا ئێستا لە ٦٥ فستیڤاڵی نێودەوڵەتی‌دا پیشان دراوە و ٩ خەڵاتیشی وەدەست هێناوە.

# بڵاوبوونەوەی ئاڵبۆمی نوێی کەیهان کەڵهوڕ لە هەموو شوێنێکی جیهان، جگە لە ئێران



نوێترین بەرهەمی کەیهان کەڵهوڕ، هونەرمەندی ناوبەدەرەوەی کورد لە لایەن بڵاو کەرەوەیەکی نێودەوڵەتی لە سەرتاسەری جیهان‌دا جگە لە نێوخۆی ئێران بڵاو کرایەوە.

کەیهان کەڵهوڕ ڕایگەیاندووە کە بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بەردەوامی کۆنسێرتەکانی، چی دیکە ئامادە نییە لە ئێران کۆنسێرت بەڕێوە ببا.

ناوی ئەم ئاڵبۆمە نوێیەی کەیهان کەڵهوڕ «هاونیاز»ە و بڵاوکەرەوەی نێودەوڵەتیی «هارمونیا موندی» ئەم بەرهەمە هونەرییەی بڵاو کردۆتەوە.

لەو بەرهەمە نوێیەی کەڵهوڕدا، ژنە هونەرمەندێکی کوردیش وەک گۆرانیبێژی تەک بێژ هاوڕێیەتیی گرووپەکەی کردووە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ساڵانێکە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم کارەی قەدەغە کردووە و نە مۆڵەتێ بڵاو کرانەوە بە ئاڵبۆمی هونەرمەندە ژنەکان دەدا و نە هیچ بەرهەمێکیش کە ژنێک تێیدا تەک خوێن بووبێ، ئیزنی بڵاوبوونەوەی پێ دەدرێ.

کەیهان کەڵهوڕ کە یەکێک لە هونەرمەندە لێهاتووەکانی مووسیقای کوردی لە ئێرانە، پاش ساڵانێکی زۆر ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بەربەست و قەدەغە و قۆرغ و دەمەقاڵە و شەڕ و هەڵلا لەگەڵ بەرپرسانی مووسیقیی ئێران لە وەزارەتی فەرهەنگ و ئێرشادی ئیسلامی، بەشێکی گرینگی لە چالاکی‌یە هونەری‌یەکانی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات گواستۆتەوە.

لە مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ دادستانی نەیشابوور ڕێگری لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی کەیهان کەڵهوڕ لەم شارە کرد.

لە مانگی جۆزەردانیش کاربەدەستانی هێزی ئینتزامی ڕێگرییان لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی هاوبەشی کەیهان کەڵهوڕ و "بروکلین رایدر" کرد. تا لە ئەنجامدا پاش هەڵوەشاندنەوەی ٢ کۆنسێرتی کەیهان کەڵهوڕ دوا بەدوای یەک، ناوبراو ڕایگەیاند کە چی دیکە لە ئێران کۆنسێرت بەڕێوە نابا.

شایانی باسە کە سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی فەرهەنگ و ئێرشاد لە دەوڵەتی ڕوحانی‌دا تا ئێستا لە بابەت باشتر کردنی بارودۆخی بەڕێوەبردنی کۆنسێرتەکان و بڵاو کرانەوەی بەرهەمی هونەرمەندان و دەست ئاوەڵا کردنی ئەوان گەلێکی وادە و بەڵێنیی جۆراوجۆر پێ داون، بەڵام بە کردەوە هیچ کارێکیان بۆ نەکردوون.

# سەوزایی سروشتی ڕۆژهەڵات و ئاگرگرتنی دووبارە

چەند ساڵە بە هاتنی وەرزی گەرما سروشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ڕەوەک و شینایی کێوەکان بە شێوەیەکی گوماناویی ئاگری تێبەر دەبێ. لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردووش‌دا ژینگە و سەوزایی ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات؛ سەردەشت و مەهاباد هەتا دەگاتە پارێزگای ئیلام، ئاگری تێبەربوو. ئەمە لە کاتێک‌دایە کە هیچ ئۆرگانێکی دەوڵەتی خۆی بە بەرپرس نازانێ و ئەرکی فریاکەوتن و بەهاناچوونەوەی سروشت کەوتۆتە ئەستۆی ژینگەپارێزان و چالاکانی نێوخۆ. هەرلە ڕۆژانی ١٠و١١ی پووشپەڕ لە ناوچەی لەیلاخی پارێزگەی سنە، زیاتر لە سێ جار کێوەکانی «سورمەلی و شەیا› وبەرزاییەکانی گوندیی «بامناوا» ئاگریان تێبەردرا و بە تێکۆشانی چالاکانی ژینگەپارێزی ئەو ناوچەیە دامرکا. شاهیدحاڵان باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی



حکوومی بە خەمساردی و کەمتەرخەمی لە گەڵ ئەم ڕووداوە ژینگەییە هەڵسوکەوت دەکەن.

بەر لە ماڵاوایی

# کوردی ڕۆژهەڵات؛ «هۆمۆساکەر»ی سەردەم



عەلی لەیلاخ

پێشەکی

هۆمۆساکەر؛ لە سەردەمی ڕۆمانی‌یەکاندا بە کۆمەڵێک مرۆڤی بێ ماف و نرخ دەگوترا کە بۆیان هەبوو بژین، بەس کەس لە بەرانبەر سووکایەتی کردن بەوان بەرپرسیار نەبوو، تەنانەت ئەگەریش لێیان بکوژرا کەس لێ پرسینەوەی لێ‌نەدەکرا. یەکەم جار لە لایەن بیردۆزێکی کۆمەڵناسی ئیتالی «جیۆرجی ئاگامبین»١هوە وەکوو دەستەواژەیەک نوێ کرایەوە بۆ باسکردن لەسەر یەکسانی وتەبایی مرۆڤەکان.

به پێی ئەم دەستەواژەیە و بەسەرنجێکی خێرایی لەدۆخی کورد بەگشتی و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بن دەستی حکوومەتی ئۆلیگارشی کۆماری ئیسلامی کە شارۆمەندەکانی لە ژێر ناو و چینی جیاجیا دابەشکردوە بۆمان دەردەکـەوێ کە وەزعیەتی کوردستان و شێوەژیانی ئەو کۆمەڵگەیە ئێگجار هاوشێوەی کۆمەڵگەی «هۆمۆساکەر»ی سەردەمی کۆنە.
ئەگەر ئەم وتەیەی میشل فۆکۆ لە پێش چاو بگرین کە دەڵێ: ئینسان بە مانا مەعریفی‌یەکەی و بە پێوەری کەرامەت و ماف، بەرهەمی سەدەی هەژدەیەمە. واتە کاتێک مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کەسێتی ئینسانی پێ‌دەبخشرێ و «مافە سروشتی»یەکانی بەرجەستە دەکرێتەوە و بەرانبەر بە هەرچەشنە کۆیلایەتی سەردەمیانە و کۆلۆنالیزمی نوێ دەوەستێتەوە.
ئەگەر بەم دوو ڕوانینە هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبسەنگێنین کە بەهۆی دەسەڵاتی نادێموکراتیک کە شەرعیەتی خۆی لە ئاسمان وەردەگـرێ!! نەک بەسەر بنەما دێموکراتیکەکان و ماف وبەها ئینسانیەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بەتایبەتی خەڵکی کوردستان بەجۆرێک کۆیلەی دەسەڵاتی زاڵ و هەر ڕۆژ بەجۆرێک کەرامتیان دەشکێندرێ.
«ماف و کەرامەت» وەکوو دوو بەهای گرینگی مرۆیی کە بەشێوەی جیددی لە سەدەی نۆزدە کەوتە بەرباس و، ململانێی فیکریی و فەلسەفیی زۆریشی لێ‌کەوتەوە تەنانەت بە بزاڤ و شۆڕشەکان لە دنیا ئاراستەیەکی نوێی بەخشی، هێشتاکە لە کوردستانی بن سێبەری سیاسەت و سیستمی کۆماری ئیسلامی لە سەدەی بیستویەکەم بوونی نییەو بە توندترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. چونکە دەسەڵاتی توتالیتێر پەرەئەستاندنی هەرکام لەو چەمکانە واتە«کەرامەت و ماف» بە بوومەلەزەی رووخانی خۆی دەزانێ و هەر بۆیە چ لەباری سیاسی و چ لە بواری فەرهەنگی و ئابووری هەوڵ دەدا کە بیانهێنێتە ژێر ڕکێفی ویستی خۆی و بەتەواویی کۆنترۆڵی بکا.
دەنا لە کوێی دنیای ئەمڕۆ، جگە لە وڵاتانی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵدان بۆ گشتاندنی مافی مرۆڤ و نرخاندنی کەرامەتی ئینسانی تاوانێکە تا ئاست ئیعدام و زیندان! ئەمساڵ دەساڵ بەسەر دیلگرتنی «سەدیق کەبوودوەند» تێدەپەڕێ و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی دەسەڵاتی قەزایی ئەو وڵاتە باس کردن لە سەر پرسی مافی مرۆڤ بە تاوان دەزانێ و بەتوندی سزای تاوانباران دەدەا.
ڕۆژ نییە لە ماڵپەڕەکان و میدیاکان باس لە کوشتنی کۆڵبەرانی سەرسنوور نەکرێ تا ڕادەیەک کە ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە وەکوو بیستنی هەواڵێک ئاسایی بۆتەوە!
کۆڵبەر کە نمادی کوردی ماف پێشلکراو و کەرامەت‌ڕووخێنراوە کە بە هۆی ناتەبایی حقووقی شارۆمەندیی و گەشەنەکردنی ئابووریی کوردستان و بێکاری لە ڕادەبەدەر بە ناچاریی بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی ڕوو دەکاتە ئەو کارە پڕمەترسی‌یەوە لەلایەن هێزە ئەمنی‌یەکان و تەنانەت تاجر و بازرگانەکان  بە نارەواترین شێوە دەچەسێنەوە. دەتوانین بێژین کۆڵبەرانی ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان کۆیلەی دەستی ئابووریی سەقەتن کە ئەویش بەرهەمی شێوە سیاسەت و دەسەڵاتداریەتی حکوومەتی ناوەندە.
کپ کردنی دەنگی مافخوازنەی کورد و ڕاستەوخۆ تەقە کردن لە کۆڵبەران و تاڵان کردنی دەستمایە و سەرمایەی ئەو چینە چەوساوەیە، هەروەها کاولکردنی ماڵ و ژیانی خەڵکی بێ‌دەرەتان بە بیانووی بوونی چەند پێشمەرگە کە جیا لە ساڵانی ڕابردوو لەم ماوەیەدا لە شنۆ ڕووی دا، ئەوەمان پێدەڵێ کە لە ڕوانگەی سانترالیزمی سەرەرۆ، «کەرامەت و ماف» بوونی نییە و ئەگەریش هەبێ کە دەگاتە کوردستان بە هۆی نیگای ئەمنی و ئەتنی و ئایینی بە خێرایی کاڵ دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستێک کە هەر بوونی نامێنێ و  چالاکانی مافی مرۆڤ سزا دەرێن و کاسبکار وکۆڵبەر و خەڵکی سیڤیل بە ئاسانی خوێنیان دەرژێ. بێ ئاگایی  بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی ناوچە بێ‌بەشەکان وەکوو کوردستان و لۆرستان و ... لە مافی سروشتی و ئینسانی خۆیان لە لایەک ولە لایەکی‌تر  بەربەست دانانی سیستماتیک لەسەر ڕێی گەشە و پەرەئەستاندنی پرسی گرینگی مافی مرۆڤ لە ئێران، بۆتە هۆکارێک کە دۆخی مافی مرۆڤی ئەم وڵاتە لە نزمترین ئاستی خۆی بێ و هەر ساڵەش لە لایەن ڕێکخراە نێونەتەوەییەکانەوە مەحکووم دەکرێ. ڕێگە نەدان بە «ئەحمەد شەهید» ڕیپۆرتێری تایبەتیی دۆخی مافی مرۆڤی ئێران لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ سەردان لەو وڵاتە  نموونەیەکی بەرچاوە، کە کۆماری ئیسلامی نایهەوێ لە پێناوی جێبەجێ کردنی حقووقی شارۆمەندی و هەوڵدان بۆ یەکسانی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری لەو دەسەڵاتە ڕەهایە کە هەیەتی کەم ببێتەوە بەتایبەتی لە کوردستان کە کێشەی نەتەوایەتی هێشتا چارەسەر نەکراوە. هەربۆیە ئەرکی سەرشانی سەرجەم چالاکان، ئەحزاب و میدیاکانی کوردە کە بە نیسبەت پرسی مافی مرۆڤی کورد بێ دەنگ نەبن و لە هەموو بوارێکەوە هەوڵ بدەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لەگەڵ ئەم واقعییەتە ڕووبەڕوو ببێتەوە. هەرچەشنە کەمکاری کردن لەم بارەوە دەس‌ئاوالایی زیاتر بەخشینە بە حاکمییەت بۆ پێشلکاریی و شکاندنی کەرامەتی ئینسانی کورد. ئەگەر لەدوای کوژرانی یەکەم کۆڵبەر ... ئەم تاوانە لە ڕێگەی چالاکان و نووسەران و ئەحزابی سیاسیی و هتد. زیاتر گرینگی پێی بدرا، دەنگی ئیعترازی کۆمەڵانی خەڵک بەرز ببایە، ئەمڕۆ ئیتر کوشتنی کۆڵبەر نەدەبوو بە نەریت و، هێزە ئەمنی‌یەکانی دەسەڵات، گەمەیان بە گیان و حاڵی خەڵک نەدەکرد.
هەر بۆیە پێویستە زیاتر و بە جیددی‌تر پرسی مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانی لە کوردستان گرینگی پێبدرێ و بەشێوەی جۆربەجۆر ئەم مەسەلە ئینسانی و نەتەوەییە لەلایەن چالاکان و ئەنجومەنە مەدەنی‌یەکانی ناوخۆ زۆرتر وەگەڕ بخرێ. کە چیتر پەرەدان بە ماف و بەخشینی کەرامەت بە ئینسانی کورد تاوان نەبێ و ئەم گەلە چەوساوەش  لە «هۆمۆساکە«ری دەربچێ و ، ببێ بە کۆمەڵگایەکی خاوەن ماف وخاوەن کەرامەت.

ژێدەر؛ کتێبی مرۆڤ وکەرامەت/مەریوان وریا قانع ٢٠١٦
ناوەندی هەواڵی کوردستان وکورد.

١) جیورجی ئاگامبین؛نووسەروفیلەسۆفی ئیتالی(١٩٤٢ز)لەبەرهەمەکانی؛کۆمەڵگەی داهاتوو،هۆمۆساکەر،ئامرازە بێ ئامانجەکان.